هاوکاری

التضامن

ڕۆژنامه‌یه‌کی هه‌فتانه‌ی گشتی‌یه‌ له‌ « دار الجماهیر »ه‌وه‌ ده‌رئه‌چێت

ژماره‌ (٤١) — ١٣ تشرینی دووه‌می ١٩٧١ — ساڵی دووه‌م

نرخی ٢٠ فلسه — تلفون : ـ٦٩٧٢١

ده‌ هه‌زار دینار بۆ خێزانی شه‌هیدانی کوردستان

لیژنه‌ی باڵای کاروباری ژوورو له‌ کۆبونه‌وه‌ی به‌رواری ٨ـ١١ـ١٩٧١ بڕیاری‌دا :

١ ـ ده‌ هه‌زار دینار له‌ ١ ی کانونی یه‌که‌می ساڵی (١٩٧١) وه‌ بۆماوه‌ی ٣ مانگ بدرێت به‌خێزانی شه‌هیدان له‌ ناوچه‌ی ژوورو .

٢ ـ ئه‌وانه‌ی ماده‌ یه‌کی ئه‌م بریاره‌ ئه‌یانگرێته‌وه‌ له‌ڕێگای لیژنه‌ی ئاشتی‌یه‌وه‌ ئه‌م پاره‌یه‌یان ئه‌درێتی .

صدام حسین

سه‌رۆکی لیژنه‌ی باڵای کاروباری ژوورو

ده‌وڵه‌ت نیو ـ معاش ـ پێش چه‌ژن ئه‌دات

سه‌رۆك احمد حسن بکر داوای کردوه‌ که‌ نیو معاش پێش هاتنی جه‌ژنی ره‌مه‌زان بدرێت به‌ فه‌رمانبه‌رانی ده‌وڵه‌ت‌و مرچه‌خۆرو ته‌قاوێت‌و کرێکاران .

ئه‌و نیوه‌ معاشه‌ش که‌ ئه‌درێت له‌مانگی تشرینی دووه‌مدا لێیان ئه‌گیرێته‌وه‌ . به‌ وه‌زاره‌تی داراییش ڕاگه‌یه‌نراوه‌ که‌ به‌ زوویی داواکاری‌یه‌که‌ی سه‌رۆك به‌کر جێبه‌جێ ئه‌کرێ‌و نیوه‌که‌ی تری معاشی ئاسایی‌یانه‌ له‌گه‌ڵ (مخصصاتا) له‌ سه‌ری مانگدا ئه‌درێ .

ئا.د.ع

چه‌ند پرۆژه‌یه‌کی تری ئاوه‌دانی له‌ کوردستان

بیلانه‌کانی شا به‌ری شاڵاوی خه‌باتی گه‌لانی ئێران بۆ ناگیرێ

چالاکی دلێرانه‌ی شۆڕشگێڕانی هندی چین .

هانۆی ـ تاس :

ئاژانسی ده‌نگ‌و باسی ڕزگاری‌خوازی ڤێتنـــام ڕایگه‌یاندوه‌ که‌ له‌م دوو مانگه‌دا هێزه‌کانی چه‌کداری ڕزگاری‌ـ خوازی ڤێتنامی خـــوارو لـــه‌ ناوچـــه‌ی ـ چونگیـــوی ـ ناوه‌ڕاستدا زیاتر له‌ (٩٠٠) سه‌ربازو ئه‌فسه‌ری دوژمنیان کوشتوه‌و بریندار کـــردوه‌ . له‌لایه‌کی تریشه‌وه‌ ئاژانسی ده‌نگ‌و باسی نشتـــمانی که‌مبۆدیا بڵاوی کردۆته‌وه‌ که‌ له‌ ماوه‌ی ٢٧و ٣١ی تشرینـــی یه‌که‌می ڕابوردووه‌وه‌ هێـــزی ڕزگاری‌خوازی نشـــتمانی که‌مبودیا له‌ ناوچه‌ی ڕێگـــای ژماره‌ (٦) نزیـــکه‌ی (١٢٠٠) سه‌ربازی دوژمنیان کوشتوه‌و به‌ دیل گرتوه‌و (٤٠٠) پارچه‌ چه‌کیشیان ده‌سکه‌وت بوو وه‌ .

وه‌ ئاژانسی ده‌نگ‌و باسی خاوسان پاتێت لاو ـ وتوویه‌ :

نشتمان په‌روه‌رانی الاووس له‌ نیوان مانگی گه‌لاوێـــژو تشرینی یه‌که‌مدا نزیکـــه‌ی (٧) هه‌زار سه‌ربازی دوژمنیـــان بریندار کردووه‌و کوشتوه‌و (٢) هه‌زار پارچه‌ چه‌کیان گرتوه‌و (٤٩) فرۆکه‌ی هیلیکۆپتـــه‌ری دوژمنیان خستۆته‌ خواره‌وه‌و چه‌ندین پاروت خانه‌یـــان سوتاندوه‌ .

نۆڤۆستی

ڤیدڵ کاسترۆ چووه‌ بۆ شیلی‌و سه‌ر لـــه‌ جه‌زائیریش ئه‌دات .

هه‌فته‌ی ڕابوردو دوکتـــۆر ڤیدل کاسترۆ ـ پێشه‌وای گه‌لی کوبا به‌ سه‌ردانێـــکی ده‌ ڕۆژی چووه‌ بۆ شیلی . له‌ کـــاتی گه‌یشـــتنی به‌ سانتیاگۆی پایته‌خت به‌خۆپێشاندانێکی میللی گـــه‌وره‌ پێشـــوازی کراوه‌ . خۆپێشـــانده‌ران چـــه‌ند دروشمێکیان هه‌ڵگرتبو وه‌تیایا نارەزایی خـــۆیان ده‌ربڕیوه‌ به‌رامبه‌ر ئیمپریالیزمی ئه‌مریکاو به‌خێرهاتنی گـــه‌رمی کاسترۆ‌ـ شـــیان کردوه‌ ڕادیۆی هاڤانا وتویه‌ : کاسترۆ دوای شـــیلی سه‌ر لـــه‌ جه‌زائیرو یه‌کێتـــی سۆڤیه‌ت‌و بلگاریاو هه‌نگاریاش ئه‌دات .

کارگه‌ی جگه‌ره‌ی هه‌ولێر

ده‌زگای گشتی نه‌خشه‌کێشان‌و پرۆژه‌کانی پیشه‌ســازی ، خه‌ریکی ئیش و کاری جێبه‌جێ کردنی کارگـــه‌ی جگـــه‌ره‌ی هه‌ولێره‌ که‌ (٢٫٧٠٠٫٠٠٠) دیناری تێ ئه‌چێت ، دامه‌زراندن و هێنانی ئامێره‌کانی ئـــه‌م کارگـــه‌یه‌ دراوه‌تـــه‌ ده‌ست شه‌ریکه‌یه‌کی ئیتالی .

ئه‌م کارگه‌یه‌ ڕۆژی ١٠ ملیون جگه‌ره‌ دروست ئه‌کات ، کـــه‌ ٣٠٪ پێویسـتی وڵات پڕ ئه‌کاته‌وه‌و نزیکه‌ی ٢٥٠ کرێکار تێدا ئیش ئه‌کات . ئه‌مه‌ بێجگه‌ لـــه‌و جوتیارانه‌ی به‌رهـــه‌می توتن ئه‌فرۆشن به‌ کارگه‌که‌ .

بڵاویش کرایـــه‌وه‌ نوێترین ئامێری به‌رهه‌م هێنانی جگه‌ره‌ی فلتر بۆ ئه‌م کارگه‌یه‌ ئه‌هێنرێ‌و جگه‌ره‌که‌ی له‌ باشترین جۆری جگه‌ره‌ی فلتـــر ئه‌بێت . وه‌ بڕیاریش وایه‌ مانگی مایســی ساڵی ١٩٧٣ ئه‌م کارگـــه‌یه‌ بکه‌وێته‌ کار . جێبه‌جێ کردنی ئه‌م پرۆژه‌یه‌ش لـــه‌ هه‌ولێر به‌شێکه‌ لـــه‌ ئامانجـــه‌کانی به‌یاننامه‌ی ١١ی ئاذار کـــه‌ پێویستی ئاوه‌دان کردنـــه‌وه‌ی ناوچه‌که‌ و گه‌شه‌ پێدانی باری ئابوری دیاری کردوه‌ .

شۆڕشـــگێڕانی که‌مبۆدیا گـــه‌مارۆی فنۆم پنه‌یان داوه‌

ڕۆژی پێنـــج شه‌ممـــه‌ی ڕابوردوو شۆڕشگێـــڕانی که‌مبۆدیا گه‌مارۆی (فنوم پن)ی پایته‌ختیان داوه‌و به‌ یه‌کجاری هه‌مو په‌یوه‌ندی‌یه‌کیان له‌گه‌ڵ جیهانی ده‌ره‌وه‌دا بڕیـــوه‌ ئاژانسی ده‌نگ‌و باســی ئه‌سۆشیێتدپرێس که‌ ئـــه‌م هه‌واڵه‌ی ڕاگه‌یاندوه‌ ئه‌ڵێ :

شۆڕشگێڕان به‌ هاوان‌و شه‌ستاتیر هێرشیان بردۆته‌ سه‌ر فرۆکه‌خانه‌ی (فنـوم پن)ی ده‌وڵی‌و دوو هیلیکوپته‌ریان سوتاندوه‌و زیانێکی گه‌وره‌شیان لێداوه‌و ته‌ق‌و توقیش تاوه‌کو به‌یانی به‌رده‌وام بـــووه‌و به‌ڕاده‌یه‌کیش فنوم پنـــی پایته‌ختی هێناوه‌ته‌ له‌رزین .

ئاژانسه‌کان

قوتابخانه‌ له‌ گونده‌کانی کوردستاندا .

ڕۆژی سێ‌شه‌ممه‌ی ڕابوردوو کاك عسکر محمود جێگـــری وه‌زاره‌تی کاروباری ژوورو له‌ گه‌ڵ دوکتور سیروان عبدالقادر به‌ڕێوه‌به‌ری گشـــتی دائیره‌ی مه‌بانی و خزمه‌ت گوزاری لـــه‌ وه‌زاره‌تی نه‌خشه‌ ، له‌و پرۆژانه‌ کۆڵاونه‌ته‌وه‌ کـــه‌ وه‌زاره‌تی کاروباری ژوورو لـــه‌ چوار چێوه‌ی نه‌خشه‌ی نه‌ته‌وایه‌تیـــا جێبه‌جێیان ئه‌کات .

له‌ کۆبونه‌وه‌کـــه‌ دا زۆرتری گرنگی درا به‌ کردنـــه‌وه‌ی قوتابخانه‌ی سه‌ره‌تایی‌و ناوه‌ندی له‌ گونده‌کانی کوردستاندا . بێجگه‌ لـــه‌ پرۆژه‌کانی ئاوی خواردنه‌وه‌ .

ئا.د.ع

تاوانه‌کانی شـــای نۆکـــه‌ری ئیمپریالیزم ده‌رهـــه‌ق ئازادی خواهانی ئێران

ڕژێمی شای ئێرانی به‌کرێ گیراو ڕۆژبه‌ڕۆژ ده‌ستی‌سوورتر ئـــه‌بێ به‌خوێنی خه‌باتگێڕانی ئێران . هه‌فته‌ی ڕابوردو چه‌ند هه‌واڵێـــك ڕایانگه‌یاندوه‌ کـــه‌ شای نۆکه‌ری ئیمپریالیزم‌شه‌ش نشتمان په‌روری تیرباران کردوه‌ دوای ئه‌وه‌ی دادگایه‌کی سوپایی حوکمی لـــه‌ سێداره‌دانی دابون به‌ســـه‌ردا به‌ تۆمه‌تی ئه‌وه‌ی ڕێکخراوێکی چه‌کدارانه‌یان پێك هێناوه‌و هێرشیان بردۆته‌ سه‌ر هێزه‌کانی ژاندارمری‌و سازمانی ئه‌منیه‌ت .

شه‌ش نشتمان‌په‌روه‌ره‌کانیش ئه‌مانه‌ن : بهرامی طاهـــری ، ناصری کریمی ، ناصری مادامی، محمد حسنی ، همایونی کاتیرای هوشنگ یورلول .

ئاژانسی ده‌نگ‌و باســـی فه‌ره‌نسه‌ که‌ ئه‌م هه‌واڵـــه‌ی ڕاگه‌یاندوه‌ وتویه‌ : ڕۆژنامـــه‌ی (ژۆرنال دی تێهران) که‌ بـــه‌ فه‌ره‌نسی له‌ تاران ده‌رئه‌چێ ئه‌م هه‌واڵه‌ی بڵاوکردۆته‌وه‌ بـــه‌ڵام باسی چۆنێتی ئه‌م محـــاکه‌مه‌ کردنه‌و جێبه‌جێ کـــردنی نه‌کردوه‌ .

له‌لایه‌کی تریشـــه‌وه‌ ڕۆژی پێنج‌شه‌ممه‌ی ڕابوردوو لیژنه‌ی ته‌نفیزی ڕێکخـــراوی لێبوردنی گشتی ده‌وڵه‌تان لـــه‌ له‌نده‌ن به‌یاننامه‌یه‌کی بڵاو کردۆتـــه‌وه‌و تێیدا وتویه‌ :

ڕژێمی شا له‌ هه‌موو به‌ندیـه‌ـ کانی پاشـــگه‌ز بۆته‌وه‌و بـــه‌ دڕنده‌ترین شێوه‌ ئازاری گیراوه‌ سیاسی‌یه‌کان ئه‌دات ، وه‌ پێش ئاهه‌نگه‌ شـــانۆ سازی‌یه‌کـــه‌ی بیره‌وه‌ری دامه‌زرانی حوکمـــی شاهه‌نشاهی نزیکـــه‌ی چوار هـــه‌زار هاونشتمانی لـــه‌ به‌ندیخانه‌کان قایم کراون‌و دوای ئاهه‌نگه‌که‌ش چه‌ند دادگایـــه‌کی ســـوپایی پێـــك هێنراوه‌ بۆ محاکه‌مه‌ کردنیان .

ڕۆژنامه‌ی (الشعب) که‌ له‌ بێروت ده‌رئه‌چێ نووسیبوی : ده‌سه‌ڵات‌دارێتی شا به‌رده‌وامه‌ له‌ سێداره‌دان‌و کوشتن‌و بڕینی نشـــتمان په‌روه‌رانی ئێران تـــا ئیستا چـــه‌ندین ڕه‌وشـــنبیرو دانشجوو قوتابی‌و پێشـــکه‌وتن خواز تیرباران کراون . ڕۆژنامه‌ که‌ دوای ئه‌وه‌ی داوای کردوه‌ که‌ توندتر به‌رهـــه‌ڵستی ڕژێمی دیکتاتوری شا بکرێت وتویه‌ . شاو نۆکـــه‌رو پاشخوان‌خۆرو ده‌سته‌و دایره‌کانی هه‌رچه‌نـــده‌ دڕنده‌تر بن‌و به‌ شێوه‌ی دوور له‌ مرۆڤایه‌تی‌یـــه‌وه‌ قه‌ڵاچووی ئازادیخواهانی ئێران بکه‌ن ئه‌وا ناتوانن به‌ری شاڵاوی شۆڕش‌ـ گێڕانه‌ی گه‌لی ئێران بگرن .

ـ ئاژانسه‌کان ـ

پرۆژه‌ی پیشه‌سازی له‌ کوردستان دا

لیژنه‌ی په‌ره‌پێدانی پیشه‌سازی شاره‌کان ، که‌ سه‌ر به‌ وه‌زاره‌تی پیشه‌سازی‌یه‌ له‌ (٢٢)ی ئـــه‌م مانگه‌ دا گه‌شتێك به‌ شاره‌کانی کوردســـتانا ئه‌کـــات ، بۆ لێکۆڵینه‌وه‌ی توانای دامه‌زراندنی چه‌ند پرۆژه‌یه‌کی پیشه‌سازی که‌ ئه‌توانرێ له‌ ماوه‌ی نه‌خشه‌ی گه‌شه‌پێدانی نه‌ته‌وایه‌تیا کـــه‌ سێ ســـاڵی ماوه‌ جێبه‌جێ بکه‌ین .

لیژنه‌که‌ ئێسته‌ لـــه‌ (٣٤) پرۆژه‌ی پیشه‌سازی ئه‌کۆڵێته‌وه‌ که‌ بڕیاره‌ له‌ (١٤) ناوچـــه‌دا دروست بکرێن .

هه‌روه‌ها په‌یوه‌ندی له‌گـــه‌ڵ چه‌ند شه‌ریکه‌یه‌کی عیراقیـــدا کراوه‌ بۆ زانینی ئـــه‌و ماده‌خاوانه‌ی له‌ ناوچه‌کانی وڵاتـــا هه‌ن وه‌ یارمه‌تی دامـــه‌زراندنی ئه‌و پرۆژه‌ پیشه‌سازیانه‌ ئه‌ده‌ن که‌ نیازه‌ بکرێنه‌وه‌ .

ئا.د.ع

سیهانۆك به‌چاره‌سه‌ری ئاشتییانه‌ ڕازی نابێ‌و شـــوئان لای پێش پیشتگیری ئه‌کات

« نۆردۆم ســـیهانۆك »ی سه‌رۆکی به‌ره‌ی نیشـــتمانی که‌مبۆدیا وتویه‌ : به‌ هیـــچ چاره‌سه‌رێکی ئاشتی‌یانه‌ی گیروگرفتی که‌مبۆدیا ڕازی نابین ، ئه‌مه‌ش له‌و وتاره‌ دا بوو کـــه‌ سیهانۆك له‌ ئاهه‌نگی بیره‌وه‌ری هه‌ژده‌ ســـاڵه‌ی سه‌ربه‌خۆیی که‌مبۆدیا دا ، دابووی .

ســیهانۆك هێرشی بردۆتـــه‌ ســـه‌ر وڵاته‌ یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مریکا و وتویه‌تی : بـــه‌ زۆر ئه‌یه‌وێ ده‌ست بخاته‌ کاروباری ناوخۆی که‌مبۆدیاوه‌ ، ئه‌وه‌شی وتوه‌ : ئـــه‌و چاره‌سه‌ری‌یه‌ ئاشتی‌یانه‌ی ئه‌مریکا به‌رچـــاوی ئه‌خات ته‌نیا درۆ و ســـاخته‌ کاریه‌ .

له‌ لایه‌کی تره‌وه‌ ـ شـــوئان لای ـ سه‌رۆك وه‌زیرانی کۆماری چینی میللی ســـه‌ر له‌ نوێ پشتگیری وڵاته‌که‌ی ســـه‌لماندوه‌ بۆ خه‌باتی گه‌لی که‌مبۆدیا دژی داگیر که‌رو به‌کرێ گیراوه‌کان . ئه‌م پشتگریه‌ی ـ شوئان لای ـ له‌و ئاهه‌نگه‌دا بوه‌ که‌ پێرێ له‌ په‌کین به‌ بۆنـــه‌ی یادی سه‌ر‌ـ به‌خویی که‌مبۆدیاوه‌ کرابوو .

ـ شوئان لای ـ ووتویه‌ : ئێمـــه‌ دڵنیاین لـــه‌وه‌ی باری ئێستای جیهان لـــه‌ گێژاوێکی توند و تیژ دایـــه‌ بـــه‌ڵام باری ئه‌م ڕۆژگاره‌ به‌ لای ســـوودی گه‌لانا دای ئه‌شکێنێ نـــه‌ك بۆ ســـوودی ئیمپریالزم‌و کۆنه‌‌ـ په‌رستان .

ئه‌مریکا به‌رده‌وامه‌ له‌ ده‌ست درێژی کردنا بۆ ســـه‌ر ڤێتنـــامی دیموکراتی .

مانگ لـــه‌ دوای مانگ تاوانه‌کانی ده‌ست درێژی که‌ره‌ ئه‌مریکایی‌یه‌کان دژی کۆماری ڤێتنـــامی دیموکراتی فراوانتر ئه‌بێت .

ڕۆژنامه‌ی (کوان دۆی نیان زان)ی ڤێتنامی وتارێکی لـــه‌م باره‌یه‌وه‌ بڵاو کردۆته‌وه‌ تێـــدا ئه‌ڵێ: له‌ماوه‌ی مانگی ڕابوردووا فرۆکه‌کانی ئه‌مریکا (٧٣) جار ناوچه‌کـــانی (کوانگبین) ز (هاتین) و (فینلـــین)یان بۆردوومان کردوه‌و زیاتر لـــه‌ (٧٠٠) بۆمبایان پیا داکێشاوه‌ .

هه‌ر له‌ ٣٠ مانگی ڕابوردووا فرۆکه‌کانی ئه‌مریکـا ـ جۆری ب ٥٢ ـ زیاتر لـــه‌ جارێ بۆردوومانی ناوچه‌ی ـ لایتیاو ـ یان کردوه‌ . ئه‌مه‌ بێجگه‌ له‌وه‌ی فرۆکه‌کانی جاسوسی ئه‌مریکـــا (٨١٠) جار هاتونه‌ته‌ ئاسمانی ڤێتنامی دیموکراتی‌یه‌وه‌ .

ئاژانسه‌کان

هونیکر گـــه‌یشتۆته‌ چیکۆسلۆڤاکیا

ڕۆژی پێنج شه‌ممـــه‌ی ڕابوردوو وه‌فدێکی حـــزب‌و حکومه‌تی کۆماری ئه‌ڵمانیـــای دیموکراتی به‌ سه‌رۆکایـــه‌تی ئێریك هونیکر ســـکرتێری یه‌که‌می کۆمیته‌ی ناوه‌نـــدی حزبی سوشیالستی یه‌کگرتوی ئه‌ڵمانیـــا گه‌یشـــتوته‌ چیکوسلوڤاکیا .

ئاژانسی ده‌نگ‌و باســـی چیکۆسلوڤاکیا وتویه‌ ،وه‌فده‌که‌ له‌لایه‌ن دکتۆر گۆســـتاف هۆزاکی سکرتێری گشـــتی حزبی کۆمۆنیست‌و نوینه‌رانی حزب‌و لێپرسراوانی میری‌یه‌وه‌ پێشوازی کراون . بـــه‌ڵام ئاژانسه‌که‌ باســـی مـــاوه‌ی سه‌ردانه‌که‌و ئه‌و مه‌سه‌لانـــه‌ی هه‌ردوو لا باسی ئه‌کـــه‌ن نه‌کردوه‌ .

که‌نه‌دا دان به‌ ئه‌ڵمانیای دیموکراتی‌دا ئه‌نێ

پێرێ پێیر ترۆدۆ ســـه‌رۆك وه‌زیرانی که‌نه‌دا ڕایگه‌یاندوه‌ که‌ حکومه‌ته‌که‌ی لایه‌نگـــیری وه‌رگرتنی هـــه‌ردوو ده‌وڵه‌تی ئه‌ڵمانیا ئه‌کات به‌ ئه‌ندام لـــه‌ نه‌ته‌وه‌ یه‌کگرتوه‌کانـــدا . وه‌ نیازیشی هه‌یه‌ که‌ دان بـــه‌ حکومه‌تی کوماری ئه‌ڵمانیـــای دیموکراتی‌دا بنێ .

ترۆدۆ وتویه‌ : که‌نـــه‌دا ئه‌یه‌وێ هه‌ردوو ده‌وڵه‌تـــی ئه‌ڵمانیای دیموکراتی‌و ئه‌ڵمانیای فیدرال ڕیك بکه‌ون‌و چاره‌سه‌ری گیرو گرفته‌کانی نیوانیـــان بکه‌ن‌و ئیمه‌ش هه‌وڵ ئه‌ده‌یـــن که‌ په‌یوه‌ندی دبلۆماسی له‌گه‌ڵ کۆماری ئه‌ڵمانیای دیموکراتی‌دا دابمه‌زرێنین .

ئاژانسه‌کان

عیراق به‌شداری لـــه‌ به‌خێرهاتنی نوینه‌ری چینی ئه‌کات بۆ نه‌ته‌وه‌یه‌کگرتووه‌کـــان

په‌یامنێری ئاژانسی ده‌نگوباسی عیراقی له‌ نیویۆرکدا وتوویه‌ که‌ نوێنه‌ره‌کانی ئه‌و وڵاتانه‌ی که‌ له‌ نه‌ته‌وه‌یه‌کگرتووه‌کان‌دا ئه‌ندامن له‌ ڕۆژی هه‌ینی‌دا به‌خێرهاتـــن نامه‌یان بۆ نه‌ته‌وه‌یه‌کگرتووه‌کان ناردووه‌ به‌بۆنه‌ی گه‌یشـــتنی نوێنه‌ری چینـــی میللی‌یه‌وه‌ به‌نه‌ته‌وه‌ یه‌کگرتووه‌کان .

نوێنه‌ری عیراقیش لـــه‌وێ چاوی به‌ پێشه‌نگی نوێنـــه‌ری چین که‌وتووه‌ له‌کاتی گه‌یشتن‌دا به‌نیویۆرك ڕۆژی دوو شه‌ممه‌ی ڕابوردوو .

ئه‌وه‌ش ئاشکرایه‌ که‌ عیراق ده‌ورێکی گه‌وره‌ی بینی لـــه‌ ئاماده‌ کردنی پرۆژه‌کـــه‌ی ئه‌لبانیادا که‌ به‌هۆیه‌وه‌ چین له‌ ٢٥ی تشرینی یه‌که‌می‌ڕابوردوودا چووه‌ نه‌ته‌وه‌ یه‌کگرتووه‌کانه‌وه‌ .

له‌ لایه‌کی تریشـــه‌وه‌ بڕیار دراوه‌ که‌ ده‌سی بکرێت به‌گه‌ڕان به‌ دوای یه‌کێك‌دا کـــه‌ جێی یۆسانت سکرتێری گشـــتی‌ی نه‌ته‌وه‌ یه‌کگرتووه‌کان بگرێته‌وه‌ ئه‌مه‌ش‌ هه‌ر به‌گه‌یشتنی نوێنه‌ری چین بۆ ئه‌وێ ده‌س پێ ئه‌کات .

ژماره‌یه‌کی زۆریش لـــه‌ پاڵێوراوه‌کان بۆ ئه‌م کاره‌ کـــه‌ له‌ هه‌موو لایه‌کی جیهـــانه‌وه‌ن چاوه‌ نواڕی‌ی گه‌یشتنی وه‌فـــدی چینیان ـ ئه‌کرد بۆئه‌وه‌ی ده‌سی یکه‌ن به‌ گفتوگۆ له‌گه‌ڵ وڵاتـــه‌ گه‌وره‌کان‌دا .

له‌ پێناوی ئه‌مه‌ش‌دا لایه‌نگرانی هه‌ر پاڵێوراوێك له‌لای نوێنه‌ری چین‌دا هه‌وڵی ئه‌وه‌ ئـــه‌ده‌ن

نوێنه‌ی چین لایه‌نیـــان بگرێت‌و پاڵێوراوه‌که‌یان ســـه‌ر بکه‌وێ لـــه‌ مانه‌ش چـــه‌ند ده‌وڵه‌تێکی ئه‌فریقی‌یه‌کـــه‌ داوا له‌ چین ئه‌که‌ن به‌هه‌موو توانا‌ـ یه‌کی‌یه‌وه‌ لایه‌نیان بگرێت بـــۆ ئه‌وه‌ی یه‌کێکی ئه‌مانیش به‌شدار بێت له‌و جێگه‌یه‌دا که‌ یۆسانت له‌ ـ ٣١ ـ ئه‌م مانگه‌دا چۆلی ئه‌کات .

خۆ پیشاندانێـــکی گه‌وره‌ی جووتیاران له‌رۆما

پێرێ خۆپیشاندانێکی گه‌وره‌ له‌ شاری ڕۆما بـــه‌رپا کرا ٦٠ هه‌زار جوتیار تێدا به‌شدار بون

ئه‌م جوتیارانه‌ ، له‌ ناوچه‌کانی خوارووی ئیتالیاوه‌ هاتبوون ، بۆ نارەزایی ده‌ربڕین به‌رامبه‌ر ئه‌و باره‌ هه‌ژارییـــه‌ی توشی جوتیاره‌کانی ئه‌و ناوچانه‌ بووه‌ له‌بـــه‌ر ئه‌وه‌ داوایان کردوه‌ چاره‌سه‌رێکی بنه‌ڕه‌تی بۆ گیرو گرفته‌کانیان بدۆزرێته‌وه‌ و ئه‌و ده‌سه‌ڵاته‌ ناره‌واییه‌ی ده‌ره‌به‌گه‌‌ـ کان له‌ سه‌ده‌کـــانی کۆنه‌وه‌ فه‌رزیان کردوه‌ به‌ ســـه‌ر جوتیاره‌کانا هه‌ڵوه‌شینرێته‌وه‌ .

ته‌قینه‌وه‌یه‌کی تر له‌ ته‌ل‌ئه‌بیب‌دا

پێرێ له‌گه‌ڕه‌کێکی ته‌ل‌ئه‌بیب‌دا ته‌قینه‌وه‌یه‌کی گه‌وره‌ ڕووی‌دا له‌ پاسێك‌دا‌و بووه‌ هـــۆی بریندار بوونی چه‌ند که‌سێك‌و تێکشکاندنی پاسه‌که‌ .

وه‌ له‌دیمه‌شق‌دا قسه‌ که‌رێکی سه‌ربازی به‌ره‌ی گریی فه‌له‌ســـتینه‌وه‌ دانی به‌وه‌دانا که‌ فیداکاره‌ عه‌ره‌به‌‌ـ کان ئـــه‌م کاره‌یان کردوه‌ ، ئه‌مه‌ش وه‌کو ڕه‌قه‌به‌رایه‌تی‌یه‌ك به‌رامبه‌ر به‌و گرتنانه‌ کـــه‌ سه‌هیۆنیزمه‌کان ده‌ستیان پێ کـــردووه‌ دژی عه‌ره‌به‌کان‌و ڕێکخراوه‌کانی جوولانه‌وه‌ی به‌رگری ـــه‌ فه‌له‌ستینی داگیر کراودا .

په‌یوه‌ندی نیوان بۆن‌و ته‌ل ئه‌بیب

پێرێ ڕوژنامه‌ی (جیروسالیم‌پۆست)ی سه‌هیونی نوسیبوی که‌ ڤیلی برانت ڕاوێژکـــاری ئه‌ڵمانیای فیدرال نامه‌یه‌کی بۆ گۆلدا مائیری سه‌رۆك وه‌زیرانی ئیسرائیل ناردوه‌ . ڕۆژنامه‌که‌ وتویه‌ : نوسه‌ری ئه‌ڵمانیـایی (گونش گراس) که‌ ئێســـتا به‌سه‌ردان له‌خاکی داگیرکراوه‌ئه‌و نامه‌یه‌ی گه‌یاندوه‌ .

برانت له‌نامه‌که‌یدا وتویه‌ : ئێمه‌ هه‌وڵ ئه‌ده‌ین که‌ په‌یوه‌ندی بۆن‌و ته‌ل ئه‌بیب پته‌وتر ببێت گولدا مائیریش به‌ (گراسی) وتوه‌ ئیمه‌ دڵنیاین له‌ دلسۆزی‌و نیاز باشی ئه‌ڵمانیای فیدرال .

ئا.ر.ف

Institut kurde de Paris



خوان تۆریز داستانی ١٨٦ هەمین كودەتا ئەگێڕێتەوە

لە ٧ی تشرینی یەكەمی ١٩٧٠دا كرێكاران وقوتابیان شۆرشێكیان بە سەركردایەتی ژەنەراڵ خوان توریز كردو ئەو عەسكەری و راست رەوانەی تەنیا پێش سێ رۆژ هاتبوونە سەر حوكم لابران گەلی پۆلیڤی بە سەركەوتنی ئەم شۆرشە چاوەنواری هەموو شتێك بوون لە توریزەوە كە بەرەگەز هیندی‌یە ، وە ناسراوە بە سەركردایەتی كردنی ئەو هێرشەی برایە سەر كۆمپانیا ئەمریكاییەكانی نەوت (كۆلف ئۆیل) لە پۆلیڤیا .

وە هەر بەهاتنی بۆ سەر حوكم (كۆمەڵی گەلی) دروستكرد كە لە ٦٠٪ی لە نەقابی و كرێكاران پێك‌هات وە پەیوەندی لە گەڵ كۆبا زۆر فراوان كرد .. هتد . بەڵام ژەنەراڵ توریز لە ترسی بەگژیەكا چوون لە گەڵ سوپادا نەی‌كرد ئەو عەناسرە چالاكانەی كە لە دەستیان ئەهات كودەتایەك دژی

بەرپاكەن دوور بخاتەوە ، وە هەر لەبەر ئەم ترس و سڵەمینەوەیە لە سوپا نەی‌كرد یاساوڵی نیشتمانی پڕ چەك بكات لە كاتێكیشدا كە نەمانگی ئایاری رابوردودا ئەچوو بە گژ ئەمریكادا و تیپەكانی ئاشتی ئەمریكایی دەركرد و ئەی ویست مەنجەمەكانیش تۆزێ بخاتە ژێر دەسەڵاتی كرێكارانەوە بەم ترسان وسڵەمینەوەیەی لە راست ڕەوو رێك نەخستنی هێزە چەپ ڕەوەكانیش ئیتر ژەنەراڵ توریز كەوتە داوەوە .

وە لە ١٩ی ئابی رابوردوودا سەر پێچی یەك لە سوپادا دەستی پێكرد و پاش ئەوە بەدوو رۆژ ژەنەراڵ توریز دوور خرایەوە ، بەسەركەوتنی ئەم سەرپێچیە ژمارەی كودەتا لە پۆلیڤیادا لە ١٤٦ ساڵدا دوای سەر بەخۆیی بوو بە ١٨٦ !

لێرەدا توریز باسی كەوتنەكەی ئەكات لە كاتی سەرپێچی هێزەكانیدا : هەموو (رۆژەكانی بوونم لە حوكمدا كە لە (٣١٧) رۆژ زیاتری نەخایاند ئەم زانی كە ئەم كودەتایە رووئەدا ، وە بۆ یەكەم جار هەستم بە هێزی ئەم كودەتا فاشیەكرد لە رۆژنامە ئەمریكاییەكانەوە كە رۆژێك نووسیبویان كەوا لە پۆلیڤیا چەتە خەریكی پەیدا بوونە ، وە دوای ئەوە پێم زانی كە كودەتاكە لە دووی ئەیلوولدا ئەبێ ، ئیتر فەرمانم دا بە هێزەكانی ئاسایش كە سەركردەكانی پیلانە كە بگرن كە ئەمانە بوون : جاران كۆلۆنێل (هۆگو بنزەر) وە (كارلۆس دۆرادۆ) نوێنەری

بانگەوازێكیان بڵاو كردۆتەوە كە تیایا داوای سەرپێچی كردن ئەكەن لە سانتاگرۆز ـ پایتەختی رۆژ هەڵاتی ی وڵات ـ كە بە دەوڵەمەندترین هەرێمەكان دائەنرێ كە لە ٨٠٪ نەوت و كێڵگەكانی لۆكە وبرنج و شەكری تیایە ، جگە لەوەش ئەوانەی بە تەنگ پیشەسازیەوە دێن لە سانتا گرۆز مۆڵگایەكی كۆنەپەرستانە یان پێك هێناوە لە پۆلیڤیادا . وە هەر لە پاش نیوە رۆی ئەو رۆژەدا چەند كۆمەڵێك دەستیان كرد بە پشێوی نانەوەو عەسكەریەكانیش باوەشیان بۆ كردنەوە، وە لەبەرە بەیانی ئەو شەوەدا بەتەواوی دەستیان گرت بەسەر

كۆمپانیای (كولف ئۆیل) لە پۆلیڤیا وە هەندێكی تر كە پەیوەندیان بە دەزەوە هەبوو . بەڵام ئەمانیش بزوتنەوەكەیان پێش خست لە ترسی ئەوەی نەوەك سەرنەگرێ ، وە لە ١٩ی ئابدا بیستم كە ئەوانەی خەریكی رێكخستنی كودەتاكەن

هەمومان بانگەوازێكمان بۆ گەل دەركرد بەم جۆرە: « ئەی گەل لە بەر دەمی كۆشكدا كۆبەرەوە ! » وە هەر چەند سەعاتێكی كەمی برد كە نزیكەی (١٠٠٠٠٠) كەس

شارەكەدا ، وە بۆ سبەینێ ئەنجومەنی وەزیران كۆ بوەوە و لەوێ دەریان خست كە بنكەی ئاسمانی سانتاگرۆز سەرپێچی كردوە وە دوای كۆبونەوەكە نوێنەرانی هەموو رێكخراوەكانی گەل و كرێكاران وقوتابیانم بانگ كردو بە

كۆبووەوە ، وە دۆخەكە لە پایتەختا لە هێمنی ئەچوو ، لە كاتێكیشدا هێزەكانی سوپا وە بە تایبەتی هێزە ئاسمانیەكان وەلایان تازە ئەكردەوە ، وە ئێوارە ژەنەڕاڵ (ریك) لە ئەنجومەنی وەزیراندا دەری خست كە حامیەی (كۆشاباما)

بێ لایەنی پیشانداوە وە دوا بە دوای ئەویش حامیەی (ئورۆرۆ) وە هەروەها سوپا سالاریش پەیمانی‌دا كە بجەنگێ وە هەندێ هێزیش لە (لاباز) نزیك خستەوە بە پشتیوانی هێزە ئاسمانیەكان وە عەسكەریەكانیش داوای یارمەتی خەڵكی یان ئەكرد .

وە من لەگەڵ نوێنەری رێكخراوەكانی گەلدا (لیشن) ئەم ووتووێژەمان بوو :

ـ لیشن : وەزع چۆنە ؟
ـ توریز : زۆر خراپە ..
ـ لیشن : دە چەكمان بەرێ .. كرێكاران ئامادەن شۆرش بپارێزن . لێرەدا سەرۆكی زانستگای لاباز

بروانە : ل ٧

«ثبات وئەمنیت»ی ئێران یا میلیتاریزەكردنی كوردستان

قادری

خۆی بۆ سەرەونخوون كردنی رێژیمی دیكتاتۆری و دابین كردنی مافە نەتەوایەتییەكانی درێژە پێداوە ، بە چەشنێك كە مەترسی‌یەكی گەورەی بۆ كاربەدەستكانی ئەمرۆی ئێران پێك هێناوە .

شا ، لە توندوتیژی خەباتی گەلی كورد و كۆڵ نەدان و لە خۆبووردوویی رۆڵە شۆڕشگێرەكانی بەتەواوی نەترەی چووە ، بۆیە دەیەوێ بە هەر جورێك پێی بكرێ جوولانەوەی رزگاری‌خوازی گەلی كورد سەركوت بكا و بەو هۆیەوە چەند رۆژ و مانگێك لە تەمەنی پڕ شەرم و شووورەیی پاشایەتی خۆی زیاد بكا . لەم چەند مانگەی دواییدا بەسەدان پایەگای نیزامی لە ناوچەكانی شۆڕشگێری كوردستاندا دامەزراندووە و بەدەیان دەبابەی ئەمریكایی تێ‌خزاندووە . ئێستا لەكوردستانی ئێران رێ‌وشوێنی حكوومەتی نیزامی بەرقەرارە مەئموورەكانی سوپا و پولیس و ژاندارمری و سازمانی «ئەمنیەت» پچڕوكترین هەستان و دانیشتنی خەڵك چاوەدێری دەكەن خەڵك ناتوانی بەئازادی هاتوچۆی دوست و برادەرو كەس‌وكاری خۆی بكا هەموو چەشنە هاتوچۆ و تەنانەت سەفەری شاروبازاریش دەبێ

بۆ هەموو كەس دەركەوتووە كە رێژیمی پاشایەتی لە ئێران بەتەواوی لە گەلانی ئێران جیابۆتەوە و شا بەزۆری سەرەنێزە و زەبروزەنگی قوڵە چۆماغ و داردەستەكانی ، خۆی لەسەر تەخت راگرتووە. ئەوەی ئاشكرایە حەمەڕەزاشا لەهەموو گەلانی ئێران دڕدۆنگە و زۆرباش هەستی بەتەنیامانەوەی خۆی و دوورەپەرێزی رێژیمەكەی كردووە ، بەڵام سەبارەت بە گەلی كورد هەروەك ئیلهامی بۆ هاتبێ كە بناخەی تاج و تەختەكەی لە كوردستانەوە لەق‌ولۆق دەكرێ ، سیاسەتێكی تایبەتی گرتۆتە پێش . گەلی كورد لە كوردستانی ئێراندا نەك تەنیا لە هەموو مافێكی رەوای نەتەوایەتی خۆی بێ‌بەش كراوە ، بەڵكوو تەنانەت سەرەتایی ترین مافەكانی ئینسانی سەدەی بیستەمیشی پێ رەوانابینرێ . ئێستاش گەلی كورد لە ئێران لە زۆر بارەوە لەهەل‌ومەرجی سەدەكانی ناوەڕاستدا دەژی . بەڵام گەلی بەشەرەفی كورد كە بەدرێژایی مێژوو سەری بۆ هیچ زۆردارێك شۆڕ نەكردووەو هیچ كات و ساتێك لە خەبات بۆ ئەستاندنەوەی بەشی خوراو و وەرگرتنەوەی مافی پێ‌شێل كراوی كوڵی نەداوە ، لەبەرامبەر سیاسەتی دژی ئینسانی حەمەڕەزاشادا تەسلیم نەبووە و خەباتی شێلگیر و عادلانەی

بروانە : ل ٧

ئۆتۆنۆمی یەكێتی سۆڤیەت چی ئەگەیەنێ

یەكێتی سۆڤێت یەكەم دەوڵەت بوو لە مێژوودا كە گەورەترین گیروگرفتی چارەسەر كرد بەوەی كە گەلانی وڵاتی لە دواكەوتن رزگار كردو گەیاندنیە پلەبەرزەكانی پێشكەوتن لەماوەیەكی كەمدا ، وە لە ساڵانی دەسەڵاتی سۆڤێتدا یەكێتی‌یەكی پتەو و یەكسانی لە مافدا لە نێوان میللەتاندا بەدی هێنا .

پێش شۆرشی ئۆكتۆبەری سۆشیالیست زیاتر لە سەد گەل كە بە زمانی جیاواز ئەدوان و ئاستی گەشەكردنیان لە چاو یەكترا جیاواز بوو ، وە لە سەرانسەری ئاسیای ناوەڕاست و سیبریا دا هێشتا رژێمی دەرەبەگایەتی مابوو .

وە لە هەندێ شوێنی تردا هەتا دەسەڵاتی بەتریاركی ـ خێڵەكی مابوو ، وە نەزانی و بێ مافی باڵی بە سەر ئەم شوێنانە دا كێشا بوو ، وە گەلە بچوكەكانی تووشی رەشترین چارەنووسی هاتبوون وە هەتا ژمارەیەكی زۆر لەم گەلانە هەر نەمان .

بەڵام پارتی كۆمۆنیست بە سەركردایەتی ڤلادیمیر لینین رێی راستی رێكخستنی باری ناو خۆی دەوڵەتی دۆزیەوە ،وە لە رۆژی ٧ی تشرینی دووەمدا ، دوای سەركەوتنی شۆرشی ئۆكتۆبەری سوشیالیست ڤلادیمیر لینین بەیاننامەی مافی گەلانی روسیای مۆر كرد ، بەمە یەكسانی تەواوی گەلان و نەتەوەكانی روسیا لە مافەكانیاندا دانی پیانرا ، وە مافی گەشە كردنی سەربەستی هەموو گەلانی روسیای مسۆگەر كرد بە گوێرەی ویستی خۆیان ، وە یارمەتی ئابووری پێشكەشی كردن و پزیشك و مامۆستا و تەكنیكی بەرەو ئەو وڵاتانە ئەرۆیشتن وە لە هەمان كاتێشدا گیروگرفتەكانی بینا كردنی نیشتمانی ـ حكومیش چارەسەر كران وە ئەو كۆمارە سۆڤێتیە سەر بە خۆیانەی میللەتە گەورەكان بۆ خۆیانیان دامەزراند بوو یەكیان گرت و بەكێتی كۆمارە سوشیالیستەكانی سۆڤێتیان پێكەوەنا . وە ئێستا لە یەكێتی سۆڤێتدا (١٥) كۆماری سۆشیالیست خاوەن دەسەڵات هەیە و، میللەتە بچوكەكانیش ئۆتۆنۆمیان وەرگرتوە . ئۆتۆنۆمی لە یەكێتی سۆڤێت دا بە چەند شێوەیەك دانراوە . وە بڵاوترین شێوەش (كۆماری خاوەن ئۆتۆنۆمیە) . وە ئێستا لە یەكێتی سۆڤێت دا بیست لەم كۆمارە خاوەن ئۆتۆنۆمیانە هەیە ، جگە لەمەش لە ناو كۆمارە سوڤێتیە یەكگرتوەكاندا هەشت ناوچەی خاوەن ئۆتۆنۆمی و دە دایەرەی نەتەوەیی هەیە بۆ نەتەوە كۆمارێكی خاوەن ئۆتۆنۆمی دەستوور و بەرزترین ئەنجومەنی دەسەڵاتداری هەیە (سۆڤێتی بەرز) وە نزیكەی نیوەی ئەندامانی سۆڤێتە بەرەزكان

ژمارە كەمەكان . وە شێوەكانی ئۆتۆنۆمی لە سوڤێت دا لە رووێەكەوە بەگشتی لە یەك ئەچن ئەویش ئەوەیە كە هەر یەكەیان بە شێوەیەكی ئیلزامی ئەبێ دەزگای دەسەڵاتی نەتەوەیی و بەڕێوەبەرایەتی نەتەوەیی ودادگای نەتەوەیی‌یان هەبێ وە زمانی تایبەتی خۆیان بە كاربهێنن .

وە مافە نەتەوایەتیەكان لە دەستووری یەكێتی سۆڤێت و دەستووری كۆمارە یەكگرتوەكان و ئۆتۆنۆمیدارەكاندا ، وە هەروەها لە یاسا تایبەتیەكانیشدا چەسپێنراوە . وە هەموو یەكێ لە نەتەوەكان نوێنەریان هەیە لە سۆڤێتی بەرزی یەكێتی سۆڤێتدا وە ئەمەش زامنی دەركردنی یاسا و دابەش كردنی پارەیە بە هۆی نەخشەی گشتی ئابوری نیشتمانی و بۆدجەی دەوڵەتی یەكێتی سۆڤێتەوە بە شێوەیەك كە بگونجێ لە گەڵ بەرژەوەندی هەموو نەتەوەكاندا هەتا بە نەتەوە بچوكەكانیشەوە

وە بۆ تێگەیشتنی مانای ئۆتۆنۆمی سۆڤێتی پێویستە بە قووڵی سەیری باری كۆمارە ئۆتۆنۆمیدارەكان بكەین لە رووی مافەكانیانەوە : هەر

لە كرێكاران و جووتیارانن بەم جۆرە سۆڤێتە بەرزەكانی كۆمارە خاوەن ئۆتۆنۆمیەكان لە راستیدا دەزگاكانی نوێنەرایەتی گەلن ، وە ئەم سوڤێتە بەرزانە لیژنەیەكی كارگێر هەڵئەبژێرن (كە ئەنجومەنی سەرۆكایەتیە) وە حكومەت دائەنێ و ئەندامانی دادگای بەرز هەڵئەبژێرن .. وە هەموو یەكێ لە كۆمارە ئۆتۆنۆمیدارەكان نەخشەیەكی تایبەتی بۆ ئابوری نیشتمانی‌و بودجەیەكی تایبەتی هەیە كە هەموو ساڵێك لە لایەن سوڤێتی بەرزی كۆمارە ئۆتۆنۆمیدارەكەوە پەسند ئەكرێ ، بە گوێرەی نەخشە و بودجەی كۆماری یەكگرتوو ، وە دەزگا حكومیەكانی یەكێتی سوڤێت لای خۆیانەوە هەندێ پارە تەرخان ئەكات بۆ كۆمارە خاوەن ئۆتۆنۆمیەكان بۆ ئەوەی هەموو نەتەوەكان بتوانن سەركەوتوانەتر گەشە بە ئابوریان بكەن ، وە ئەگەر هاتوویەكێ لەم نەتەوانە لەوانی تر دواكەوت ئەوا پارەیەكی زیاتری بۆ دائەنرێ، وە ئەمەش بە گوێرەی سیاسەتی پارتی كۆمۆنیستە سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوایەتی .

با سۆڤێتی بەرزی كۆماری كۆمی سۆڤێتی خاوەن ئۆتۆنۆمی كە ئەكەوێتە ژووروی بەشی ئەوروپی ووڵاتی سۆڤێتەوە ـ وەك نموونەیەك وەرگرین . سۆڤێتی بەرزی ئەم كۆمارە لە نەخشەی گەشە پێ كردنی ئابوری نیشتمانی ساڵی ١٩٧١ دا (١٠ر٩٪) زیادەی لەبەرهەمی پیشەسازیدا بە دەست هێنا ، وە هەروەها لە دەرهێنانی نەوت و خەڵوز وگاز و لە دروست كردنی مەكینەو پیشەسازی پیترو كیمیاوی ـ بەشەكانی تری پیشەسازیدا پێشكەوتنی بە دەست هێناوە، وە لە زروفی یەكێتی سۆڤێتدا ئۆتۆنۆمی مانای مافی هەڵوونەتەوەو میللەتەكانە لە بڕیاردانی چارەنوسیاندا بە شێوەیەكی وا كە دامەزراندنی ئابوری نیشتمانی عەسری و پێ‌گەیاندنی شارەزایان لە نەتەوەكاندا تیا بێتە دی‌و یارمەتی گەشەكردنی هێزە رۆحیەكان‌و رۆشنبیرەكانی نەتەوەكان بدات و ئاستی گوزەرانی خەڵكی بەرزبێتەوە ، وە لە هەرێمە نەتەوایەتیەكاند كە سەر بە روسیای قەیسەری بوون ئێستا لقەكانی ئەكادیمی زانستی یەكێتی سۆڤێت و زانستگا و مەعهەدە بەرزەكان سەركەوتوانە ئیش ئەكەن .

وە لەو نووسەرە سۆڤێتیانەی ناوبانگی گەورەیان دەركردوە نووسەری داغستانی (رەسوڵ حەمزاتوف) وە (یوری ریتخیو)ی تشوكتشی و زۆری تریشن . وە لە ناو سەرۆكەكانی دایرەی ئیڤینیكی نەتەوەییشدا زاناو مێژوو نووسی بە ناوبانگ (ئۆڤانشان) ناسراوە .

بە كورتی ئۆتۆنۆمی سوڤێت وای لە هەموو نەتەوەكانی یەكێتی سۆڤێت كردوە كە بتوانن سەربەستانە گەشەبكەن‌و بە یارمەتی نەتەوە پێشكەوتوەكان لە هەموو مەیدانەكانی ژیانی سیاسی و ئابوری و رۆشنبیریدا پێش بكەون .

(نۆڤۆستی)

فەرهەنگی سیاسی

پرۆژەی مارشاڵ
MARSHALL PLAN

وەرگێڕ : ج . ع

ئەو بەرنامەیەیە كە (مارشاڵ) وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا دای‌نا بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی ئابووری ئیمپریالیزمی ئەمریكا بەسەر وڵاتانی ئەورووپای رۆژئاوادا . لە ئەنجامی جەنگی جیهانی دووەمدا شیرازەی باری ئابووری وڵاتانی ئەورووپای رۆژئاوا بەیەك جاری تێكچووبو وە پێویستی بەسەر لەنوێ دانانەوە ئەكرد ، جا لە ساڵی ١٩٤٧ لەپاریس كۆنگرەیەك بەستراو ئەمریكاش ئەو بەرنامەیەی بە ناوی (یارمەتی)دانی ئەورووپای رۆژئاوا بۆ دانانەوەی سەر لەنوێ سیستمی ئابووری پێشكەش كرد . ئینگلتەرەو فرەنسای و نمساو بلجیكاو هۆڵەندەو سویسراو یونان و توركیاو ئیرلەندەو پرتگال بەم بەرنامەیە رازی بوون و لەساڵی ١٩٤٨دا ئەڵمانیاو تریستا هاتنەناو ئەو پەیمانەوە . لەسەردەمی تروماندا (١٩٤٨) كۆنگرێسی ئەمریكا یاسای یارمەتی دانی وڵاتانی بێگانەی مۆركردو بەم پێیەش ئەمریكا چەند پەیمانێكی لەگەڵ وڵاتانی سەر بە پرۆژەی (مارشاڵ) بەست ئەمەش هەڵێكی گرنگی دایەدەست ئازادەی دەست خستنەكاروو باری ناوخۆیی ئەو وڵاتانە جگە لەوەی كەواشی لێ‌كردن بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی ئۆدوگای سوسیالستدا كەم بكەنەوە .

ئەمریكا بەپێی پرۆژەی (مارشاڵ) یارمەتیەكی زۆری‌دا بە وڵاتانی ئەورووپای رۆژئاوا بە مەرجێ ئەویش ئەم یارمەتیە بۆ كاروباری سوپایی خەرج بكرێت . لەماوەی ١٩٤٨ ـ ١٩٥٢ دا وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا زیاتر لە (١٥) ملیار دۆلاری بە شێوەی یارمەتی پێشكەش كردو زوربەی زۆری بۆ كاروو باری سوپایی سەرف كراو جگە لەوەی ئەو وڵاتانە چەند بنكەیەكی سوپاییان خستە

بروانە : ل ٧

مانۆری عەسكەری ئێران بۆ بەجێ گەیاندنی ئامانجەكانی ئیمپریالیزمە

شنۆیی

بەجۆرێك هەواڵدەرەكان خەبەر دەدەن گۆیا قەرارە مانورێكی دەریایی بە هاوبەشی لەشكری ئێران و ئینگلیز و ئەمریكا لە ئاوەكانی ئێران لە بەندەرعەبباس دەست پێ‌بكرێ .

رۆژنامەكانی ئینگلیزی ماوەیەك لەمەوپێش نووسیبوویان كە دەوڵەتەكانی ئەمریكا و ئینگلیز بڕیاریان داوە بەگوێرەی بەرنامەیەكی چوار ساڵە یانی تاساڵی ١٩٧٥ لەشكری ئێران بكەنە بەهێزترین لەشكری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست .

بەگوێرەی نووسراوەی « گاردیان » گۆیا مەبەست لە بەهێزكردنی لەشكری ئێران ئەوەیە ئەو بۆشایی‌یەی كە گۆیا پاش چوونەدەری ئینگلیز لە رۆژهەڵاتی سوئیز پەیدا دەبێ ، پڕبكرێتەوە و گۆیا ئاشتی ئەو هەرێمە دابین بكرێ .

رۆژنامەی « سكاتسمەن » نووسیبووی : «ئەم بڕیارە لەبەر ئەوە دراوە كە لە نفووزی یەكیەتی سوڤیەت‌و جوولانەوەی رادیكاڵی گەلی عەرەب لەخلیج پیشگیری بكرێ .

بەپێی ئەو بەرنامەیە كە ئیمپریالیستەكان بە موافقتی حكوومەتی سەر بەئیمپریالیزمی شا ئامادەیان كردووە ، قەرارە بەریتانیا بەهێز كردنی هێزی دەریایی و ئەمریكاش بەهێز كردنی هێزی هەوایی ئێران وەئەستۆ بگرن .

تا ساڵی ١٩٧٥ ئێران ٨٠٠ تانكی چیفتن بایی ٣٧٥ میلیۆن دۆلار لە ئینگلیز دەكرێ و ئەمریكاش ١٦٧ فرۆكەی بۆمبا هاوێژی « ڤانتوم » بایی ٣٦٠ میلیون دولار دەدا بە ئێران . بێجگە لەوانە كرینی كەشتی جەنگی لە بەریتانیا و ٢٠٠ هیلیكوپتێر لە ئیتالیاش بەشێكی ئەو بەرنامەیەن .

ئەو خۆئامادەكردن و بەهێز كردنی لەشكری ئێرانە بۆچی‌یە؟

ئێران بۆ بەرەنگاربوونی چ دوژمنێك خۆی ئامادە دەكا و دارونەداری وڵات دەخاتەگیرفانی ئیمپریالیستەكانەوە ؟

هەموو كەس دەزانێ هیچ مەترسی‌یەكی دەرەوە هەرەشە لە سنوورەكانی ئێران ناكا . ئێران ئەگەر بۆ خۆی واز لە ئاژاوەچیەتی بێنێ وبەقسەی ئیمپریالیستەكانی ئەمریكا و ئینگلیز هەوای ئەوناوچەیە لێڵ و تەماوی نەكا ، هیچ دەوڵەتێكی بێگانە كاری بەئێران نیە .

ئەوەی ئیمپریالیستەكان ناویان ناوەپڕكردنەوەی بۆشایی « ویا » پاراستنی ئاشتی « بێجگە لە بەرەنگاربوونی جوولانەوەی رزگاری‌خوازی گەلانی عەرەب لە خلیج و سەركوت‌كردنی جوولانەوەی دژی ئیمپریالیستی گەلانی ئێران و پاراستنی قازانجی مۆنۆپۆلەكانی ئیمپریالیستی شتێكی تر نیە .

ئیمپریالیزمی ئینگلیز كە چەند ساڵە خلیجی كردۆتە موستەعمەرە و لە هیچ چەشنە پیلان‌گێران و ئاژاوەنانەوەیەك دژی جوولانەوەی ئازادی‌خوازی ئەوناوچەیە دەستی نەگێراوەتەوە ئێستا كە لە ژێر فشاری بیرورای گشتی‌دا ناچار بووە لەو هەرێمە دەركەوێ ، دەیەوێ ئەركی پاراستنی قازانجی نەوتی خۆی و ئەمریكا و سەركوت‌كردنی رزگاری‌خوازی ئەو مەڵبەندە بخاتە سەر ئەستۆی حكوومەتی دەست نێژی ئێران .

بەخۆرایی نیە كە سەروكەكانی رێژیمی بۆگەنی شا بە ئاشكرا دەم لە (رسالت تاریخی) لەشكری ئێران و سەركردەیی ناوچە و مەزنی‌خوازی ئێران وەردەدەن .

ئێران دەیەوێ ببێتە كوتەكی دەستی ئیمپریالیزم و ژاندارمی بین الملی و لەسەر حیسابی خەڵكی زەحمەتكێش و ڕەش‌و رووتی ئێران بۆ پاراستنی قازانجی ئیمپریالیزم لەشكری خۆی بەهێز بكا و بەبیانووی « پاراستنی ئاشتی و ئەمنیەت » هەموو جوولانەوەیەكی ئازادی‌خوازی سەركوت بكا .

خەڵكەكانی هەرێمی خلیج بۆخویان دەتوانن و دەبێ ئاشتی و هێمنایەتی وڵاتەكەیان بپارێزن . ئێران هەقی نیە بۆ خزمەتی مەسڵەحەتی ئاغاكانی دەست‌درێژی بۆ مافی گەلانی دراوسێ بكا و ئاگری ئاژاوە هەڵگیرسێنێ .

مانوری عەسكەری ئێران و ئیمپریالیستەكان ڕاست لەوكاتەدا خەریكە دەست پێ‌بكا كە شا لە وڕینەكانی خۆی‌دا باسی داگیركردنی بەزۆری دورگەكانی تەمپ و ابوموسی دەكا . ئێران دەیەوێ لە هەرێمی خلیج دەوری ئیستعمارگەرە داگیركەرەكانی سەدەی رابردوو بگێرێ .

خەڵكەكانی ئێران سیاسەتی ملهوڕی و ئاژاوەچی‌یەتی و شەڕهەڵایسینەری رێژیمی كۆنەپەرستی شا مەحكووم دەكەن و شان‌بەشانی هەموو گەلە ئازادی‌خوازەكانی خلیج بۆ كورت‌كردنەوەی دەستی ئیمپریالیستەكان و رووخاندنی حكوومەتە دەست نێژەكانی ئەو ناوچەیە خەبات دەكەن .

بەشەواری کەوتوو

ئەحمەد ڕێبوار

بروسکەکەی ‥ تــوڕەی دەروون
چەپکێ گــڕی ‥ خستەکورەی ‥
هەستی نووستوی ‥
ئەو پشت کــوڕەی ‥
ووتی : دنیای ســــەرپشتی گا
کەس ناتوانێ ‥ قسەی لێ کا ‥
لە سووێ ‥ مۆڕەی ‥ چاوی قینی
پێش مەرگەکان ‥
زوو ، ڕاچەنی
بەرگی ‥ بــڕوای ‥ سەپێنراوی
خۆی ، داکەنی
ووتی : هاوڕێکانــم ‥ وەرن ئێوە
تیری دێــری ‥ باپیــرانمان
دیسانەوە ‥
بهاوێژین ‥ بۆ ئــەوخێوەی
چاوی ‥ گەشی ‥ ئاسمانەکەی ‥
ڕوونی ئێوەی
خستۆتە ناو دوو چــوارچێوەی
بازووی ڕەشی ‥ نەگریسی خۆی
گەشتیەوانیش ‥ لە ئۆپۆلو ‥
سلاوی نارد
بۆ ئەو هۆشەی
ئاوا ‥ ئەکــات ‥

⊙ ⊙ ⊙

هەر ئەو کاتەو لــەوەوپێشیش ‥
بورکانێکی ‥ تــازەی یاخی
چەخماخەی دا
کەشکۆڵەکەی ‥ کوێخای ‥ ناو دێی
پەڕە ‥ پەڕە ‥ بـــەهەوا ‥ دا
بوو مەلەرزەی ‥ کانی ‥ نەوتی ‥
چرای ‥ دەستی ‥ بێسرموتی ‥
هەموو ‥ کوردێك
کەوتە ‥ ناڵەو. هێرش ‥ بردن
بۆ ئەشکەوتی ‥ پــڕ ‥ جەندرمەی
تالان ‥ کردن
ئەوساکە بوو ‥ ئــەوساکە بوو
کە سەراپا ‥
گلۆپێ سەر شـــەقامی شار
زەرد هەڵگەڕان ‥
لایتەکان ‥ چاوی ساغــی ‥ کوێرەکانی
خستە گۆمی ‥ شــاری ڕێچکەی
مێرولەکان
گەردەلولی پڕ تەوژمی ‥
ناوقولایێ ‥ ئازاری ‥ دڵ
گیانی هەموو ‥ مردوەکانی
بە پەنهــانی
بەرەو ڕۆخی ‥
گۆڕستان ‥ برد ‥

چیرۆك :
گوتی : شەوە .
ئەوانەی نان بــەنرخی ڕۆژ دەخۆن ، گوتیان :
ـ شەوە ، ئەنگوستە چاوە ، هەوریشەو مانگ‌و ئەســتێرە دیار نین . کۆش‌و گیرفانیان پڕ کرا ، خواردیان‌و چاویان سوور بوو ، کەوتنە خۆڕانان‌و فیزو دەعیە کردن بەسەر خەڵکدا .
گوڕگەلی ئازاو وریا گوێیان نەدایە .
شایی لە دڵیدا دەگــــەڕاو بسکەی سمێڵی دەهات . لای

ـ شەوە .
گوتیان :
ـ ڕۆژە .
ـ من دەڵێم شەوە .
ـ نەخێــــر ڕۆژەو ڕۆژێکی ڕووناکیشە .
ـ جەللاد !
ـ بەڵێ .
ـ لە گەردنیان دە !
هەر لە گەردنیان درا ، هەر هاتن‌و گوتیـــــان ڕۆژە ... برانەوەیان نەبوو ، ڕۆڵەی گەل بوون‌و ئیرادەی گەلیان دەنواند . دەریای بێسنووری غەزەبی

لەبەرامبەر حەقیقەتدا

نووسینی : موکری

وابوو باوەڕیان کــــردوەو خەڵەتاون . نەیزانی بە زمانی حاڵ دەڵێن :
ـ وەڵامی گــەوج بێدەنگ بوونە .
دەستەیەکی ژیرو گیان لــە پێناو سەریان هەڵێناو گوتیان :
ـ ڕۆژە .
مجوڕکێکی سارد بە لەشیدا هات‌و کەوتە پەلە پەل ، تا گەل چاوی نەکراوەتەوە ئەوانە لەناو بەرێ ‥ لەکاتێکدا کە هەموو لەشی لە ترسانا مێژولــــەی دەکرد ، نەڕاندی :

گەل شڵەژا ، شــــەپۆلی بێ ئامانی بێزاری کەوتە لرفە لرفەو خرۆشان . ئیتر گــەوج بــە گەوجایەتی خۆی دانەکەوتبوو ، تا بە وەڵام نەدانەوە بەس بکرێ هاریش بووبوو ، دەبوو مست لەلای چەناگەی ڕاگیرێ‌و دەستی ببەسترێ .

⊙

کابرایەك لەو لاوە پێدەکەنی کابرایەکی پیر ، نەك لــەو

پیرانەی تۆ بە خەیاڵتا دێ ، پیرێکی وا چەند ملیۆن ســاڵ تەمەنی بوو .
یەکێك لەو خەڵکە هورووژاوە چاوی پێ‌کەوت‌و تووڕە بوو ، لای وابوو گاڵتەیان پێ دەکا .
پیری کۆنە ســـاڵ لانۆ «ڕۆژگار» کــــە مانــــگ‌و ساڵ هیچ ، قەڕن‌و سەدەشی بەلاوە تاقــە تاوێك بووە ، گوتی :
ـ بە ئێوە پێناکەنم ، ئێوە هەقی خۆتانە . بــەو کابرایە پێدەکەنم کە هەر تاو ناتاوێك یەکێکی ئاوا لەژێر هەرەسی گەوجایەتیدا دەپلیشــێنەوە ، کەچی دیسان گەوجێکی دیکە دێتە سەر شانۆ ئەم گۆنگەڵــە دەگێڕێتەوە .
کابرا :
ـ تۆ کە ئاوا شارەزای پێمان بڵێ چی لەگەڵ بکەین ؟ .
الالۆ « ڕۆژگار » :
ـ بە دەم‌قاڵ‌و چەلەحــانێ پێی ناسەلمێندرێ ‥ ئەمــە چاوی هەڵنـــایە تا ڕووناکی ببینێ ، دەبێ شـــووژنێك بە پشت ملی‌دا بکەن تا چاو بکاتەوە ئەو وەختە دەی سەلمێنێ .

⊙

خەڵکەکە چوونە لای ئاسنگەر کاوە شـــووژنی دروست کردو کەوتە پێشیان ، کردی بە پشت ملی « ئەژدەهاك »دا ، چــاوی کردەوەو ڕووناکی دی . فریای ئەوە نەکەوت بڵێ ڕۆژە ، کەوتە لنگە فرەو بە لادا هات .

کۆڕێکی ئـــەدەبی فراوان لە هەولێر

یەکێتی نووسەرانی کورد ـ لقی هەولێر ـ لە ئێوارەی ڕۆژی یەك‌شەممەی ڕێکــەوتی ٣١ـ١٠ـ٩٧١ کۆڕێـــــکی ئەدەبی فراوانی بەست لــە هۆڵی بارەگای یەکێتــــی‌ی مامۆستایانی کوردستان ـ لقی هەولێر ـ لەم کۆڕە گــەرم‌و گوڕەدا مامۆستا حمە کەریــم هەورامی ـ لێکۆڵینەوەیەکی فراوان‌و دوورو درێــــژی پێشکەش کرد دەربـــارەی « شانۆگەری‌و بزووتنــەوەی شانۆگەری لە کوردستان‌دا » لەم لێکۆڵینــــەوەیە ووردو قووڵەدا مامۆستا زۆر بــــە شارەزایی‌و ئاگاداری‌یەوە باسی پەیدابوونی شانۆگەری‌ی کرد بەلای یۆنانەکانـــەوە ‥ زە چۆن ئەو بزووتنەوەیـــە ووردە ووردە هەر هات‌و پێش‌کەوت‌و گەشایەوە تا لەسەر دەســـتی ڕۆمانەکانەوە بە تەواوی بـــلاو بووەوە . ئنجا هاتە ســـەر بزووتنەوەی شانۆگـــەری‌ی فەرەنسی‌و ئینگلیزی‌و عەرەبی‌و تورکی ، ئەوەشی ڕوون‌کردەوە کە چۆن بزووتنـــــەوەی شانۆگەری‌ی جیهانی بە گشتی‌و شانۆگەری نەتـــەوە دراوسێ کانمان بە تایبەتی کاریـــان کردۆتە ســـەر پەیدابوون‌و پەرەسەندنی شانۆگـــەری‌ی کوردی . جا هاتە سەر ئـــەوە کە نموونەیەکی لە شانۆگەری فۆلکلۆری ناو کــوردەواری‌ی خۆمان پێش‌کەش‌کردو بــــە دوایشەوە یەکە یەکە ئـــەو شانۆگەرێیانەی باس‌کرد کــە لەســــەرەتای ئەم سەدەیەوە تا ئەمڕۆ لە شارەکانی کوردستانا پێش‌کەش‌کراون . لە کۆتاییشا پەنجەی لەسەر ئەم هۆیانە دانا کە بوونەتە کۆسپ‌و تەگــەرە لـــە ڕێی پێش‌کەوتنــی شانۆگەری‌ی کوردی‌دا ‥
کۆڕەکە پتــر لـــە دوو سەعاتی گەرمی خایاند ‥

دەستەی بەڕێوەبەری
یەکێتی‌ی نووسەرانی
کورد ـ لقی هەولێر ـ

قەوانێکی یــەك ڕوو

تابلۆیەکی شانۆگەری نوێیە

(جێگا هــەر جێگایــەك بێ ئەبێ ساڵ هەر ساڵێك بێ ‥ کات شەوە دیمـــەن : چوار ئاخوڕە لەودیو تەلبــەندێکەوە هەر ئاخوڕە مرۆڤێکی تیادایــە گوریسێك شۆڕ بۆتەوە) .

یەکــەم ـ
ساڵی دەردە ڕشانەوە زۆرە‌بە بوو خەوێکم بینی جەجـــاڵ هەستابوو ئاســـمان کون بوو بوو ‥ سەرنجم ئەدا کونەـ پەپوو هێلانەی تیادا کردبوو ‥ لە پاشان‌دا (دووهەم سەر لــە ئاخوڕەکەیەوە بەرز ئەکاتەوەو باوێشکێك ئەدات) .
دووهەم ـ
شەو نەبڕایەوە ؟ .
(سێهەم هـــەردو قاچی لەسەر ئاخوڕەکـــەوە دیارەو لەقەفرتێ ئەکات) .
سێهەم ـ
چاوەڕوان ئەبن ؟ .
یەکــەم ـ
تەمەڵ خانەیە ‥ کەلاوەیە .
دووهەم ـ
ئەرێ پێم ناڵێن ئێمە بۆچی ئەژین ؟! ... وە یا چاوەڕوانی چ کەسێکی لـــە دایك‌نــەبوو ئەکەین ؟! ...
یەکــەم ـ
کەشکەك سەلەوات .
سێهەم ـ
(کلاوەکەی هــەوا ئەدات‌و بە قاچ ئەی گرێتــــەوە) . خۆ هەڵخەڵەتاندنە .
دووهەم ـ
ژیان ؟ .
یەکــەم ـ
(لە ئاخوڕەکەی دێتـــە خوارەوە لەســـەر لا لەبەردەمی ئاخوڕەکانا لێی ڕائــەکشێ‌و دەستی ئەخاتە ژێر ســەری) ئەمانەی ئێوە ئەی‌لێن بەسەرـ هاتی کابرای سەرخۆشـــــم ئەهێنێتەوە یاد .
دووهەم ـ
(بە چیچکانەوە لەســـــەر ئاخوڕەکەی دانیشتووە) کــام سەرخۆش ؟ ئـــەوە نەڵێیت دراوسێ ئاخوڕمان بوو ؟ .
یەکــەم ـ
خۆیەتی ‥ بــەلام چـاك سەرنجتان لێدا ؟ .
دووهەم ـ
من ؟ نە‌ چونکە ســــەیری کرمەکـــانی ناو دەرونی خۆمم ئەکرد سەیریان‌بوو بە کۆمــەڵ بەگژ یەکا ئەچون ..... بەلام تۆ باسی سەرخۆشـــەکەم بۆ بکــە .
یەکــەم ـ
لە کاتی دوا هەناسەی ژیانیا سەرخۆشی بەری دا .
دووهەم ـ
ئــەی چۆن ماڵ‌ئاوایی لـــە ژیان‌و جهان کرد ؟ .
یەکــەم ـ
تەنیا فریای جرتێـك کەوت ئیتر چاوی لێك نا .
دووهەم ـ
ئەی دەست خۆش .
سێهەم ـ
(دێتە دەرەوە لە پێشـــەوە دائەنیشێ) ئەرێ قەوانەکەتیان هەڵنەگێرایەوە ؟ .
یەکــەم ـ
ئەزانی ئەو دیوی تۆمـــار نەکراوە .
سێهەم ـ
بە چیدا ئەزانی ؟ .
یەکــەم ـ
گوێی لێ نەبووبوو .
دووهەم ـ
ئەوە بۆ جهان کشوماتە ؟
یەکــەم ـ
دەهۆلی دەهۆل ژەنەکـــان دڕان .
دووهەم ـ
دەهۆل یا گوێی ئێمە ؟ .
یەکــەم ـ
هەردووکی ئەبێت چونکــە لاپەرەی ڕۆژمێرەکان هەڵوەران



سێهەم ـ
(دەست ئەخاتە ژێر چەناـ گەیوو بێ جوڵـە ئەوەستێ) ئەرێ بیری لێ ناکەنەوە ؟ .
یەکــەم ـ
چی ؟ .
سێهەم ـ
کێ ئـــەم تەل‌بەندەی بــە بەردەممانا هەڵبەستوە ؟ .
یەکــەم ـ
کەس .
سێهەم ـ
چۆن ؟ .
یەکــەم ـ
چونکە کەس نیە لــە تەلـ بەندەکەوە ..... خۆشمان کە لە دایك بووین لـــە ئاخورا چاومان هەڵ هێنا .
سێهەم ـ
مەتەڵی مریشك‌و هێلکـــەو هێلکەو مریشکە .
دووهەم ـ
سفر زائید سفر ..... با تەماشای ئەودیو تەل‌بەندەکــە بکەین . (یەك سواری پشــتی ئەوی‌تر ئەبێ ، دووهەم لەسەرو هەمویانەوە خۆی بەگوریسەکەدا هەڵئەواسێ‌و ئەچێتــە شێوەی مەیمونەوە ئەوانی‌تر جۆلانــەی پێ ئەکەن) .
یەکــەم ـ
(دەست ئەکات بە پێکەنین) ئای ‥ ئای ‥ خۆ بوو بــە میمون (دووهەم بەر ئەبێتـــە خوارەوەو تەماشای ئەکــەن مردوە) دەستی لێ مەیە پیسە .
سێهەم ـ
بە پەرۆیەك ئەیگرم .
یەکــەم ـ
فڕێی‌بەرە ئــەو دیو تــەل بەندەکەوە .
سێهەم ـ
نەء ئەیخەمە ناو ئاخورەکەی خۆیەوە .
(هەردوو هەڵی ئەگـــرن‌و ئەیخەنە ناو ئاخورەکەیەوە) .
یەکــەم ـ
با بزانین چی بەسەرهات .
سێهەم ـ
ئای خۆ تەنها تاکێ پێلاوی تیا ماوە .
یەکــەم ـ
ڕەنگە ئەوە گیانی بێ .
سێهەم ـ
چی لێ بکەین ؟ (ئـــەم ئەیدات‌ـــە دەس ئەو ئـــەو ئەیداتەوە دەستی یەك بە یەك تری ئەلێن چی لێ بکەین ؟) .
دەنگ ـ
قەوانەکەی پێ بشکێنن بــە دیوە تۆمار کراوەکەیەوە ئەوسا کە ڕەشەبا تەل بەند لـــە بن هەڵ ئەکەنێ .
(پەردە دا ئەدرێتەوە) .

نووسینی :
ئەحمەد سالار

کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی

١ ـ کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی لە سلێمانی لە یەکــەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزەوە چیرۆکی شانۆیی ـ شــێخی تەپڵە ڕەش ، نووسینی کاك علی تواناو دەرهێنانی هونەرمــەند کاك نەوزاد ئەخاتە سەر شانۆ .
٢ ـ هەر بەدوای ئـــەم ئاهەنگەدا کۆمەڵ هەڵئەســتێ بەتۆمار کردنی چیرۆکی شانۆیی « کێچ » و « شێخی تەپڵــە ڕەش » و چەپکێ گۆرانی بێژەـ کانی کۆمەڵ لەسەر تەلەفزیۆن .
٣ ـ کۆمەڵ لە خۆ ئامادە کردنی خستنە سەر شـــانۆیی شانۆگەری ـ پیسکەی تەڕ پیرـ دایە بەدوای ئەم ئاهــەنگەدا لەسەر شانۆی ئامادەیی کوڕان لە سلێمانی پیشکەش بکات .

دەوری ڕۆشنبیران لە شۆڕشا

ڕۆشن‌بیران هەمیشە تاقمێکی کۆمـــــەڵایەتی گرنــگن ، وە بەتایبەتی لە وڵاتانی ئاســـیاو ئەفریقاو ئەمریکـــای لاتین ، ڕۆشن‌بیرانی شۆڕشگێڕ ئەتوانن دەورێکی کاریگەر ببینن لــە شۆڕشی دیموکراتی نوێ‌دا .
لەوڵاتی ئێمەدا ڕۆشـــن‌بیران زۆرجار دەورێکی باشیان دیوە لە بزووتنەوەی نیشـــتمانی‌و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانـــەدا ، بەلام هەرگیز دەورەکـــەیان نەگەیشتۆتە ڕادەی پێویست ، وە مەسەلەی بنەڕەتی لە دەوری ڕۆشن‌بیرانا ...
کە تێکەڵاوبونە لەگــــەڵ جەماهیری فراوانی کرێکاران‌و جوتیارانا ،‥ لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی وڵاتی ئێمـــەدا هەرگیز وەکو پێویســـــت جێ‌بەجێ نەکراوە . بەلام لێرەدا نامەوێ باسی‌مێژووی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانـــەی وڵاتی خۆمـــان بنوسمەوە ‥ بەڵکو ئەمەوێ بەگشتی باسی دەوری ڕۆشـــن بیران بکەم لەم پلەیەی ئێستەی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەدا ‥ وە ڕەخنە لەو بیروڕا چەوتانــە بگرم کــە لەڕیزی ڕۆشن‌بیرانا باوە .

لەم چەند ساڵەی دوایی‌دا ‥ ڕۆشن‌بیران لــە ڕووی ژمارەوە گەلێك لە زیادبوون دان ، ساڵ بەساڵ ژمارەیــەکی زۆر لــە ڕۆشن‌بیران دێنە کۆڕی ژیانەوە کە بنەڕەتی چینایەتی‌یان لــە خێزانەهەژارو وردە بۆرجوازیـ یەکانەوەیە ، وە بەچەندەها داو بەستراونەتــەوە بەکرێکاران‌و ڕەنجدەرانی ترەوە .
ئەم ڕۆشن‌بیرانە جگەلەوەی کە بەهۆی هوشیاری‌و خوێندەـ واری‌یانەوە ، زووتر هەســت بەئازارو چەوساندنەوەی خەڵك ئەکەن‌و پشتگیری خەباتیــــان ئەکەن ‥ هەرخۆشیان دوچاری چەندەهـــا جۆر ســـتەم‌و چەوساندنەوە ئەبن ، کە ئەمەش زیاتر ئـــەیان بەســـتێتەوە بەشۆڕشەوەو یەکیان ئەخـــات لەگەڵ کۆمەلانی خەڵك‌دا .
لە وڵاتێکی وەکو هی ئێمەدا کەهێشتا کرێکاران‌و جوتیـــاران تەواو بەئاگا نەهاتون ، وەهەتا

نەبەز

ڕادەیەك لەچەکی کاریگــــەری نەزەری خۆیان بێبەشـــن ، ڕۆشن‌بیران دەوری چرا هەڵگر ئەبینن بۆ ڕۆشن کــــردنەوەی ڕێگای خەباتی کۆمەلانی خەڵك، وە ئەو پردە پێك دێنن کــە لێیەوە نەزەریەی‌چینی کرێکارو بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانەو تاقی کردنەوەکانی گـــەلانی‌تر ‥ ئەچێتە ڕیزی خەڵکەوە و ئەبێت بەچەکی بڕندەی دەستیان لـــە خەباتی چینایەتی‌یانا .
بێ‌گومان ڕۆشن‌بیران کاتێك ئەتوانن بەم ئەرکــە گرنگـەی سەرشانی خۆیان هەستن ، کە بچنە ناو ڕیزەکانی گەلـــەوە ، تێکەڵاوی ژیانی کۆمەلانی‌خەڵك بن ، بەشداری‌بکەن لە خەباتی سەخت‌و ڕەوایانا ، وە لەئاستی ئەوانەوە دەست بکەن بە بلاو کردنەوەی‌بیروڕای شۆڕشگێڕانە ... وە شان‌بەشانی ئەم کارەش ئەبێ لە خەڵکەوە فێربن ، لــە تاقی‌کردنەوە بەنرخەکانیـــان دەرس‌وەرگرن ‥وە جاریکی‌تر بەپوختەیی بیدەنەوە جەماهیر . وە بەو جۆرە بەڕاستی ببنـــە مامۆستاو قوتابی بەوەفـــای کۆمەلانی خەڵك .
قوتابیان ‥ کەبەشی زۆرو شۆڕشگێڕترین بەشی ڕۆشن بیرانن وەهێشتا بەرژەوەندیـ یەکی اقتصادی وایان بـــۆ دروست‌نەبوە ، چ لەگـــەڵ دەسگاکانی حکومـــەت وە چ

بڕوانــە ل ٧

کاتێك

ـ پەخشان ـ

کچە هاوڕێم
ئەتەوێ لە یەك بگەین
ئەتەوێ ئاسمانی ووشەکانمان
ساماڵ بن ‥
وەك چاوی منال .
ساکار بن ‥ دلگیر بن وەك
قسەی منال ،
کچە هاوڕێم ‥
ئەمجارەیان ‥ سەرنجێکی
شەقامە پڕ پێچو پەناکانی
ئەم شــارە تاعوونە بدە ‥
هەندێ قوول بەوە لە چاوی
ئەو منالانەی لە ژێر دینگەکانا
وەك چیلکەدار بە سەر یەکا
ئەشکێنەوە ‥
ئەبینی چــەند ئالۆز و بە
گرین ‥ ،
یا ‥ لــە ئێستگەکانی گو
ستنەوەدا
سەرنجی چاوی ئەو منالانــە
بدە
کە لەگەڵ لیف و سەرین و
دۆشەگا لوول ئەدرێن
ئەبینی چەند ئالۆز و بەگر
ین ‥ ،
یا سەرنجی چاوی ئەو منالا
نە بدە
کە لە قوورگی زامی سینگە
نەرمەکانیانەوە
قولپی شیر و خوێن ئەرشێنە
وە
ئەبینی چەند ئالۆز و بەگرین
‥ ،
کچە هاوڕێم ‥
ووشەکانمان ‥ لە ناخی چا
وی ئەم منالانەوە هەڵئەقوڵێ
ووشەکانمان ‥ ئاوێنەی چە
وسانەوەو ژانی ئەم منالانەیە ‥
بۆیە ‥ وەکو چاوەکانیان ‥
ئالۆز و بەگرین !

ـ شەپۆل ـ

institut kurde de paris

لەگەڵ یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان دا

مامۆستا یدالله کریم

بەدی هێناوەو بۆ نمونە لە هەولێر دەورەیەکی تەندروستیمان کردەوەو لەبەغداش دەورەیەکی فێرکردنی زمانی کوردیو داوامان لە مەڵبەندی ڕۆشنبیری ئەڵمانیایی دیموکراتی کردو چەند لاوێکیان بۆ وەرگرتین بۆ فێربونی زمانی ئەڵمانی . جگە لەچەند دەورەیەکی وەرزشو مەڵەوانیو ئاراستەییو تەرفیهی .

لیرەدا قسەکەی مامۆستامان بڕیو لێمان پرسی بە بڕوای ئیوە یەکێتی لەئاستی بەرپرسیاری ئیمروی دابووە ... پاش توزیك بیرکردنەوە ووتی: ئەوەی ڕاستی بێ لاوان گیرو گرفتێکی زۆری هاتوتەڕێو کەم تەرخەمی نەکردوە لە چارەسەر کردنیا ، یەکێتی لاوان یەکەم یەکێتیی ڕەسمیە لە عیراقدا بەڵام تائیستا بودیجەو پارەیەکی وای نیە !!! وەهیچ لایەنێکیش یارمەتی ناداو دەستی ناگرێت

گۆڤارێك بەناوی لاوانەوە دەرکەین .

دەربارەی چالاکی یەکێتی لە شارەکانی کوردستاندا کاك (أنور عبدالله) بەڕێوەبەری مەڵبەندی لاوانی هەولێر بەشداری ئەم گفتو گۆیەی



کردینو چەند شتێکی لەم ڕووەوە بۆ درکاندین !!

تا ئیستا میری چەند مەڵبەندێکی لاوانی لە شارەکانی

بکرێتەوەو ١١٢هەزار دیناریش بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کراوە (٨٠) هەزاری کوڵبەنکیان ئەیداو ئەوی تری لەئەستۆی وەزارەتی کاروباری ژوروەوە .

بەلای کاك (أنور)ەوە نەبونی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نیوان لێپرسراوانی دەزگای لاوانی وەزارەت لە شارەکانی کوردستانو یەکێتی لاوانی کوردستان هۆی کەمو کوریو ئەو دوا کەوتنەی ئیستایە !! وە پێشنیار ئەکات کە لێپرسراوانی ئەو مەڵبەندە میرییانە لاوانی کوردستان خۆی تەرخانیان بکات .

وە کاك انور ئەڵێ ئەگەر بێتو حکومەت چەند مەڵبەندو مرافقێکی لاوان لە شارەکانی کوردستاندا بکاتەوە ئەوا قانجازی خۆیو دانشتوانی ناوچەکەشی تێدا ئەبێتو هیواداریشین کە ئەم پێشنیارە جێگای خۆی بگرێ .

ئەبی سوچی ئێمە چیبێ کە تاکو ئیستا لەمەڵبەندێکی وەکو هەولێردا میری شتێکی وای بۆ نەناردووین کە پەیوەندی بە لاوانەوە هەبێت ... ئێمە کورسیو مێزمان بۆ چیە !!

زۆر جاریش شتێکی وامان ئەدەنی کە هیچ کەڵکێکی نیە !! بەڵام ئەم گرفتەش لە سروشتو چۆنیەتی دروستبونی وەزارەتی لاوانەوە هاتوە خۆ ئەگەر کاربەدەستانی زۆر پیریش نەبن (مقید)ن بە روتینیاتی بێ ئەندازەوە !! لەلایەکی تریشەوە بەبۆنەی دامەزرانی لاوانی سۆڤیەتەوە مەڵبەندی ڕەوشنبیری کۆمارەکانی یەکێتی سوڤیەتی سوشیالست لە بارەگای لاوان پێشانگایەکی فۆتوگرافی سازکردبوو لەو پێشانگایەدا بە ڕەوانی دەوری لاوانی سوڤیەتی نیشان ئەدا . لەخەباتو بنیاتنانو دوا ڕۆژێکی بەختەوەرتر دوا ڕۆژێك کە هەگەر زولمو زۆری لە لاپەرەی کتێبی مێژوودا ببینری . پێشانگاکە لینینی مەزنو دەوری لاوانو خەباتی لاوانی سوڤیەت لەپێناو سوشیالستداو بەرەنگاری کردنی فاشیزمی نیشان ئەدا ..

یدالله :
پێشنیارمان کردووە کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی لاوانی کوردستان دابمەزرێت .

بێ گومان دوای هەموو گوڕانێك قوناغو بارو زروفێکی تر دیتە کایەوەو ئەو تازەیەش پێویستی هەڵوێستو کارو چالاکیەکی تر ئەکات کە لە ئاستو رادەی ئەو تازەیەدا بێ دوای کارەساتی ١٠ ساڵ شۆڕشی خوێناوی گەلی کوردمان و دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی ئازار بارو زروفێکی تری خەباتی خولقاندو هەموو ڕێکخراوەکانی کوردستانی خستە بەردەم واقعێکی تر ... یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان وەکو

گشت ڕێکخراوەکانی تری کوردستان دوای یانزەی ئازارو لە١٥ی مانگی ئەیلولدا بەڕەسمی ئیجازەی لەلایەن میرییەوە پێدرا ئەم ئیجازە درانەو بە ئازادی ئیش کردنەش هەلو دەرفەتێکی تری خستە بەردەمو تارادەیەکی زۆر توانی لە قوناغی خەباتی سلبییەوە پێ بنێتە قوناغی خەباتی ئیجابیو گەنجانی کورد لە دەورو بەری خۆی کۆ بکاتەوە .

هاوکاری بەپێویستی زانیو سەری لە بارەگای لاوانداو چەند گفتو گۆیەکی لەگەڵ لێپرسراوانیدا تومار کرد .

لە پرسیارێکدا کە لەمامۆستا (یدالله) مان پرسی دەربارەی لاوانو چۆنیەتی دروستبونیو دەوری لە سەرپەرشتی کردنو ئاراستەکردنی لاوانی کوردستان دا وتی :

لاوانی دیموکراتی کوردستان هەروەکو لە بەرنامەی ناوخۆیدا دیاری کردوە ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی نشتمانیو دیموکراتی کوردستانە لە ساڵی ١٩٥٣ وە دامەزراوەو لەدوای بەیاننامەی ١١ی ئازار ئیجازەی درایە بەرەسمی ئیش بکات یەکێتی یەکەمان هەروەکو هەموو ڕێکخراوەکانی تری کوردستان ئامانجی دیاری کراوی هەیەو ئەم ئامانجانەش پیشەبیو نەتەوایەتین :

یەکێتی یەکەمان تێکۆشارەو تێئەکۆشێ بۆ بەدی هێنانی مافو ئامانجەکانی گەلی کوردمانو لەسنووری یەکێتی نیشتمانیو برایەتی هەردوو گەلی کوردو عەرەبدا وە هەمووکاتی هەوڵماندداوە بۆ بەرگری کردن لە کۆماری عیراقو جێبەجێ

پرسیارێکی کەمان ئاراستەی لێپرسراوی لاوان کرد دەربارەی ئایا لاوان ئەندامە لە یەکێتی لاوانی جیهاندا وە بۆچی ؟ لەوەلامدا وتی تائیستا لاوانی کوردستان ئەندام نیە لە لاوانی جیهاندا . بەلای مامۆستا یدالله ئەمەش چەند هۆیەکی هەیە لەمانە هۆی سیاسی !!

وەوتی لاوان بەشێوەی میوان لەزوربەی ئەو کۆرانەدا بەشدار بووە کە لاوانی جیهان بەستویانەو ئیمەش لەگەڵ وەفدێکی وەزارەتی لاواندا کە چوو بۆ پاریس کاك انور عبداللەو کاك طالب رشید مان نارد .

لاوان بەردەوام هەوڵی داوەو پەیوەندی لەگەڵ لێپرسراوانی وەزارەتی لاواندا کردوە بۆ کردنەوەی مەڵبەندی لاوان لە شارەکانی کوردستاندا وە ئەو دەزگایانەش کە ئەکرێنەوە ڕاستەو خۆ بە یەکێتی لاوانی کوردستانەوە ببەسترێنەوە .

وە کاتی خۆشی پێشنیارمان بۆ وەزیری لاوان کرد کە بەڕێوەبەرایێتی لاوانی کوردستان لە وەزارەتدا بکرێتەوەو ئەویش پێشنیارەکەی بەدڵ بوو بەڵام ئێمە بەنوسراوی ڕەسمی بان



یەکێتی وەکو مەڵبەندێکی ئاراستەییو ڕۆشنبیری پێویستی بە زۆر شت هەیە ئەو شتانەش توانای دارایی ئەوێ جا ئەمەدا گری گەورەکە دەر ئەکەوێ .

چاومان بە لێپرسراوانی وەزارەتی لاوان ئەکەوێ داوای یارمەتی ئەکەین هەر باشەیەو هیچ !! لیژنەی ئولەمپی بڕیاری دا (٦٠٠) دینارمان بداتی ! هەر ئەو بڕیارە بوو تا ئیستا هیچمان نەدیوە ... داوای شتو مەکیوەرزشو پێویستمان کرد ... وتیان داوا کراوە کە لەئەڵمانیای دیموکراتی یەوە بێتو ئەمجار ئەتاندەینێ .... تا ئیستا هەر چاوەڕوانین !!

کوردستاندا کردۆتەوەو بڕیار وایە لە شەقلاوە شارێکی گەشت بکرێتەوەو بۆ قوناغی یەکەمی (٥) هەزار دینار تەرخان کراوەو ئێمەش چەند جار یادداشتمان داوە بە وەزارەتی لاوانو تێیدا ئاگادارمان کردوون کە شاری هەولێرو پارێزگەکە بەتێکرایی ناوچەیەکی گەشتگوزاییەو هاوینەهەواری باشی تێدایەو پێویستە گرنگی پێ بدرێ .. لاوانی هەولێریش لە هەموو بۆنەیەکدا بەشدار بووە چ بەئاهەنگ چ بە کۆڕ بەستن .

وە چەند تیپێکی موسیقاو شانۆ وەرزشمان دروست کردوە !! داواشمان کردوە کە ئافرەتیش لەو مەڵبەندانەدا بەشدار بێو بە لێپرسراوانی میریمان ڕاگەیاندوە کە هەرنەبێ چواریەکی فەرمانبەران لە کوردستاندا ئافرەت بن مەڵبەندی لاوانی هەولێریش ٥ شەممەو هەینی هەر بۆ ئافرەتان تەرخان بکرێت . ئەمانەی کە ئێمە کردومانە ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ تەمەنی مەڵبەندەکەماندا کە (٥) مانگە لە هەولێر کراوەتەوە کەم نیەو

انور عبدالله :
پێویستە ئافرەت لە کاروباری دایرەکانی کوردستان دا بەشداربێ .

کردنی برگەکانی بەیاننامەی ئادار . لەگەڵ پشتگرتنی بزوتنەوە ئازادیخوازەکانی جیهانو پتەوکردنی پەیوەندی لاوانی کوردستان بەلاوانی جیهان .

یادداشت داوامان ئەکردوە .

ئەمجار مامۆستا (یدالله) هاتە سەر باسی ئەو شتانەی یەکێتی بەدی هێناوەو ووتی : دوای ئەوەی یەکێتی لاوان ئیجازەی درایە چەندین ئەرکی

ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە لەبونی کادردا هەژارین !! ئەگینا یەکێتی زۆر پروژەی بە دەستەوەو هیوادارین لەئایندەدا بتوانین ئەو کۆسپانە نەهێڵینو بەم بۆنەشەوە نیازمان هەیە

بەتایبەتی لەچاو سلێمانی کە وابوو بە سێ ساڵ بەڕێوەبەرایەتی لاوانی تێداکراوەتەوە . دەربارەی شاری سلیمانیش لە بارەگای لاوان وتیان بڕیار وایە شاری لاوانی تێدا

● لە ژمارە « ٣٨ »ی هاوکاریدا دکتۆری ئەشیعەی خەستەخانەی کۆماری سلیمانی نامەیەکی ڕوون کردنەوەی دەربارەی ڕەخنەگرتنی هاووڵاتیەکانی سلیمانی بڵاوکردەوە ، وتیایا ئەوەی دەرخستبوو کە مەسەلەی کەموکوڕیو تێرنەکردنی پێویستی هاونیشتمانیان بۆ نەبوونی ئالەتو ئەسبابی تەواوی پزیشکی ئەگەڕێتەوە

● .. هەرچۆنیک بێ بەڵگەکانی دکتۆری ئەشیعە ڕاستبوو بڕوامان پێهێنا کە ئالەتو ئەسبابی ئەشیعە کەمە .. هەر ئەوەندەش لە دەسەڵاتایە .

● بەڵام وەنەبێ مەسەلەی کەمو کووڕی بەشەکانی تری ئەو خەستەخانەیە بەوە کۆتایی بێتو ببڕێتەوە ، بەڵکو هەمیشە بۆتە جێگای سەرزەنجو ڕەخنەگرتنی هاووڵاتیان ..

خۆیان قەرەقووشیەتی بەسەرەوە ئەکەن .. بۆ نموونە نەخۆشێک خەڵکی دەرەوەیە ـ وباش لە حیسابی .. شارو خەستەخانە نازانێت .. ڕۆژانەی خوارد نەکەی ـ بڵێین ـ سێ پرتەقاڵو دووقاپ شیرو دوو هێلکەیە .. کاکی فەڕاش ئەهێنێت لە جیاتی سێ پرتەقاڵ پرتەقاڵێکی ئەداتێ ئەگەر هەر زۆر بە شارەزاشی زانی .. ئەوا بۆی ئەکا بە

پێو تاعیادەی تایبەتی ئێوارانیان وەستابێت ، هەرگیز بە چاوی ووردبینێکەوە فەحسی نەخۆش ناکەن .. لە خەستەخانەشدا ئەگەر نەخۆش بڵێ خوێن هەڵئەهێنمەوە ، لە چوار دەنک تەباشیری A.B.C. زیاتری بۆ نانووسرێت و « أصلا » هەر تەماشاشی ناکەن » .

● .. ئەوەندەمان لەسەرە کە بڵێین .. پێویستە

دیسانەوە نەخۆشخانەی سلێمانی

هاووڵاتیەک لە نامەیەکی دورو درێژی نارەزاییدا دەربارەی خەستەخانەی کۆماری ئەڵێ « مەسەلەی پیسیو پۆخڵی خواردنو جێگای نەخۆشەکان بێجگە لە دزیو فزی چێشتکەرو قۆنتەراتچیەکان شتێکی ئاشکرایەو بەهیچ جۆرێک ئەنجومەنی بەرزی سەرۆکایەتی خەستەخانەی سەرەوە ناتوانێت خۆی لێ هەڵە بکات !.. ئەگەر هەر خۆشی لێ هەڵە بکات ، ئەوا زۆر چاك ئامادەی ئەوەم نهێنییەکانی ژێر جێگای نەخۆشەکان هەڵبەمەوەو بۆشاری سلیمانی ئاشکرا بکەم کە تاچ ڕادەیەك بۆ چاکبوونەوەی نەخۆشی دەست ئەدەن ؟!

ـ .. دۆشەکەکان .. لە هەموو ڕویەکەوە بێ کەڵکن .

ـ .. بەرگی دۆشەکو سەرینەکان ... « ئەوە هەر باس ناکرێن » !

ـ .. بەتانیەکان .. تەنها ناوی « بەتانیە » .. ئەگینا هەر یەکێکی ملیارەها میکرۆبو پیسی چەند ساڵەی پێوەیەو زیاتر بۆ تەجروبەی موختەبەر دەست ئەدەن !

ـ « خواردنو خزمەت » !. ئەو خواردنانەی بۆ نەخۆش تەرخان ئەکرێن .. بێجگە لەوەی قۆنتەرات چیەکانو سەرکارەکانی تری تلپی تەڕی تیا ناهێڵنو بەتەڕیو بەووشکی لێی کێش ئەکەن .. فەڕاشەکانیش بە ئارەزووی

دووان ..و بەو جۆرە .. بێجگە لەوەی کە جامێ ئاو بە بێ شووشەیەك شەربەتی پرتەقاڵ نادەنە دەست هیچ نەخۆشێک ـ ئیتر قوڕ بەسەر ئەوەی نیەتی ـ ..

ڕۆژانی هەینی کە دەوام نابێت لە جیاتی ئەسفەنیک خەستەخانە کە بە چڵکاو « تعقیم » ئەکەن .

ـ نەخۆشێک چوار جۆر دەرمانو شرینقەی بۆ بنووسرێت .. هەمیشە دوو یا سێ جۆریان لە خەستەخانە نیە ، ئەگەر ڤیتامین بی١٢ یش بێت ـ زۆر سەیرە ؟! ـ کەچی هەمان دەرمان وهەمان نمرە لە ئەجزاخانەکانی ناو بازاڕ هەیە ؟

ـ .. هەندێ لە دکتۆرەکان بە چاوی بازرگانیەوە معامەلەی هاو نیشتمانیان ئەکەن ، واهەرچی پیرۆزی ومرۆڤایەتی کاری پزیشکییە ئەیخەنە ژێر

سەرۆکایەتی خەستەخانەی سەرەوە لە سلیمانی ئەم سەرنجانە بە سنگێکی فراوانەوە وەربگرێت ، وله سنوری دەسەڵاتا کارێکی وابکا لە مستەوای لێپرسینەوەدا بیربکاتەوەو سەرلە نوێ بە حیسابی ڕاوەستاوی خزمەت گوزاریا بچێتەوە وچاکی لێ بکا بەلادا بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان .. چونکە کاری پزیشکی کارێکی گەلیك گرنگ وپیرۆزە ، و هەرکەسێك لەومەیدانەدا کاربکا .. دکتۆر برین پێچ ، فەڕاش ، چێشتکەر ، قونتەراتچی . واهتد ، گەیاندنی نامەیەکی مرۆڤایەتیو خاوێنیان ئەکەوێتە سەرشان .. وەئاشکرایە کە دیاری کردنی هەڵوێستی مەردانە ، یەکەم هەنگاوی بەرەو پێشەوە چوونی هەموو کارێکە .

« هاوکاری »



دووەرووداوی سەمەری

لە ناوچەی پێنجوین لە سەرروخی سنوورە دەسکردەکە رویداوە .

برهان قانع

ماوەیەك لەگەڵ هاورێکەم بەرێگادا رویشتین .. هێشتا یەکتریمان باش نەئەناسی .. بێ ئەوەی باش لە یەکتر شارەزابین سەری قسەم کردەوەو ..

ـ بەسەرهاتێکی سەیرت بۆ بگێڕمەوە .

ـ فەرمو .

ـ بەڵام ئەوەش بزانە ئەمەی بوت باس ئەکەم ڕۆژێکە لە تەمەنی ژیانم وە تا ئێستا بۆ کەسم ئاشکرا نەکردوە .

ـ ئەگەر نهێنیشی تیابێ .. مەترسە ، ئەپارێزرێ .

ـ باسەکەمان لە کەس نهێنی نیە .. تەنیا ئەوەیە خۆی یەکیکە لە نهێنییەکانی ڕۆژگار .

ـ (پێ کەنی) ئەم باسەش ئەکەین بە پیخوری ئەم ڕێگا دورەمان .

ئەو باسەم بۆگێڕایەوە کە لە یەکیك لە لادێکانی ئەو ناوچەیەدا دانیشتبوم .. لە ئیشو کاری میری دەرکرابوم ، چونکە ئەیانوت پەیوەندیت بە شۆڕشەوە هەیە ، ئاغای دێیەکەش هەرچەند بە دەمی زۆر دۆستم بوو بەڵام هەر لەوە ئەترسا کە تاوانباری ئاغا بە جوتیارەکانی بناسینم لەبەر ئەوە لە دڵەوە رقی لیم هەبو ، بۆ ئەوە ئەگەڕا کە کڵاوێکم بۆ دروست کاو توشی وەیەکم بکا . هێزەکانی شۆڕشیش ببون بە

دو بەشەوە .. هەریەکەیان ئەیوت لەگەڵ ئەوی تردایە .. ئەمەش جگە لەو دێوەزمەیە کە لە ساڵی ١٩٤٧دا برایەکی تازەپێگرتوی شۆڕشەکەمانی خنکاندبو فەسالم لەبەرچاویا گرانبوو .. تاگەیشتمە ئەو باسەی کە بەیانیەکیان تازە لە خەو هەستابووم .. بیرم لە ژیانی ئەو ڕۆژەم ئەکردەوە لە ناکاو .

ـ بۆ مشوورێکی ماڵەکەت ناخۆی .. زەبادی ئیلاهیمان نیە .

ـ بخایەنە لە سەرەتای بیروکردنەوەیەکی قوڵدام با بگەمە ئەنجامەکەی .

ـ کوڕم ڕاست ئەکات ئەوەتا مناڵەکانیشت هەموو بێخاوسن ..

ـ ژیان لەمن ئالوزاوە ، ماوەم بەن باسەری گلۆلەکە بدوزمەوە .

ـ شەکروچاشمان نەماوە .. ئیتر نیوەڕۆ داوای چایی نەکەی

ـ ئەگەر ئەم شتانەم لەسەر خۆو بە ئەهوەنی پێ بڵێی باشتر ئەتوانم ڕێگای چارەسەر کردنیان بدوزمەوە .

ـ بابەگیان منیش پێڵاوم

نیە .

ـ بەخوا منیش ...!

ـ بابەگیان ئەچی بۆشار..؟

ـ (بێ دەنگ بوم) .

ـ بابەگیان ئەچی بۆشار ..؟ ها ...؟

ـ نەکوڕە خوشەویستەکەم . (مناڵەکان بە دڵتەنگییەوە کزوڵەیان کرد) .

ـ تۆ چیت لە فلانو ... فلان .. کەمترە ..

ـ ملکەچیو کرنوش بردنم کەمترە .. تێگەیشتی ..!

ـ سەر مەنێ سەری با لەسەر خۆو بیرکاتەوە .. ناهەقی نیە خیزانیکی زۆری بووە بەریشەوە بێدەرامەت .. هەموو درگایەکیشی لەسەر داخراوە .. من ئەزانم ئیستە بەرچاوی چەندە تاریکە ..!! ئوف دایکت بمری ...

ـ کەسم نەمرێ .. چونکە ئەم هەژاریە لە پیناوی ژیانا ئەکەم .. بۆ بمرێ ..؟

(دایکم دڵتەنگ بوو)

ـ نەختێك چیشتی ئیوارە ماوە بۆت گەرم کەمەوە .

ـ بیدە بە مناڵەکان ..

ـ مناڵەکان داوای جلو

پیلاوی تازە ئەکەن .

ـ لەکوێ بێنم .. چیم پیوە شك ئەبەی ؟

ـ دوێنی مناڵەکانی حەلاو باوکیان لە شار جلی تازەی بۆ هێنابونەوە ئەمانیش دایانە گریان :

ـ باوکمان جلی تازەمان بۆ ناکات .. وا جەژنیشە .

ـ مناڵن .. ئاگایان لە دەرونو لە چوار دەورم نیە .. ئەڕوم بۆپیشەوە ئاو ئەمبات .. لیرەشدا گری ئاگرەکە تەڕو وشك پیکەوە ئەسوتینی .. هەر لە بەلای ناگەهان دوربین .

(هیشتا کوتایی بە سەرەتای باسەکەمان نەهاتبو ، هاورێکەم پێ کەنی) .

ـ بەچی پێ ئەکەنی ؟

ـ گوێم لێتە .. تۆ ئەم زستانە نەت بیست کە مجیدی وڵاخداریان لە ئاوایی دەرکرد .؟

ـ نەء .. ئەمەیانێ چی ؟

ـ حەز ئەکەم گوێم لێ بگری تا باسەکەت بۆ تەواو ئەکەم ..

ـ خۆ ئەزانی هەوەڵی زستان وەزعی ئەم ناوچەیە ناخۆش بوو

بروانە ل ٦

بەرپەرەك ژ زاراڤێ من

شورەشا سوشیەلیستی لهەیڤا ئوکتوبەرێ ، بەرپەرەکێ زێرین لمێژوویێ زێدەکر ، پەرەك بو هەر کی‌یێ خاند ژ بیر ناکەت ، لنك هەمی کەسێت عاقل مەند و یێت تێگەهشتی وێت زانا ، ئەوێت دیماهیا وان ونانێ وان دگرێدای بشورەشا ڤە و سەربەستی‌یا مللەتێد وان پێڤەد گرێدای ئەو دزانن (باهێ) ڤێ شورەشێ چەندە ، و ئەڤ شورەشە جەندێ دئینیت ، ئیستعمار هند یا ژ مللەتێد خەبات‌کەر و یێت شورەش گێر عاجز نینە هندی یێ‌ژشورەشا ئوکتوبەرێ (بغەزەب) و یێ ژ وێ قەهری و چ رێك نە برینە پیچ کرنا وێ و نابەتێ ، هەر ژ روژا پێشی‌یێ و حەتا نوکە ، ئەو شورەش بو سیچ کو چاڤێت هەمی مللەتا ڤەبون .

(هەر کەسەکی باوەر کر کو دبیت بشورەشێ بگەهنە بیرو باوەر یاخو) .

بەلێ ... ئەو کێم و کاسی و کورتی یێت هەبن لناف ئیستعمارێ بخو دێ بنە سیچ کو دێ کەڤیتە خەلەتی‌یا ، و دێ‌کەڤیتەدوێ کورکێ دا ئەوا وێ بخو بدەستێد خو کولای دا یێ وێ بڤێت ئەو بکەڤیتێ ، بەلێ ، ئەڤە راستە ، بەلێ پاشی ئوکتوبەرێ .

(دیار بو کو شورەش رێکەکا نێزیك ترە ژ خو گرتن و خو خەیشاندنێ) .

ئیستعمار یا شەهرەزا یە نە وەکو (ئیقطاعی) یە ، هەکە زوی لێ نەدەن ، دێ رهێت خو کویر بەت ، دێ گەلەك تالی‌یێ پێڤە بەن حەتا

رێ یا نەهاتی

مە دزانی ......
هەر ژ پێنگاڤا ئێکێ ، ئەو رێ‌یا مە گرتی ، نەیا هاتی‌یەو نەیا هاتوباتی‌یە !!
وەلێ رێیەکا بێ دویماهی‌یە ....
پر ئاستەنگ‌و دەحل‌و درێ ، پر ئاخین‌و فیغان‌و روندکێن گەلە ... روندکێن دلی .
مە منەت پێ‌نەبوو ...
ژبەرکو ئەوێ ئەم گەهاندین هەڤ ، گەلە بلندتر بوو ژهندێ ئەم هزرا خو درێکێ‌دا بکەین .
مە دڤیا بچین .... پێنگاڤا برانین ، رێکێ ببرین .
مە پەك بستریا نەبوو ....
مە هاژ گەرماتیا خوینێ نەبوو ، ژ پێن مە دهاتە خارێ ژبەرکو گەرماتیا بێکڤەبوونێ ، نە هەر خوین ژبیرامە بربوو ، وەلێ .... وەلێ مە خو ژبیرکر بوو ، مە جیهانا دیوارێن رەش ژبیرکربوو .
دگەهین هەڤ ئان نە ؟؟
هند نە دئینا .... لدویف بچین ، ئەم لناڤ ئێك تڤابووین وەك هەمی ئەڤێن دزانن سوبە دێ بسەر سێ‌پێکان کەڤزو هەمی گونها وان ...... باوەریا وان بێت .
ئەم دژیاین بو وا گاڤا ، بو وا پێنگاڤا ...... نە خوزیێن مە کەفتیێن داڤا !!!
ئەرێ گەلەو هوین باوەر دکەن ..... ئەڤرو ئەو چاڤێن زەلال ئێن تەدگەو دوو کانیێن‌سەرێ سیپانێ خەلاتینە ، دشێلی بوون ...... دشێلی بوون ...!! وەك ئاڤا جومو جەلالا لبوهارا سالەکا بەفرین !!
ئەڤرو هیڤی ددڤێ گورگی‌دا بوو !!
هاژ خو هەبوو ئان نە !؟
ئەز نزانم !!
وەلێ دزانم ... ئەز .... ئەز هەر رێڤینکەك بەوم !!

رێڤینك

ئوکتوبە رامەزن

د دەنە لایەکی ، بسەرکەفتنا (رێجیما) نیزاما سوشیالستی دو رێکێت هەین :

١ ـ د گەل خوشی‌یێ وتەناهی‌یێ ، دێ تێروژکا روژێ رێکا وێ روهن کەت ..

٢ ـ دگەل رویتی یێ و رسوا یێ ... خەتیرە و بزوت دێ رێکا وێ روهن کەن ...

کومونێ) لپاریسێ ، ئەوا پێکهاتی روژا ١٨ ێ هەیڤا ئاداری سالا (١٨٧١) ێ ، دەما بەیداغا سور هاتیە هەلاندن لسەر بانێ (بەلەدیا) پاریسێ ، دناف جەرگێ ئەوروپای دا ، دلێ دوژمنێت مللەتا پێ تێك چو چنکو ئەڤە جارا ئێکێ بو کو سەرگێرا مللەتی و (حوکم) کەفتیە دەستێ پالا ، و حکومەتا

نە بون .. چ پشت و تا گیر نە بون .. بەلێ پاشی سالا (١٩١٧) ێ و بسەر کەفتنا بزاف و خەباتێت پالە و جوتیارا و دامەزراندنا(رێجیما) نیزاما سوشیەلستی لناف ئێکاتیا سوڤێتی دا ، بێهنا مللەتا فرەهە بو و باوەریا وان پتر بخو هات ، هەمی مللەتێد بن دەست زانی کوهاری کارەکێ بتاقەت بو

زالمی .

ئەم نەشێین بەحسێ شورەشا ئوکتوبەرێ بکەین بێ ی کو ناڤێ (لینینی) نەئینین ، چنکو ئەڤ شورەشە یا بوی دیارە ، ئەو شورەشا وەکو هەمی مللەتێد دونیایێ بوی دزانن ، ئەوە یێ ئاگرێ وێ هەلکری .. ئەوە یێ رێکا وێ دانای ، ئەو بو دگوت : دڤێت شورەشا پالە و جوتیارا هەبیت و ببیت ، دڤێت کار و کەسپێد باژێری

علی نقشبندی

بەلێ یا دیارە کو (ئەو دەستێد دەزگورکێت سپی

تێ نەشێن چ شورەشا برێك بێخن .. (!)

شورەشا ئوکتوبەرێ رێك بو هەمی تا و پرتێد مللەتی ڤەکر کو بشێن خزمەتا مللەتێ خو بکەن بدروستاهی ، ئوکتوبەرێ رێ بو پالە و جوتیارا (ڤەوژارت) کو بشێن پسیارا مافێ خو بکەن و دیماهیەکا بەر دەوام دانن بو خلاس کرنا رێجیما دەرەبەگی‌یێ

گەلەك شورەش بەری ئوکتوبەرێ یێت رابوین و یێت هاتینە دروست کرن و لگەلەك جها مللەتا سەرێ خو یێ هەلاندی و دەنگێ خو یێ بلند کری داخازێ مافێ خو یێ (قەومی) یێ کری بزەربە دەستی‌یاخو ، بەلێ خەبات و بزاف وشورەشێت وان یێت هاتینە هەرشاندن لبن پێد هەسپێد نال‌کری و لبەر دەرێت (تڤەکێت) سونگی دای ، بهاری کاریا پولیسا و جاسیسا و کرێ گرتی یا ، هەر وەچکو بوی لفرەنسای دەمێ (پێکهاتنا

(برولیتاری) پێك هات ! روژا (٢٨ێ ئەیارێ) هەر ژ وێ سالی پاشی نیڤرو سەنگەرێ دیماهیکی ژ پالا هاتە ستاندن ، درێژیا حوکمێ

نە ژ بەر ترسا وی ژ ئێکاتیا سوڤێتی بتنێ بەلێ ژ بەر خەبات و بزاڤێت مللەتێد بن دەست ، دوژمنی زانی کو ئێدی نە شێن تەعدایێ لێ



وان بو (٧٢) روژ . ئەڤە نمونەکە ژ شورەشێت سوشیالستی بەری شورەشا ئوکتوبەرێ بقەومیت ، ڤان بزاف و خەبات و شورەشا چ الا گیر نە بون چ هاری کار پەیدا بو ، دژی زور داری و خوین خوری و تەعدا کەری دوژمنی چ حەویان نە کەفتنێ ،

بکەن وەکی بەرێ ، چنکو مللەتێد بن دەست روناهیەك دیت ، جهەك پەیدا بو کو پسیارێ لێ بکەت و لسەر باخڤیت ، و هاری کار بیت دگەل وان بو هەلاندنا زورداری یێ ، ژ سەر رویێ ئاخێ ، هاری کارە بو بەلنگاز و بێ چارا دوژمنە بو زورداری ،

بکەڤنە دەستێد پالە و جوتیارا و خەبات کەرێت پاقژ . ئەو بو یێت گوت : عەرد بو وی یە ئەوێد کێلیت ، ئەو بو د گوت : شەنگستێ رێجیما سوشیەلیستی ، کار بە دەستی‌یا پالەو جوتیارا و زیدە باری کەهەربا لناف ئێکاتیا سوڤێتی هەمی یێ .. ئەڤەیە سوشیەلستی بسەرکەفتنا شورەشا ئوکتوبەرێ ، هاری کارەکێ چاك پەیدا بو بو مللەتێد بن دەست نە (بمروڤا) بەلێ ژ هەمی رەخێت دی ڤە یێت هاری کاری یێ ، بو دانانا رێجیما (نیزاما) سوشیەلیستی لهەمی جها .

شورەشا ئوکتوبەرێ (ما) ژ بەر هندێ کو سەیدایەکێ زانا لپێشیا وان بو زانی کا ودێ چاوا چاڤێ خو لێ کەت ، ودێ چاوا بەرە بەرەڤانێ ژێ کەت .

دیسا لناف ئێکاتیا سوڤێتی بخو ژی شورەش بو هاری کارەکا چاك بو بدیماهی ئینانا حوکمێ دەرەبەگا و خانا ، ئەمیرا حەتا حەتایێ و لناف

برێنە : ب ، ٧

گرفتاریێت سەردەم

صادق بهاء الدین

بەرمایێ هژمارێن کەڤن

شەر ئو گێنگەشێت لناڤبەر! شڤانان دبن لسەرکانیێت چیان لزۆمێت کوردستانێ .

هنگورێ روژێ‌بو ، بەلێ هێژ سها چیایی کانێ ئو جورنێت ئاڤێ یێ دبەردا چێگرین گرتبون .

شابازێ شڤان کەرێ مەها دابو بەرێ خو رێکا کانیێ‌گرتبو دا بینتە سەر ئو ئاڤیدەت ، کەرێ مەها نێزیکی کانیێ ببو ، ئەو مەهێت بەراهیێ بێژە گەهشتبونە سەر جورنا ژی ، چەندەك ژێ گەڤتبونە سەر دەستێت خو ژی ئو بجورنا رانانو ، هندەك ژی گەهشتبونە رەخ جورنا دا کەڤنە سەر دەستا ئو بجورنێت ئاڤێ رانن ، ئەوێت مایی ژی کو دویماهی‌یا کەری بون ، هێژ چەند پێنگاڤان ژجورنێت ئاڤێ دویربون . شابازێ شڤان ژی لبن هشکارە دارەکێ راوەستایە چاڤێ وی لکەرێ مەهایە زێرەڤانیێ دکەت نەکو مەهەك ڤەمابیت ئو نەچوبی‌تەسەرکانیێ کیسکی توتنێ ژی ددەستی دایە یێ دارکا ژتوتنێ ڤەدەردکەت ، دا قەلوینا خو تێ‌کەت ئو دو فرا لێ‌دەت . ببێژە شابازێ مە توتن کرە قەلوینێ ، ستە ئینا دەر ئو پویشی دانا سەر ئو بەرستە لێ‌دا ژەنی هەتا کرسکا ئاگری خولپویشی دای ، پویشێ بئاگرڤە لسەر قەلوینێ دانا فرەك دو لقەلوینێ دان وی هند دیت دەنگێ‌برازایێ وی میزوی یێ ژزۆمێ بەرکانیێ ڤە تێت وەکی دەنگێ عەڤرێ نیسانێ‌یە ئەو رێل ئو بەتەن ئو رێزە چیا هەمی کرنە دەنگەك ئو شتی جرفەك ڤێ کەفتی ژبەر خوراشداندن ئو کرنڤیری ئو حەوارێت وی دگوتێ : « دێ سڤك پێیا دبای وەرینە ، خو نەڤەهێلی، پەزێ خو ژسەرکانیێ ئو جورنێت ئاڤێ ڤەگێرە ، گەها کەسێ برنەکە ، نەگەها پەزێ هەوەیە ئو بینی‌یە سەرکانیێ ئاڤبدەی‌و جورنێت ئاڤێ ڤالا ئو چك بکەن ، پەزێ مە ژی یێ کو ژپەزێ هەوە بوشتر تێهنشك بگریت . دێ بێ تەنگ سستی ئو خو ڤەهێلان ئو بخوشکوکی ، هەکە بخودێ دێ جانگی ددەڤێ تەگرم تە کەمە تەرك ، تو مامێ من نەبێ تو خو پرتەك بێ ژدلێ من، ئەز دالێ خو بتەناسوژم ئو دێ ژکیسێ بابێ خوچی ؟ » شابازێ رەبەن ئو ناڤسال ڤەچویی ئو هاژ چونە ، هەر دجهدا لسەر ملێ خو زڤری بەلێ چ دیت ؟! دیت کو میرووێ برازایێ وی یێ کو چو جارا ژشەرمادا نەدروینشتە دیوانا وی ، ژلەبێ ئو بەلێ پێڤەتر دگەل وی چو دی ، ژدەڤی نەدەردکەفت ، هندێ بتورە ئو خونیاس ، یێ بویە ئێکی دی ، هەر وەکی ژڤی دەستی کری‌یە دەستێ دی ، وەکی کێتکا خنزری لێ هاتی‌یە هەر دو چاڤێت دسەری‌دا زل‌بوین ئو هنگریاین ، ئاگرێ ژناف چاڤا دپەشیت ، وەسا

ژناف چاڤێت وی دیارە دێ هنگامەکێ هەلێخیت ، ژبەرکو تڤەنگا سویارکری ، نیشانا لمامی گرتی ،تپلا لسەر لەولەپکا تڤەنگێ ، لڤانا مامێ یەکا دێ کەرێ مەها لسەر کانیێ ڤەکێریت ، یان ژی دێ کەفتە رکێ ، ئانکو دێ لکەرێ رکێ سویاربیت ئو درکە ـ رکێ برازایێ ئەرنی رابیت ، کو تپلێ لسەر لەولەبکی بگڤشیت ئو مامێ گریل‌کەتە وێرێ . مامێ ماندی ئو غالی عەرەز گاڤا برازایێ خو بوی رەنگی دیتی چو هشی دسەری‌دا نەمان ، رەنگ لێ زەربو ژکەربادا تە خو دگوت بادارە وەکی خوویێ خاری ئو ئاف بسەردا نەکری دەسا دهناڤێت خودا دسوت‌و دکەلی ، ئەزمانێ وی گلالەببو، ژسوتنیادا ، دەڤ لێ نەدگەریا چاك ، بهەر چ رەنگێ هەیی کوتیەکی لخو کر ئو گوت : تو ژدەلنگێت ژنا خو کێمتربی، هەچیا ژدەستێ تە تێت تو نەکەی ، ئەڤە ئەزێ لبەر ستێرکا تڤەنگا تە خو نالڤینم ، دێ من بکوژە ما تولهیڤیا چی؟! دێ من بکوژ دێ ؟!

میرووێ دخودا ئاڤا پێتر لسەر گوتنا خو رژدبو ، پێتر بخور خورا خو کەت ئو گوت: ژخالا تە وەرە ئەز ناگرمەتە ! باش برانە ، هەکە تو ژگەرێ رکێ نەهاتیە خاری هزرنەکەی ئەز برازایێ تەمە ، دەست‌و دلێت من ناگرن ئەز تە بکوژم ؟! بخوشویمانکی ئەزێ دبێژمە تە پەزێ خو لسەرکانیێ ڤەگێرە هەر گوتنەکا ژدەڤێ پیرمویسی دەردکەفت تە دگوت تیرەکە بدلێ شابازی دکەڤیت هند پێ دهەرشی‌و تندگرێ‌و پوسیدە دبو ، بەلێ چو ژێ نەدهات ژگوتنا دەڤی پێڤە گوتی : ئەز پەزێ خو لسەر گوتنا فەلیتەکێ وەکی بە نازڤرین مەڤە ، ژبەرکو ئاڤ ئاڤا مەهەمیانە نەیا تەو بابێ تەیە ، کەس ژی هێژ ژبابێ خو نەبویە ئەز لڤێرە بم بێت پەزێ من یێ تێهنی لسەر ئاڤا کانیێ بخورخوری‌و بکەفا بزڤرین تەڤە ! بێژە شابازێ مامێ وی ئاخڤتنا خو یا دویماهیێ ، بدویماهی ئینا ئو نەئینا .

دویماهیێ هەیە

ئێکەتیا ماموستایێت تایێ دهوکێ وهیبونا زمانی کوردی

صدیق علی ئامیدی

ئەنجامێ سیاسەتا ئیمپریالزمێ‌و کەڤنەپەرستێن ناڤخویی ژکەڤن وەرە تاکو نهو ، مللەتێ کورد یێت ژاروژوێری‌یێ‌و نەخویندەواری‌یێ‌دا دگەڤزیت ،هەلبەت پێشکەفتن‌و مللەت حەزێت کورد دهەمی قوناغادا شەرێ ڤێ سیاسەتا لەوتی یا کری‌و یێ‌دکەن ، گەلەك پارتی‌و رێکخراو یێت هاتینە پێك‌ئینان ژبو بەرەڤانی کرنێ ژ مزومافێت مللەتێ کورد چ لناف کوردستانێ ئان دەرڤەی کوردستانێ ، ڤەپەنی‌و ئەشکەرا خەباتا کری ، ئێك ژوان رێکخراوا (ئێکاتیا ماموستاییت کوردستانێ)یە ، ئەوا هاتیە قادا خەباتێ‌و بەرەڤانیێ ژ ماموستاییت کوردو ژ مزومافێت مللەتێ کورد ، ژ وێ روژا ئێکاتی دروست بووی هەتا ئەڤرو ، بهەمی هێزو زاخا خو خەباتا کری‌و گەلەك ئەندامێت وێ یێت بەرکەتی بێت بووینە قوربانی درێکا ئازادیا مللەتێ کورد .

پشتی بەیانا ئاداری ئەوا ئوتونومی بو کوردستانا عیراقێ دەست‌نیشان کری رێ ڤەبوو هەمی رێکخراوێت نیشتمانی بسەربەستی‌و لبەر سیبەرا یاسایێ‌دا (قانون) بکارێ خو رابن ژڤان رێکخراوان ، ئێکاتیا ماموستاییت کوردستانێ‌یە ، یاکو بارەگایێت (مقر) خو نهەمی باژێرێن کوردستانێ‌و هندەکێت عیراقێ ڤەکرین . ماموستایێت کورد بسەدا بەرێ خو دایێ‌و چونە ناف رێزێت ئێکاتیێ ، ئەوا هاتیە بێکهاتن ژبوو پاراستن‌و پێشخستنا تورو زمانێ کوردی‌و ژبو نەهێلانا نەخویندەواریێ لکوردستانێ‌و پاراستنا مزێت ماموستاییت کوردو ژبوو رێ خوشکرنێ لبەر سینگی کەروانێ مللەتێ کورد .

راستی ڤێ رێکخراوێ گەلە خزمەت‌و هاریکاریێت پێشکێش مللەت‌و ماموستاییت کورد یاکری ، بەلێ ئەوا جهێ ئاخو کەسەرایە تایێ دهوکێ‌یە ماموستاییت دەڤەرا دهوکێ هێشتا کارەکێ وەسا نەکرینە کو مروڤ ناڤێ وێ بینیت ، دەمێ ئەم هو دبێین رامانا مە ئەو نینە کو ئەو کارێت ماموستاییت دەڤەرێت دی کرین ، تایێ دهوکێ‌ژی بکەت، بەلکی رامانامە ئەوە کو دڤێت ماموستاییت دەڤەرا دهوکێ بوان کارا رابیت یێت بێدڤی بو ڤێ پەیسك‌و قوناغا دەڤەرامە تێدا ئو دبریت . ئاشکرایە دەڤەررامە وەکی دەڤەرێت دی نینەو گەلە کێماسی دهەمی رەخادا یێت هەین .

بالمنڤە گەلە بێدڤی‌یە ، هەکە چو دی نەکەن ، گوتارو نڤێسینا لروژنامەو گوڤاریێت کوردیدا بلاڤ‌کەن ، ئان بناڤێ ئێکاتیێ هوزان‌و چیروك‌و نڤشتوکێن ، نڤیسەڤانێن کورد چاپ‌بکەن‌و قورتالکەن ژ بەرزەبوون‌و نەمانێ ، ئان چەند دەورەکا ڤەکەن ژبو نەهێلانا خویندەواریێ ، خەلکی هوی خویندن‌و نڤێسینا کوردیێ بکەن .

بەلێ سەرڤان هەمی کێماسیاراو ئەوا ژهەمیا نەخوشترە ، ئەو دەورێت بو ماموستاییت بەهدینا هاتینە ڤەکرن دا فێری خویندن‌و نڤێسینا کوردی ببن ، دڤان دەورادا هەکە باش‌و هەکە خراپ ماموستاییت مە تشتەکی فێربوون ، بەلێ ژوان ماموستا کەسێ خو زەحمەت نەدایە پترو کویرترو ببەرفرەهەتر هوی کوردیێ ببیت ، داکو بکاریت خزمەتا سوختێ کورد ژلایەکی‌و تورێ کوردی ژلایەکێ دیڤە بکەت .

ماموستاییت ڤێ دەورێ نەکو هێشتا نەشێن بەرکا خو ژئاڤێ بیننە دەرێ بەلکی لڤێرێ‌و وێرێ دئاخڤن‌و دبێن : (ئەوا ئەم دبێژین چو بنیات بو نینەو درەوە) !!

دیارە ئەو مروڤێ چو کتێب‌و گوڤارو روژناما نەکریت‌و نەخوینیت‌و لدیف نەچیت دێ چاوا مەلەڤانبیت‌و ئەزمان‌و تورێ کوردی باش زانیت ، کەس زك ماکی هوی چو نەبوویە بەلێ هەر کەسەکێ خو بووەستینیت دێ‌گەهێتە وێ قوناغا وی ئارمانجە . روژناما (هاوکاری)یێ دەرگەهێ فێربوونا زمانێ کوردی یێ ڤەکری‌و دبەرپەرێن وێ‌دا جهێ هەمی قەلەمەکێ دلسوزو نیشتمانی یێ هەی ، هیچ نەبیت ئێکاتی دشێت ڤێ روژنامێ ژبو ئەندامێت خو بکریت هەکە روژی (٣/٢) ژ فلسی تەرخان‌کەت .

بالمنڤە هەکە ئێکاتیا ماموستا ڤان چەند پێشنیارێن من وەرگریت چو زیان ڤێ ناکەڤیت‌و بەلکی دێ سەرکەفتی‌تر بیت :

١ ـ گوڤارەکا هەیڤانە دەرکەن بکوردی‌و راوبیرو هزرێت خو بلاڤ‌کەن لسەر گیروگرفت‌و ئەو ئاستەنگێت درێکا فێربوون‌و پێشکەفتنا زمان‌و تورێ کوردی دا هەین .

٢ ـ جڤاتێت تێکەل دگەل ئێکاتیا نڤیسەڤانێت کورد تایێ دهوکێ بگرن ژبو چارەسەرکرنا وان گیروگرفتان

٣ ـ بێدڤی‌یە ئێکەتی نڤشتوکەکێ ـ کراسە ـ دەرکەت وەکی فەرهەنگوکەکا بجویك ، زاراڤێت ئابوری‌و زانستی‌و جڤاکی (اجتماعی) تێدا دیارکەت دا رێکا هندێ بگریت هەرئێك لدویف دلێ خو زاراڤەکی دانیت بەرامبەر گوتنەکا عەرەبی ئان ئنگلیزی ئان .. هتد .

٤ ـ دڤێت ئێکەتی لسەر هەمی ئەندامێت خو دانیت کو گوڤارو روژنامێت کوردی بخوینن ،وەکی مە گوتی روژێ (٣/٢) ژ فلسی دکەڤیتە سەر هەرئێکی (هاوکاری)یێ بخوینیت ، ئەز دبێم ئەڤە نە گەلەکە . نەخاسمە (هاوکاری) بهەردوو زارا ـ سورانی‌و کرمانجی ـ نڤێسینا بلاڤ دکەت .

هیڤی‌دارم ئەڤ گوتارە خزمەتا راستی‌یێ‌و پێشکەفتنا مللەتی بکەت ، ئەگەرا من رەخنەکا زانستی‌و ببرایەتی‌یەو هیڤیدارم هەکە کێماسیەك هەبیت ببورن ، وەلێ چەڤینا نەدەن مە . هەر بژین بنو مللەتی .

ئەڤیناسە

شیخ ممدوح بریفکانی

ئەڤرو ژغەما بێچارەو ژوڤانەدلم ئەز
ئاگر دهناڤا وەکی گازێ‌دسوژم ئەز
ئاگر دهناڤا تەکری شبهێ‌تەنورێ

سەر تا قەدەم رەنگی بیهێ هەلپەڤژم ئەز
ژان تێنە گیانم وەکە بلبل بفیغانم
پەروانە ئەزم سوتو بێ‌دەنگ دمرم ئەز

خوین رێژە ژ چاڤان وەك بارانا بهارێ
شەڤ تا سەحەرێ دویر ژخەوێ هەر دگەزم ئەز
شەف گوری دگەل تە ژ مەرا عەینی حەیاتە

گەربێ لسەر من لمرنێ خوش‌دبەزم ئەز
چاڤ تێرێ لتە دەردێ ئەڤینێ لە دیارکر
هەرچەند ڤەشێرم ژ سەری‌هەد دهژم ئەز

دەه سالن دەردێ تە غەمو ئاه دیارن
ما هێژ تو نزانی ژبرینان‌دکەلم ئەز
مەمدوح ژ دەردا دلو جانێ‌خو دسەردا
ماهێژ نەبەسە دل شەوتی‌سوژە پەلم ئەز

پاشماوەی : لە ئامادەی بەکرەجۆوە ...

بەیانی و نیوەرۆ ئامادە ئەکرێت .. کەواتە ـ حەمە زیز ـ یەکێکە لەو قوتابیە (خارجی)ـ یانەی مافی نان خواردنیان نیە لە بەشی داخلی دا .

وە هەر لەم بارەیەوە لیژنەیەکی تایبەتی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان هەلئەستێت بە وەرگرتنی خواردنەوە لە بەلێندەر ، وە سەر پەرشتی لێنان و دابەش‌کردنی ئەکات ، وە بۆیان هەیە ئەگەر خواردنەکە خراپ بوو ، وەری ئەگرن‌و بیگۆرنەوە بەهی چاك .

وە ئێمە کە لێ‌پرسراوی قوتابخانەکەین هەموو دەم سنگ فراوانین بۆ وەرگرتنی هەموو رەخنەیەك و جێ‌بەجێ کردنی بە گوێرەی توانامان .

وە ئەمانەوێ لێرەدا ئەوە بلێێن کە لە ماوەی یەك سال توانیمان وا لەم قوتابخانەیە بکەین کە لە شێوەیەکی، دواکەوتووی بێ بەرهەمەوە بگاتە پلەیەك کە پێش هەموو قوتابخانەکانی کشتوکالی عیراق بکەوێتەوە .

وە لە بارەی بەرهەمی سالانەی و رێك و پێکی دەوامی کردنی قوتابیان کە هیچ کاتێك لەمەو پێش بۆی نەلواوە .

وە ـ حەمە زیز ـ و ئەوانەی لە شێوەی ئەون با بزانن کە رێگای هەموو قوتابیەك ئادە‌ن بە گوێرەی پەیرەوی قوتابخانە کەمان نەگونجێت . ئیتر سوپاس .

وە بۆ زانین هەموو لایەك لە قوتابخانەکەمان هیچ قوتابیەك نیە بەم ناوە .

بەرێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی کشتوکالی بەکرەجۆ

ئەڤە نەهزرێ کاراستە

برادەر (صدیق عەلی ئامێدی)ل هژمارا (٣٣) دا ژ روژناما هاوکاریێ گوتارەك نڤێسی بوو ، مە لنك‌خو باش زانی ئەم بەرسڤا وی بدەین‌و چەند راستیەکا ژبو خویندەڤانێن هێژا روون بکەین ، ئەو بوو برادەر (بێ‌ناف بێ‌ناف)ی بەرسڤا مەداو گوت :

(دیارە هەر کەسەکێ بڤێت خزمەتا پێشکەفتنا مللەتی بکەت خۆ نائێختە داڤا گۆتن‌و پەیڤێن نەخوش‌و نەراست .

بالمنڤە ، ئەم تێك نەگەهشتینە ، جونکو لنك‌مە ئەوە مە گەلە دڤێت ـ زەهندەك ـ خزمەتا پێشکەفتنا مللەتی بکەین ـ لدویف شیانا خو ـ ئو خو نەئێخینە داڤا گوتن‌و پەیڤێت نەخوش‌و نەراست .

مە چو دگەل برادەر (صدیق ئامێدی) نینەو هەرکەسەکێ ڤێ هزرێ بکەت یێ راست نینەو برادەریامەو (صدیق)ی دگەرتە سالا (١٩٦١)ێ‌و ئەم هەڤالێت رێ‌یا راست‌و دویرو درێژین‌و ئەم باوەردەکەین چوجا وەلێ ناهێت دلێ مە ژێك بمینیت .

ئەم پشت راستین برادەر (صدیق)ی دا گەلە بێ‌خوشبیت بەرسڤامە دیتباو ئەم ژێ دا دل‌گەشتریبن‌بین ، جونکو براستی هەڤرکی‌و رەخنەگرتن راسترین رێکە بو ڤەژیاندنا تۆرو زمان‌و دیروکا مە .

هیڤیدارین هەمی قەلەمێن کورد ، یێت دلسوز ژبو خزمەتا پێشکەفتنا مللەتی بجەنگن .

ژمارە (٤١)
١٣ تشرینی دووەمی ١٩٧١

یادی «٢٣» ساڵەی کۆچی دوایی «دڵدار»ی تێکۆشەر

عزیز گەردی

هەر شاعرێکی سەیری ئەکەیو لێی وورد ئەبیەوە ،جیهانێکی فراوانی سەربەخۆیەهەر چەند هێزو گوڕی دڵودەروونو تینو تەوژمی بیروباوەڕو تابو توانای لەشمان هەیە بە جارێك بیخەینەکار ناتوانین ئەم جیهانە بێ سەرو بنە پێشان بدەینو هەموو سووچ وقوژبنێکی ڕۆناك بکەینەوە ،هەر لەم باوەڕەشەوە بۆ ئەوە ئەچین کە لە یادی ئەم جارەی دڵدارا ، دڵداری تێکۆشەرو نیشتمان پەروەرو پێشکەوتوو خواز تەنها هەندێ سەرنجو تیبینی پێشان بدەین لە بارەی خەباتو تێکۆشانو باوەڕهێنانی دڵدار بە ئیشو دەوری ئەو ئیشە لە گۆڕانو پێشخستنی کاروانی ژیاندا .

(دڵدار) هەر لەو ڕۆژەوە کە کەوتە ناو کوورەی ژیانو بیرو لێکدانەوەو دەست نیشان کردنی هەڵویستێکی تایبەتی لە ژیاندا (وەك هەر ڕۆشنبیرێکی تر) ئەم دێرە هۆنراوە زێرینەی کرد بە دروشمی هەمیشەیی لە ژیانا :

بەڵێ ! خۆشە ئەمەل گەر بێو لەسەر ئەم ڕێگەیە ڕەنج دەی
بەڵام گەر هەر خەیاڵات بێ، نە وەی هەت بێ ئەویش ئەڕوا

(ئەمەل) – ئاوات خۆراکی ژیانە « ژیان بە هومێد خورایە» هەر کاتە ئاواتو ئومێد لەبەر دەم تێکوشانی بێووچانی ئادەمزادا توایەوە ، ژیانەکەشی ئەبێ بە ئاژاوەو سەرگەردانی، لە ئەنجاما ئەڕزێو دائەفرەقێ . ئومێد : چرایەکە تارێکیی سامناکی باڵ کێشاو بەسەر کەژاوەی ژیانا شەقار ئەکاتو رای ئەماڵێ ، هێزێکی نهێنی ئەفسووناوی یە ئادەمزاد بەرەو سەرکەوتنو پێش کەوتن رائەکێشی .. بەڵام ئایا هەر (ئەمەل)و بەس ؟ ئایا هەموو جۆرە ئەمەلێك هێزو گوڕ ئەدات بە ڕەوتی ژیان ؟ بێ گومان : نەء ! چونکە هەڵنانی کۆشكو تەلارو دروست کردنی میرگو مێرغوزار لە خەونی خەیاڵی پووچا لە دۆشاو زیاتر نالوپێنی بە ریشی خاوەنە تەمبەڵەکەیا .. بەڵام تاکە ڕێگاو هۆیەك بۆ دەستەبەر کردنو گەیشتن بە ترۆپکەی ئاوات هەولو تێکۆشانو ڕەنجدانە .. چونکە ئادەمزاد

بوونی بە ئیشەوە بەستراوە ! ئەگەر بە تینو تابی ئیشوکار نەبوایە ئادەمزاد ئەوەندە پێش نەئەکەوت ، ئەبوایە ئێستاش لە چاخی بەردا بخوولایەتەوە ، هەموو تەکاندانێکی ژیان بۆ پێشەوەو هەموو دۆزینەوەو داهاتنێك زادەی ئیشو تێکۆشانە ..

هەر لەم چەمكو تێگەیشتنەشەوە « دڵدار » باوەش بۆ ئاواتەکانی ئەکاتەوە چونکە بەلای ئەوەوە ئاوات وەهمێك نی یە ئێمە بە خەیاڵ خۆمانی تێ بئالێنین ، بەڵکو : راستەقینەیەکی بزوێنەرە ئەبێ ڕەنج بدەین تا بە کردەوە بیهێنینەدی ، گەوهەرێکە لە شوێنێکی سەختو تووشا ئەبێ ئارەقی ڕەشو شینی بۆ بڕێژین ، ئەبێ ئێمە بە شاخی زەقی رکا بۆی سەرکەوین نەك (بەبێ سوود) چاوەنۆڕی ئەوە بین کە ئەو ئاواتە بێتەخوارەوەو خۆی بکا بە ئامێزمانا ..

تێکۆشانو ئیش کردن تاکە ڕێگایەکە بۆ مسۆگەر کردنی ژیانێکی بەختیارو لە بنجەوە هەڵتەکاندنی ژیانی رزیوی کۆنی بۆگەن لە قاوغەی رژیمێکی نارەوای کۆمەڵایەتی دا تاکە ڕێگایەکیشە کە ئادەمزاد ئەسپی پێشکەوتنی تیا تاوبدات بۆ ئەوەی گالیسکەی دواکەوتووی گەلەکەی بە کاروانو کەژاوەی خۆشرەوی گەلانی تری ئەم سەرزەمینە بگەیەنێ .. ئایا هەموو ئیش کردنێك

وەکو یەك وایە ؟ ئایا هەموو ئیشێك یەك ئەنجام ئەدا بە دەستەوەو هەموو ئەنجامێکیش لە یەك جۆرە ئیشەوە پەیدا ئەبێ ؟ ئایا ئەو ئیش کردنەی دڵدار مەبەستی بوو چ جۆرە ئیش کردنێك بوو ؟ ئایا ئیشێکی ساکارو بەرەڵلاو لابڕ بوو ؟ یا جۆرە ئیشێك بوو کە لە کوورەی ڕێکخستنی زانیاری یەوە هەڵی دێنجا ؟ بێ گومان (دڵدار) ئەیەوێ لە ئیش کردنو ڕەنجدان لغاوی ئەسپی تێکۆشانی (فکر بێت ، واتە دڵدار لە کاتی ئیش کردنو هەولو تەقەلا دانا بیرو هۆش بەکاردێنێ کە ئەم ئیشە بۆچی ئەکا ؟ بۆکێی ئەکا ؟ ئەم ئیشە راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ خزمەتی چ تاقمو چینێك ئەکات ؟ تا چ رادەیەك ئەم ئیشە ئامانجەکەی دێتە دەست ؟ ئەو کۆسپانە چین ئەبنە بەربەستی ئیش کردنەکە؟ چۆن ئەو ئاستەنگو کۆسپانە ئەتاوێنرێنەوە ؟ بۆ ئەوەی بە لغاوی ئەم لێکدانەوەو بیرکردنەوە ڕێگا نەدا ئەسپی تەلاشو تێکۆشان هەرەتەی هەڵدێری هەزاربەهەزار ببێتو بۆ ئەوەی

بەپێی کاتو شوێنو زروف ئەم ئەسپە بازاو رای بگرێ .. یا هێوری بکاتەوەو تاوی بدا .. خۆ ئەگەر (دڵدار) بیەوێ گڕی تێکۆشانو تەقەلادانی خۆشی بکات ئەوا پەنا ئەباتە بەر (علم) (زانست)و ئەیکا بە ئاوزنگی ئەسپی تێکۆشان بۆ ئەوەی هەر کاتێ زروف رێك بووو شوێن نەرمان بوو ئەو ئەسپە لێ بخوڕێو ئاوزنگی لێبدات ! بەمەوە (دڵدار) لە لایێ ئاوزنگی (علم) لە ئەسپی تەلاش ئەداتو ناوجەرگەی ژیانی پێ شەق ئەکاتو تەمی نائومێدیو تۆزی پاش کەوتن ئەڕەوێنێتەوەو دائەوەشێنێ لە لاییکی تریشەوە بە لغاوی بیرو هزرو لێکدانەوە ئیش کردنو هەولدانەکەی لە بۆتەیەکی ڕەوانا رێك ئەخاتو لە هەڵەو تێکەوتنا پارێزگاری ئەکات . ئەمە هەمووی لە کاتێکا لە ئەم هەموو ماناو مەبەستە پوختو خەست ئەکاتەوەو ئەڵێ :

لە مەیدانی (تقدم) دا تەلاش
ئەسپی نەجاتت بێ
لغاوی ئەسپەکەت فکرو (علم)
ئاوزینگو زینت بێ

بەم جۆرە (دڵدار) چۆن لێرە (علم) ئەکا بە ئاوزنگی لێخوڕینی ئەسپی تێکۆشان ، ئاواش لە شوێنێکی ترا ئەوە پێشان ئەدا کە ئێمە لە سووچی تێکۆشانی دانەپساومانەوە لە هەموو شتێ پتر پێویستیمان بە زانستی یە .. ئەو زانینەش بنجو بناوانی ژینە .. ژیان ئەگەر بناغەی لەسەر کۆنکریتی زانینەوە دانەڕژابێ خۆی پێ ڕاناگیرێ ، هەر گەلو نەتەوەیەکیش بێ زانین بێ ئەگەر زیندووش بێت هەر بە مردوو ئەژمێردرێ :

پێویستم بە زانینە
زانین بناغەی ژینە
گەر گەلێ بێ زانین بێ
گەر زیندووش بێ مردینە

مایەوە سەر ئەوە : ئایا ئەم هەموو هەولو تەقەلاو ڕەنجدانەی کە دڵدار خۆی ئەیکاو داوا لە منو تۆش ئەکا کە بیکەین بۆ چ ئامانجێکە ؟ ئایا ئامانجێکی تاکیو کەسێتی تەسکە ؟ یا ئامانجێکی کۆمەڵایەتیو نەتەوایەتیو نیشتمان پەروەری فراوانە ؟ دە سەیری کە وا خۆی ئەڵێ :

لە ڕێگای شانو بەرزیدا
دوور ئەندیشێکی وورپابە
(منافع پەروەری میللەت)
ئەبێ ئامانجی ژینت بێ

واتە : « دڵدار » تاکە ئامانجێك کە لەبەردەم کاروانی تێکۆشانی گەلی دائەنێ سروودی ئەو گەلو ئەو نەتەوەیەیە ..

لە سەرووی ئەمەوەش دڵدار ئیش کردنو خەباتی بێووچان ئەکا بە چەکێکی تیژو بڕندەو شەڕی پێ ئەکا لەگەڵ هێزی تاریکیو زۆرداریدا ، ئامانجە دیارکراوەکانی پێ لە ئاسمان دێنێتە خوارەوە ، لە هەمان کاتیشا فرمێسکی داخو هەناسەی ساردی خەفەتباری بۆ ئەو لاوە کوردانە ئەڕێژیو هەڵ ئەکێشی کە لە جیاتی ئەوەی وەکو لاوانی نەتەوەکانی تر شیری ڕەنجو تێکۆشانی بازوو هەڵکێشنو بکەونە جەنگی ژیانو مردنەوە ! هەموویان لە دەوری مێزی رازاوەی پێکدا بە چاوی یەکتر ئەخۆنەوەو لە ژیانو ناخۆشیو خەفەتباری گەلەکەیان هەڵدێنو خۆیان لەناو کاسەی مەیدا ئەخنکێنن:

ئەسلەحەی هەر میللەتێ
سادەستو بازووی گەنجیەتی
ڕۆژی شوعلە بەخشی ئومێد
فیکرو کاری گەنجیەتی
مەرهەمو زامی برینی
کردەوەو هەم ڕەنجیەتی

بڕوانە : ل ٧

کتێبی هاوکاری

سەرەتایەك لە فەلسەفەو ڕێبازەکانی

حمید عزیز

● سوقرات ●

بە یەکێك لە هەرە مەزنەکانی مێژوو ئەژمێرری ، فەلسەفەی یۆنانی کردوە بە دوو بەشەوەقۆناغی پێش خوێو ئەو قۆناغەی کە لە دوایەو دێت .

داستانی ژیانو مردنیو کردارەکانی پڕە لەکارەساتی سەر سوڕمێنەر بە رادەیەك کە زوور بەی نووسەران گرنگیەکی وایان پێداوە بیرورایان لەبیر کردوە . بەتایبەتی مرۆڤێك لە سەر دەمێکی شیواوی وەکو سەدەی پێنجەمی بەر لەزایین لەکۆمەڵێ شڵەقاوی یونانیدا ژیابێ کە باوەر بە هەموو شتێکی پیرۆز کەم بوبێو ئەو قسەو کرداری یەك بووەو ژیانی کردوە بە قوربانی ئەو بڕوایەی باوەڕی پێ بووەو بە خۆشیەکەوە پێشوازی مردنی کردوە .

سوقرات لە دەورو بەری ساڵی (٤٧٠) پێش زایین لەدایك بووەو نزیکەی (٧٠) ساڵ ژیاوە . باوکی پەیکەر تاشو دایکی مامان بوە . ماوەیەك پەیکەر تاشی کردوەو ئەمجار رووی کردۆتە فەلسەفەو بەنامەیەکی پیرۆزی داناوە لەژیاندا . مرۆڤێکی دیمەن ناشیرین بوە .... کورتە باڵاو چاو زەقو لوت پووچ ...سوقراتی دانا بە پێچەوانەی فەیلەسوفەکانی ترەوە لە شوێنە گشتی یەکاندا لە کوچەو کۆڵانو بازاردا لەگەڵ خەلکی تێکەڵاو بووەو هیچ گوێ نەداوەتە پایەو پلەو زانستو دارایی یان لەگەڵیانا دواوە دەربارەی ژیانو گوزەرانو مردنو رەوشتو نەریتو ئەو مەسەلانەی کە مرۆڤی ئەودەمە خەریکی بوەو ناوەرۆكو بابەتی فەلسەفە بوون ئەفلاتونی حەکیم قوتابی یەك بوە لە قۆتابیە دڵسۆزەکانیو تاوەکو دوا ساتی ژیانی لە سەر ئەم دڵسۆزی یەی ماوە .. بە جوانترین شێوەش باسی مامۆستایی و ژیانو بیرو راکانی کردوە ... بەرادەیەك کە قسەکەری هەموو نوسینەکانیەتی .

ئەفلاتون ئەڵێ :- سوقرات لەو باوەڕەدابوە کە ئەو چالاکیو تەقەللایەی ئەیدات لە ئەنجامی پەیامێکی یەزدانی یەوەو فەرمانی پێ ئەکرێت . جا لە دیالۆگێکی دا ئەم ڕووداوەی باس کردوە : ڕۆژێکیان[1] (سیرفون) ناویك بۆ زیارەت ئەچێ بۆ پەرستگای – دیلفی – و لەئاخوندی پەرستگاکەی پرسیوە کەسێ هەیە لە سوقرات داناتر بێ ؟ وەڵامی ئاخوندەکە بە (نەء) ئەبێت . واتا سوقرات داناترین کەسی سەردەمی خۆی بوە ... جا سوقراتیش هەروەکو خۆی وتویە هەوڵی داوە دروستی ئەو قسەیە بسەلمێنی تاچەندە ... بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ خەڵکدا کەوتۆتە گفتو گۆوشیوەی دەمەتەقی (دیالۆگی) بەکارهێناوەو لەم ڕوەشەوەوتویە : من دایکم مامانەو ئاسایی ئەو ئەکەمەوە ، ئەو یارمەتی ئەدات لەکاتی منداڵ بوندا و من یارمەتی خەڵك ئەدەم لەکاتی بیر کردنەوەدا و هاتنە کایەوەی بیرێکی تر !

دوای ئەوەی سوقرات ناوبانگی دەرکرد وە لە تەمەنی (٧٠) ساڵیدا لەلایەن سێ کەسەوە شکاتی لێ کراو تاوانبار کرا بەوەی گوایە :

● **مێشکی لاوانی تێك داوەوخوو ڕەوشتی خراپ کردوون .**
● **نکولی لەبونی خواوەندەکانی یۆنان ئەکات .**
● **داوای پەرستنی خواوەندێکی تر ئەکات .**

دوای کارەساتە پڕ سەمەرەودراماتیکی یەکەی دادگا فرمانی مردنی بەسەرا درا ... ئەریستۆفان وئەفلاتونی داناش بەشێوەیەکی دراماتیکی یانە ئەم کارەساتە پڕ زامەیان تۆمار کردوەو هەندێ جار وادێتەبەرچاو کە سوقراتی راستەقینە زۆر جیاوازترە لەو سوقراتەی کە خامەی خەیاڵی ئەودوو نووسەرە کێشاویانە ...ئەفلاتونی حەکیم لە هەموو نووسینەکانیدا سوقراتی کردوە بە قسەکەرو تەنها لەدوو جێگا ناوی خۆی ئەهێنێ ...رەسل لەوبڕوایە دایەکە ئەو هەڵوێستەی ئەفلاتونیش لە دڵسۆزی یەوە ... دیارە نکولی ناکرێت لە دەوری سوقراتو ئەو کارەی کردۆیەتی یە سەر فەلسەفەی ئەفلاتون بەڵام وەنەبێ ئەفلاتون لەو شتانەی نوسیویەتی یەوە هەر گوێ گر یاخود میرزا بوو بێ .

[1] – احمد أمین – زکی نجیب محمود : قصة الفلسفة الیونانیة – قاهرة ص ١٠٨ .

ماوێتی

لە دەم جوتیارێکی کوردەوە

عبد القادر ئەمین ماوەتی

لە ژوورەکەی خۆمدا دانیشتبووم سەرم ئەهێناو ئەبرد وورده خەیاڵاتی چەرمەسەری ژیان مەستی کردبووم ، لە گۆمی شڵەقاویائە سوڕامەوە تامی ژیان هێشتا لای ئێمە تاڵەو بەری نی یە ، قۆناغ ووونە ژیان بەترسو لەرزە ، هاتو نەهاتی تێدایە .

ئا لەم کاتەدا بوو پیاوێکی پشت کۆماوەی گۆچان بەدەست خۆی کرد بە ژوورا ریشێکی ماشو برنجی، جووتەبرۆکانی کەوانی هەڵگەڕابوونەوە ، چاوەکانی فرمیسك تیانا قەتیس مابوو، موەکانی لێ گرژ بووبوو ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو ، رانكو چۆغەکەی داو داو وەستابوو ، پشتینەکەی لە پشتیا پێچی خواردبوو .

پیری قسەزان هاتە قسەو ووتی !

کوردێکی هەژاروو بێدەرەتانم لە گوندێکی بچوك لە قوژبنێکی ئەم کوردوستانە ئەژیم . سامانەکەم هەندێ مەڕو ماڵاتە، خوا پێم بهێڵێ بەسمە . هەر چونێك بیت ژیانێکی کولەمەرگی خو ئەبەمە سەر ، زەوی و زارەکەم بەپیتو بەرەکەتە ، بەڵام .....!

خوا دەست بە باڵی بەگ بگرێت بەس نی یە ساڵی هەندێکمان ئەداتێو پێوەی بەرێوە ئەچم !! بێ دەسەڵات بووم و کارم پێ ناکرێ ئەوەی ئەشیکەم هەر بەشی ئەوە ئەکات کە بیدەمەوە بەقەرزەکانم .

چی بکەم سەلەمەکەم هەرزوو ئەبێ بدەمەوە . لەوە زیاتر هیچ دەرەتانێك هەیە ، کێ ئیستا لەخەمی کێ یە ، هەرچی بۆ خۆت نەچی بەپیریەوە بۆت ناکرێت .

دوو خزمەت کاری تۆم هەبوون بەراستی بەجەرگو ئازابوون ، دڵسۆزی منو ئەم خاکە بوون ، چیت پێ بڵێم ئەوەی راستی بێتو لێت نەشارمەوە چەندساڵێك لەمەوبەر لە شەڕدا مەرگیان بەم خاکە سپارد ، ئێستا وا منیش ئابەو حاڵە ئەبینیو سەرم ئەلەرزێو لەوەتی ئەو دوو کوڕەم نەمان بەجارێك بێدەست بووم ، ئەوان بوون جار جار لایەکیان لێ ئەکردەوە ژیانێکم بەوانەوە خۆش بوو ، ئاڵەو کاتەوە کە بوونەتە سەدەقە سەری تۆ پەکم کەوتووەو ئیشەکەم بۆ ناڕوات ، خاوەن سەلەم پارەی ئەوێتو تەنگی پێ هەڵچنیووم و وردیلەکانم بەسەرما ئەکروزێنن ئەم ئەرزوحاڵەم بەدەستەوەیە ئەیدەم بۆ ئەوەی بزانم کوێرە مووچەیەکم بۆ نابڕنەوە هەقی ئەو کوڕانەم ، کەچی ئێستا پێم ئەڵێن چیت ؟ بەهیچ جۆرێك رێگام پێ نادەن بیدەمە دەستیان لێم تورە ئەبنو جوابم نادەنەوە، لە دەورت گەڕێم ماوەیەکی زۆرە کەوتوومەوەو ئیشەکەم لێ گران ئەکەنو بەئەمڕۆوسبەی هەڵیان خڵەتانووم ، لەوە ئەچێت کە هیچ شتێکم دەست گیر نەبێت ، پەنا نەماوە بۆی بچموە یاخود هەندێ جار لێم تورە ئەبنو ئەڵێن برۆ ماوەیەکی تر وەرەوە، ئیشەکەمان زۆرەو سەرمان قاڵ مەکە .

سا بەخوا خەڵکی ئەم زەمانە ئەوەندە بەتەنگ هەژاروو بێدەرەتانانەوە نین دەروونیان ناسوتێ نازانم بۆچی ؟ ئەوەی من کردوومە لەتەمەنی گەنجیما کەس نەی کردووە ، هەر چیەکم لەدەست هاتبێتو توانیبێتم کردوومە ، قەت کەم تەرخەمیم نەکردووە بەسەرو بەماڵ یارمەتی هەژاروو لێقەوماوانم داوە ، کەچی ئا ئەوەتا بەم جۆرە جوابی پیرێکی پەککەوتەی وەك من ئەدەنەوە ، هەمووی پێنجو دوو ڕۆژێکم ماوە ، قەیناکە من هەروا فێری ئەم ژیانە کولەمەرگیەمو بۆمان بەجێماوە ، سا هەر چونێك بێت من خەریکم ئەمرمو ئەوەندەم نەماوە لە خەمی خۆم نیم ، بەڵام ئەی ووردیلەکانم چی لێ بکەم شەوو ڕۆژ هەراسانیان لێ هەڵگرتووم .

من کابرایەکی جوتیارم چمداوە لەم سەر هێشەیە خۆم تووشی ئەرزوحاڵ کردووە بەقسەی خەڵك ، خوا ئەزانێ بەیانی چیمان لێ بەسەر دێت ، ئەوەندەی پێ ناوێت ، جارێ وا لای بەگ هەردووکیان خۆ ئەژێنن و وورده کارێکی هەبێت بۆی جێبەجێ ئەکەن ، گەورە بوونو پێویستیان بەمن نەماوە لە کوڕەکانی خۆی جیایان ناکاتەوە ... تاد .

پاشماوەی : دوو ڕوداوی ..

هەموو رەومان کرد .. منیش یەکیك بوم لەوانەی کە ناوچەکەمانم بەجێ هێشت .. هانینە دیێی (... وە) خوا ماڵیان ئاوا کات لەگەڵ تۆدا .. ژێرخانیکیان پێدا ین لایەکی خۆمانی تیابوین ئەو لاکەی هیسترەکەم نەخوش بوو تیایا کەوتبو .. هەرچیم بو فروشتم دام بەئالفو جۆ بۆ هیسترەکەم بۆ ئەوەی چاك بیتەوە چونکە سەرچاوەی ژیانی خیزانەکە .. بە برای خوم بڵێم هیشتا چەند ڕۆژێکمان مابوو بۆ جەژنی ڕەمەزان .. دوو کوڕی کوڕپەم هەبوو هەردوکیان نەخوشی سوریژەیان بوو .. لە شەویکی ساردو کپی زستانا هەردوکیان پیکەوە مردن .. لەگەڵ خیزانەکەم ویستمان هەر ئەو شەوە بەدزی خەلکەوە بیان نیژین بۆ ئەوەی ئەو نهینی یە لە خەلك بشارینەوە کە توانام نیە چەند گەزێك خام بکڕم بۆ کفنەکانیان .. چیمان کرد ؟..

هەستاین سەرینایەکمان برو کە شەوان سەرمان ئەکردە سەریو ئەخەوتین ، دوو بەرگی کۆنەی پێوە برو هەردوکیمان کردەوەو شۆریمان .. هەر یەکەیان لەکۆرپەیەکمانەوە پێچا .. بەڵام پەرەمریشکەکانی ناوی بەو دەورو بەرەدا پژان.. ئێمە لەشپرزەیی خۆمان ئاگامان لە پەڕە مریشکەکان نەمابوو.. هەر بەو شەوە لەو گۆڕستانەی کە کەوتبوە لاشانی ئاوایی یەکەمانەوە لەگەڵ خێزانەکەم مەردانە گۆڕمان بۆ هەڵکەندنو هەردوو منالەکەمان ناشت .. بەیانی خەلکی ئاوایی زانیان کە هەردوو منالە کورپەکانم مردوون : بەڵام لە لایەکی ترەوە چەند مریشکیکی ئاوای ئەو شەوە نەمابوون بەیانی کەچاویان بە پەڕو پۆ رژاوەکەی ماڵی ئێمە کەوت هەر کەسە لەجیگای خۆی ئەیووت :

(ئەوا دەرکەوت مریشکەکان کێ دزیونی ...!!)

زیاد لەو هەموو دلتەنگی یەی کە روی کردبووە ئێمە .. ئەم گیرو گرفتەی تریش برو بە سەربار .. منیش هەرچیم کرد نەمتوانی ئەو نهینی یەم ئاشکرا بکەم بۆ ئەوەی خۆم لەم تاوانە رزگار کەم .. خەلکی ئاواییش لەسەر گفتی ئاغا لە ئاوایی دەریان کردم ..

بیرێکی ڕاگوزاری

– هەنگاوێ بۆ پێشەوە ... دووان .. بۆ دواوە ... چۆن بووین .. هەروا ئەبین .. لەکوێوە دەستمان پێ کرد لەوێدا کۆتایی دێ ... و ... بەم جۆرە ...

– ئەتەوێ بڵێی چی ...؟

– ئەمەوێ بڵێم ... تا خوومان وابێ ... چارەسەری گیروگرفتەکانمان بەلاسای کردنەوەی ئەوانە بکەین ... گیرو گرفتەکانیان دروست کردوە .. هیچ .. بەهیچو .. ئاوبێنەو .. دەمو چاوت بشۆ .

● وا راهاتوین .. یان وایان فێر کردوین (فلان کەس .. پیاوێکی خراپە ، زۆر ئەخوات .. وەرن بۆ چارەسەرێ بگەڕێن ... ئێمە پێمان ناخۆشە ئەم کابرایە زۆر ئەخوات ... چارە ...؟ چارە ...؟... ئێوەش زۆر بخۆن !!) ...

– کەواتە راستە ، ئەمانەوێ ... بۆپێشەوە .. کاتێ سەرنج ئەدەین .. گەڕاینەوە .. لەسەر شارەوە دەستمان پێ کرد ... لەوێشا دوایی هات ...

– ئەی چار ...؟!

– کەی فێر بووین .. چارەسەری گیروگرفتەکانمان بەلاسای کردنەوەی (خوڵقێنەری ئەو گیروگرفتانە نەکەین) براکانم ...

لەخۆم زیاتر خۆشم ئەوێن .

– بەهرە –

ووڵاتان بناسە .

ئەریتیریا

پاشماوەی : ژمارەی پێشوو

لەگۆڕینی : غازی رەسول

بەسەر دەزگاکانی راگەیاندن (اعلام)ی حەبەشەدا هەتا ئیسرائیل لە نزیکی شاری (مصوع) ئیستگەیەکی نهێنی داناوە کە دژی ووڵاتە عەرەبەکانو ووڵاتە ئیسلامەکان ئەدوێ وەمخابراتی ئیسرائیل بەریوەی ئەبات ، لەوەش زیاتر حکومەتی حەبەشە نێراوێکی نارد بۆ فەلەستینی زەوت کراو بۆ شارەزا بوون لە ئوسلووبی سزا دانو لەناو بردنو زۆریش لەئیسرائیلەوە هاتن بۆ حەبەشە تامەشق بە دەریاوانەکانی ئەوی بکەن ماوەی مەشق کردنەکەشی دوو ساڵو نیوە وەمەشقی هونەری شەڕو (تەبوگرافیاو ئەندازیاری سەربازیو مەلەوانیو پەرەشوت ئەگرێتەوە تا ئەو هێزانە توانای شەڕکردنیان لەگەڵ شورشگێرەکانی ئەریتیریا هەبێت وەبتوانن بەر بەستی هاتنی چەکێش بۆ شورشگێرەکان بکەنو دامەزراوەکانی سەر دەریاش لە پەلامارەکانی سوپای رزگاری میللی ئەریتیریا بپارێزن بێجگە لە زامن کردنی سەلامەتی هاتو چۆی بازرگانی ئیسرائیلو ئیمپریالزم لە ئەفریقا کە بەسەر ئەریتیریادا ئەڕواتو

بەپێچەوانەشەوە هەر وەها دەوڵەتۆکەی ئیسرائیل قوتابخانەیەکی سەربازی لە شاری (دقی محری) لە ئەریتیریا کردوتەوە بۆ مەشق

پێکردنی سەربازەکانی حەبەشەوە وە ڕاهێنان بە چۆنیەتی بەرپەچ دانەوەی بزوتنەوە چەکداری جەماوەری ئەریتیریای ئازا ، ئەم قوتابخانەیە دەستەیەك شارەزایی ئیسرائیل بەڕێوەیان ئەبەن کە لە ساڵی ١٩٦٣وە بەتایبەتی لە فەلەستینی زەوت کراوەوە بۆ ئەو مەبەستە هێنراونو لە ساڵی ١٩٦٤ ا ژمارەیان زیادی کردو ئەم قوتابخانەیە (٣٠٠) سەربازی کۆماندۆزی تیایە .

– ماوەتی –

پاشماوەی : دەوری رۆشنبیران بە

لەگەڵ چینە کۆنەپەرستو چەوسێنەرەوەکان .. وە هەروەها زوربەی ڕۆشن بیرانی تریش ، گیانی شۆڕشگێڕانەیان گۆڕین ئەکەن ، وە لەڕیزی گەلا جێی خۆیان دیاری ئەکەن .. جگە لە مشتێ لە ڕۆشن‌بیران کە کۆنەپەرستەکان ئەتوانن بیان کڕنو بیان کەنە نۆکەری خۆیان .

بەلام لەگەڵ ئەوەدا کە زوربەی زۆریان دیموکراتو ئازادیخوان ، وە دژی کۆنەپەرستین ، بەلام لەبەینی چینی کرێکارو بۆرجوازیەتدا دێنو دەچن ، لەبەینی نەزەریەو جیهان بینی کرێکارانو بۆرجوازیەکانا دێنو دەچن . وەهێشتا ئەو ڕاستی‌یە لای زۆریان ساغ نەبۆتەوە ، کە کاتێك ئەتوانن خزمەتی شۆڕش بکەن وەببنە ڕۆشن‌بیری شۆڕشگێڕ کە بچنە ناو کۆمەڵانی خەڵکەوەو بەدڵو گیان خزمەتیان بکەن ، وە خۆیان لەجیهان‌بینی وردە بۆرجوازی ڕزگار بکەن و لەجیهان بینی پرولیتاریاوە سەیری دنیاو دوارۆژ بکەن ، وە بەهەموو جۆرێك گیانی خۆپەرستیو تەماو ئاواتی بۆرجوازیانە لەسەری خۆبان دەرکەن ، وەببنە دەروێشی ڕێگەی شۆڕش وە سەربازی نەترسی لەشکری گەل . ئەم ڕاستی‌یە .. تەنانەت لە ناو بەشێکی زۆری ئەو ڕۆشن بیرانەشا دەرکی پێ‌نەکراوە .. کەخۆیان لەڕیزی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەش دان .

لەڕاستی‌دا .. بەبێ ئەو دەرك‌پێ‌کردنە ، وە بەبێ خستنەکاری ئەم هەڵوێستەو جێ‌بەجێ‌کردنی ، هەموو ئیشەکانی ڕۆشن‌بیران تەنها لەناو خۆیاناو لەسنورێکی تەسکا کارئەکات .. وەیان هەر لەقسەی زلی چایخانەکان زیاتر هیچی‌تر نابێت .

لەڕیزی ڕۆشن بیرانا ، وەبە تەئسیری بۆرجوازیەتو فریودانی پەیتاپەیتای ،هەندێك بیروڕای ناڕاست هەیە کە ئەبێتە هۆی پەك‌خستنی گیانی شۆڕشگێڕانەیان وە لادانیان لە ڕێبازی جەماهیر ، وە لەدواییدا ئەنجامی ئەو لادانەش ئەوە ئەبێت کە ببنە خزمەتکاری بۆرجوازیەتو داردەستی چینە چەوسێنەرەوەکان .

تیایە ، وەحەز بە شۆڕشو **تەحریفیەتی ئەم سەردەمە ، هەرچۆن نوێنەری بۆرجوازیەتە لەناو چینی کرێکاردا .. لەڕێ لادانی ڕۆشن‌بیرانیشا دەورێکی بالای هەیە ، تەحریفیەکان هەوڵ‌ئەدەن کە بەچەندەها ڕێگە ژەهری خۆیان برێژنە مێشکی ڕۆشن‌بیرانەوە .. وە دوریان خەنەوە لە ڕێگەی خەباتی شۆڕشگێڕانە لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکا . بۆیەکا بەگژاچوونی بیروڕای تەحریفی لەناو ڕۆشن‌بیرانا پێ‌بەپێی بەگژاچونی بیرڕاو پروپاگەندەی کۆنەپەرستەکان ، کارێکی پێویستە بۆ ئەوەی ڕۆشن‌بیران ڕێگەی ڕاستی خۆیان بدۆزنەوە وە ڕیزەکانی خەباتی گەل چۆڵ نەکەن .**

لێرەدا بەکورتی هەندێك لەوبیروڕا چەوتانە ئەخەمە پێش‌چاوو وەلام ئەدەمەوە کەلەناو ڕۆشن‌بیرانا باوە :-

(یەکەم) :- ڕەئیەك هەیە کە ئەڵێ تەواوکردنی خوێندنو خۆ پێ‌گەیاندن کلیلی ڕزگاری ولاتە ، وەهەر کەسێك ئەتوانێ لەڕێی دکتۆری یان ئەندازیاریو مامۆستایی .. هتد ، خزمەتی گەلی خۆی بکات ،چونکە ولات دواکەوتووە پێویستی بە (کادری علمی) هەیە .!!

ڕاستە وڵاتانی دنیای سێ دواکەوتونو پێویستی بەکادری علمی هەیە ، بەلام هۆی دواکەوتنی نەبونی کادری علمی نیە ، تا بە پێ‌گەیاندنی کادری علمی ڕزگاریان ببێت ، لەڕاستی‌یا هەر خۆی نەبونی کادری علمیو سەدەها مظاهری دواکەوتویی‌تر هەمووی ئەگەڕێتەوە سەر دواکەوتویی وڵاتو نفوزی ئیمپریالیزم و دەرەبەگایەتی ، وە بێ تێك شکانی تەواوی ئەو نفوزە ، لەڕێگەی شۆڕشی جەماهیرەوە ، هیچ لەو نەخۆشیو مظاهرانە چارەسەر ناکرێت .

سەلماندنی ئەم ڕایە ناڕاستە تەنها خۆش‌کردنی ژیانی چەند ڕۆشن‌بیرێکی تیایە ، وە دروست کەری تاقمێ (کادری !) دوژمن بە شۆڕشە .

(دووەم) :- ڕئیەك هەیە کە گوایە ڕۆشن بیران شۆڕشگێڕ نین . بێ‌گومان شی‌کردنەوەی چینایەتی ڕۆشن‌بیران ،وە تاقی‌کردنەوەکانی خەباتیش پێچەوانەی ئەم ڕەئیە ئەسەلمێنێ ، ڕۆشن‌بیران دیلی دەستی جۆرەها ستەم و چەوساندنەوەی ئابوری ، نەتەوایەتی ، سەقافی وە سیاسین ، وە لە خێزانەکانیشیانا دوچاری ستەمی ڕەوشتو عورفی دەرەبەگایەتین، لەبەر ئەوە لە ئەساسا شۆڕشگێڕن . جگە لەوەی کە بەشێکی زۆر لە ڕۆشن‌بیران کەقوتابین ، بەهۆی نەگونجانیانەوە لەگەڵ سیستەمو یاساکانی خوێندنی کۆنەپەرستانە ، وە بەهۆی باری خراپی ژیانو گوزەرانیانەوە ، وە نەبونی دیموکراتیەت لە دانیشگاکانا .. هەمیشە لە ناکۆکیو خەباتدان لەگەڵ کۆنەپەرستەکان .

بێ‌گومان ڕۆشن‌بیران گەلێك کەم‌و کوڕی لە تەبیعەتیانا هەیە بەلام لەگەڵ ئەوەشا هەر لە مواقعی دوژمن بە ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستان‌دان ، وە هێزێکی لەگەڵ شۆڕشن .

وە دەوری ڕۆشن‌بیران لە شۆڕشی سەقافی مەزنی پرۆلیتاری چین‌دا ، وە دەوری پێشکەوتوانەیان لە وڵاتە ڕۆژ ئاوایی‌یەکانیش ، هەروەها مێژووی خەباتیان لە عیراقو سەرجەم وڵاتانی دنیای سێ‌دا، پیشانی ئەدات کە چ وزەیەکی شۆڕشگێڕانەیان تیایە .

(سێیەم) :- گەورەکردنی دەوری ڕۆشن‌بیران :- گۆایە ڕۆشن‌بیران (دەورێکی مێژووی)یان هەیە ، وە لەم ولاتانەدا کە گوایە چینی کرێکار پێ‌نەگەیشتوە لەڕووی ژمارەو چەنیەتیەوە ، ڕۆشن - بیران پێشرەوی خەباتی گەلن وە (ڕزگارکەر)ی جەماهیرن .

بێ‌گومان ئەمە بەسوك تەماشاکردنی چینە ڕەنجدەرەکانی گەلو دەوری سەرکردەیی چینی کرێکارە ، وە لە خۆبەزل زانینو غروری وردە بۆرجوازی ڕۆشن بیرانەوە هاتوە . وە ئەنجامی تێ‌نەگەیشتنی قانونەکانی گۆڕانی کۆمەڵو خەباتی چینایەتی‌یە ، کەوا ئەزانن ڕەنگە بەچوار وشەی شۆڕشگێڕانە ئەتوانرێ شۆڕش بەرپا بکرێت .

لەڕاستی‌یا تا بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانە نەچێتە ناو جەماهیری گەلەوە ، وەنەبێتە هێزێکی مادی وکاریگەر ، هەرگیز ناتوانرێ گۆڕینێکی بنەڕەتی لەژیانی کۆمەڵدا بکرێ .

شۆڕش مەسەلەی کۆمەلانی خەڵکە ..هی‌ملیۆنان جەماهیری چەوساوەیە ، وە تەنها بەساز کردنو ڕێك خستنی ئەوان بەرپائەکرێ ، وە تەنها بە سەرکردایەتی چینی کرێکار کە خاوەنی پێشکەوتوترین نەزەریەیە سەرئەکەوێ .

بێ‌گومان ژەهری تەحریفی‌یەکان،وە پاشەکشەیان لە مەسەلەی سەرکردایەتی کردنی چینی کرێکار ،دەورێکی زۆری هەیە لە بلاوکردنەوەی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەدا .

(چوارەم) :- خەبات کردن .. بەپێی توانا : گوایە هەر چینو تاقمە بەپێی توانای خۆی خەبات ئەکات ،وە لەسەر مەسەلە تایبەتی‌یەکانی خۆی .

ئەم ڕەئیە ترسنۆکانەیەش ئەکاتە ئەوەی .. کە هەرکەس لەجێی خۆیەوە قسەی باش‌بکات ، وەتا ئاگرەکە مالی ئەو نەگرێتەوە ، دەست نەداتە کوژاندنەوەی بێ‌گومان چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕۆشن‌بیران ،وە جێ‌بەجێ‌کردنی داواکاری‌یە ئەساسیەکانیان هیچ لەتوانادا نیە ، بە ڕزگاربوونی گەل نەبێ ، وە **لە شۆڕشی دیموکراتی نوێ دا نەبێ چونکە ڕەگی چەوساندنەوەو باری‌خراپو گیروگرفتەکانی ڕۆشن بیران ئەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی‌یە چینایەتی‌یەکانی ناو کۆمەڵ ، وە بەبێ گۆڕینی ئەوەو گۆڕینی پەیوەندی‌یە ڕزیوەکانی بەرهەمهێنان ، کە ڕێگری هەمەو پێشکەوتنێکی ئابوریو کۆمەلایەتیو سیاسیو سەقافیە ، هەرگیز ناتوانرێ چارەسەری هیچ مەسەلەیەك بەجیا بکرێت .**

بۆیەکا خەباتی ڕۆشن بیران هەر ئەبێ‌بەك بخرێت لەگەل خەباتی کۆمەڵانی خەڵکا ، وە نابێ لە سنوری تەسکی داواکاری‌یە پیشەیی‌یەکانا بهێڵرێتەوە .

وە لە ڕاستی‌یا ، ڕاکردن بەدوای ڕووکاری داواکاری‌یە پیشەیی‌یەکانا،وە لەبیرچونەوەی جەوهەری سیاسیو چینایەتی ئەو داواکاریانە ، خۆی ڕاکردنە لەبەرەو ڕووبونەوەی مەسەلەکەو لەبەر پاکردنی خەباتی چینایەتی .

(پێنجەم) :- دابران لە کۆمەڵانی خەڵکو لە (ئیشی عەمەلی) .

زۆر لە ڕۆشن‌بیران ، دیەارێکی ئەستور دروست ئەکەن لەبەینی خۆیانو خەڵکا ، وە هەرگیز ڕووناکەنە ئیشی عەمەلیو تاقی‌کردنەوەی ڕۆژانەی خەڵكو لێیەوەی فێر نابن . وائەزانن تەنها بەکتێب خوێندنەوە ئەتوانن شارەزای دەردەکانی کۆمەڵ بن، بەلکە چارەسەری بکەن .

بێ‌گومان کتێب خوێندنەوە سەرچاوەیەکی باشی فێربونە ، بەلام نەك هەر تاقە سەرچاوە نیە ، بەلکو سەرچاوەی ئەساسیش نیە ، سەرچاوەی ئەساسی فێربون .. تاقی‌کردنەوەی عەمەلی‌یە ، وە جێ‌بەجێ‌کردنی شتە نوسراوەکانە لە واقعی ڕۆژانەدا وە هەر خۆی کتێب خوێندنەوە شارەزایی‌یەکی گشتی ئەدا بەدەستەوە ، نەك فێربوونی وردو واقعی هەموو لایەنێکی مەسەلەکان .

بۆیە ئەبێ ڕۆشن‌بیران ڕووبکەنە تاقی‌کردنەوەکانی خەڵكو بەجۆرێکی لە پچڕان نەهاتوو لەگەڵ جەماهیر تێکەلاوبن ، وە خۆیان فێری پشکنینو لێکۆڵینەوەی واقعی ژیانی خەڵك بکەن وە هەوڵ - بدەن لەوەوە فێربن ، وەئەو شارەزایی‌یە گشتی‌یەش کە لە کتێبەکان فێری‌بوون بیخەنە کارەوەو لەمەجەکی واقعی بدەن .

وەلە بواری خۆپەروەردە - کردنو خۆبیناکردنیشا ، هەرگیز بەبێ ئەو چالاکی‌یە عەمەلی‌یانە هەر بە خوێندنەوەو بەجیا لەخەڵك و لەخەبات ڕۆشن‌بیرێکی شۆڕشگێڕ دروست نابێو خۆی بۆ پەروەردە ناکرێ .

(شەشەم) :- هەڵوێست لە ئەدەبو هونەر: ڕۆشن‌بیران لەگەڵ ئەوەشا کەزۆریان ئەیانەوێ خزمەتی شۆڕش بکەن وە لە مەجالی قسەی سیاسی‌دا باش‌ئەدوێن ، وەیان لەڕیزی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەدان ، کەچی هەر سەیرکردنێکی ناشۆڕشگێڕانەیان هەیە بۆ ئەدەبو هونەر ، وە زورجار جیای ئەکەنەوە لە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانە . وە ئەکەونە ئەو هەڵەیەوە کە ئەدەبو هونەر ، وەك لێزانینێکی بەرز هەر لە ناو ڕۆشن‌بیرو تێ‌گەیشتوەکانا زەوقی لێ‌ئەبینرێ وەمەرج نیە هەموو‌کەس تێی‌بگات ، وەیان بروایان بە ئەدەبو هونەرێکی جیا لەسیاسەت هەیە .

بێ‌گومان ئەدەبو هونەر چەکێکی گرنگی دوسەرە ، کە هەم چینە شۆڕشگێڕەکان وەهەم دوژمنانی شۆڕش ئەتوانن بەکاری بهێنن . وە ئەدەبو هونەر هەرگیز بێ‌لایەن نابن ، وەکو هەمو شتێکی‌تری کۆمەڵ . ئەم چەکە بەزۆری وا بەدەست ڕۆشن‌بیرانەوە ، لەبەرئەوە ئەرکی سەرشانی ئەوانە کە بەتەواوی بیخەنە خزمەتی شۆڕشەوە وەنەیەلن دوژمن سودی لێ‌ببینێ . بۆ ئەومەبەستەش ئەبێ ڕۆشن‌بیران ئەدەبو هونەر بۆ جەماهیر بەرهەمبێنن ، وە بەزمانی ئەوانو لەناو ژیانی سەختو خەباتی چینایەتی ئەوانەوە هەڵی‌هێنجن .

(حەوتەم) :- نەفەسی کورتی بەردەوام نەبوون لەسەر شۆڕش :

یەکێك لە سیفەتە وردە بۆرجوازیەکانی ڕۆشن‌بیران ، کە ئەبێ خۆیانی لێ‌ڕزگار بکەن ، نەفەس کورتیو بەردەوام نەبوون لەخەباتا هەتاسەرە ،وەکۆڵ‌دانو دەست کردنەوە بەپاڕایی . زۆر لەڕۆشن‌بیران ئەیانەوێ بەپەلەو بەچاو نوقانێك شۆڕشێك بەرپاکەنو مەسەلەکە ببڕنەوە، وە لەخەباتی درێژخایەن ناگەن لەبەر ئەوە لەکاتی شکستەکانی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەدا وەیان لە پلە سەختەکانا ئەکشێنەوە دواوە .

ڕۆشن بیران ئەبێت هەمیشە بەردەوام‌بن لەسەر خۆبیناکردنو ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆگرتن ، وە خۆ پێ‌گەیاندن لە قوتابخانەی خەباتی چینایەتی کۆمەلانی خەڵکا ،وە هەوڵ‌بدەن نەفەسی درێژی پرۆلیتاریا ، وە تاقەتو وزەو ئازایەتی ئەوانیان هەبێ . لە سەختی نەترسن ، لەقوربانی سڵ نەکەنەوە ، لەشکستەکانا گوێ‌نەدەن و هەرگیز ناهومێد نەبن .

ئەبێت زوزو ، تاقی کردنەوەکانی خۆیانو کۆمەلانی خەڵك کۆبکەنەوەو دراسەتی بکەنو دەرسی لێ‌وەرگرن ، وە بەعەزمێکی زیاترەوە درێژە بەخەبات بدەن ،وەهەمیشە سووربن لەسەر خەتی جەماهیری لەخەباتا ، وە لەسەر پەیوەندی توندو تۆڵ لەگەڵ جەماهیرا ، وەهەمیشە خۆیان پەروەردەبکەن بەگیانی خزمەتی گەلو بەتەنگەوە هاتنی ژیانیان .

سەرەکی مەزن ماوتسی تونگ ئەڵێ :-

« ئەو خەتەی ڕۆشن‌بیرانی شۆڕشگێڕ لە ڕۆشن بیرانی ناشۆڕشگێڕ جیا ئەکاتەوە ئەوەیە ، کە ئایا ئەیانەوێ لەگەڵ جەماهیری فراوانی کرێکارانو جوتیاران بن یان نا ، وە ئایا ئەو حەزەی خۆیان جێ‌بەجێ کردوە یان نا . »

پاشماوەی : « ثبات و ئەمنیت »ی

بەپرس و ئاگاداری مەئموورە درندەکانی حکومەت بێ ، کێ دەتوانی بەبێ ئیجازەی جەناب سەروان و حەزرەتی سەرکار قامك لەئاو ڕۆکا ؟ . مەجلیسی جێژن و شایی و شین هەمووی دەبێ بەپرسی پۆلیس و بە بەشداری نوێنەری دەوڵەت بەرپا بکرێ ، هەرجۆرە کۆبوونەوەیەك بەتوندی سزای لەسەر دەدرێ ، بەکورتی کاربەدەستانی پۆلیس و ژاندارمەریو سازمانی «ئەمنیەت» بوونەتە حاکمی موقەددەراتی خەڵك . بەوحالەش حەمەڕەزاشا و نۆکەرەکانی تێر نەبوون تاقەتیان نەگرتووە و بەزۆر چەکیان بەسەر خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی بەسەر عەشیرەتەکان دا بریوە ، بۆ ئەوەی لەکاتی تەنگانە و ڕۆژی ڕەش‌دا (کە بێ‌گومان زۆر دوور نیە) گۆیا پارێزگاری لە تەخت‌وتاج و سەڵتەنەتی دیکتاتۆری حەمەڕەزاشا بکەن . ئەوانەی لە وەرگرتنی چەك تەنەخی بکەن هەزارویەك پەڵپ و بیانوویان پێ‌دەگیریو پاش‌لێدانو پێدادان و بێ حورمەتی ، ڕەوانەی سیاچالەکان دەکرێن . سەیر ئەوەیە ئەو سیاسەتە کاتێك لە کوردستاندا بەکار دەهێندرێ کە کاربەدەستانی ڕێژیم و لە سەرووی هەموویانەوە شا لە هەموو وتوویژەکانیاندا دەم لە « ثبات و امنیت » وەردەدەن و دەڵێن گۆیا ئێران لە سایەی سیاسەتی شاهەنشاوە دوورگەی ئارامی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە . بەڵام بێ گومان هەموو ئەم

هەوڵ و تەقەلایە پەلەقاژەی سەرەمەرگە و ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێران دوارۆژەکانی تەمەنی گلاوی خۆی بەسەر دەبا و هیچ یەك لەو فرت‌وفێڵ و هەوڵ ودەولانە ناتوانێ مانەوەی ئەو حوکمە دیکتاتۆری‌یە دابین بکا. حەمەڕەزا شا دەبێ زۆرباش بزانێ کە ئەو چەکەی ئەمرۆ بەخەیالی خاوی‌خۆی بەمەبەستی سەرکوت کردنی جوولانەوەی ئازادی‌خوازی بەزۆر بەسەر خەڵکی بەشەرەفی کوردستانی‌دا دەبرێ ، لە داهاتوودا ئاراستەی سینگی خۆی و چلکاوخۆرەکانی دەکرێ . ئێمە دڵنیاین کە گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا زۆرباش ماهیەتی ڕێژیمی شای بۆ دەرکەوتووە و هیچ کوردێکی بەشەرەف ئامادە نیە نەبەپارە و بەرتیل و نە بەهەڕەشە و گوڕەشە رابردووی پڕ لەشانازی میللەتەکەی لەبیر بەرێتەوە و پەڵەی خەیانەت بە گەل و نیشتمان بە ناوچاوانی خۆیەوە بچەسپێنێ .

ئەو ڕۆژەی حەمەڕەزاشا لێی دەترسی نیزیکە . هەربێنا دەریای ڕق و بێزاری گەلانی ئێران بەجارێك خرۆشا و تەخت‌وتاجی پاشایەتی لە شەپۆلەکانی‌دا بزر بوو شوێنەواری حوکمی دیکتاتوری و تاقەکەسی لە ئێران‌دا لەناو چوو بەهیوای ئەو ڕۆژەی کە شا وەك هەموو تاوانبارەکانی مێژوو سزای خۆی لەدەستی ڕۆڵەکانی میللەت وەردەگرێ و لەگەڵ دنیایەك تووك و لەعنەتی گەل دەچێتەناو زبڵدانی تاریخ .

پاشماوەی : خوان توریز ...

(ئۆسکار برونسیۆ) پشتگیری قسەکەی لیشنی کردو ووتی :

« لە زانستگادا زۆر قوتابی هەن کە ئامادەن خۆیان بەن بە کوشت لە پێناوی شۆڕشدا کەوابێ چەکیان بدەرێ . »

- توریز : « خۆتان ئەزانن ئەوەندە چەك شك نابەین ، نا ناشتوانم چەك لە سەربازەکان بسێنمەوەو بیدەم بە قوتابیان ! » .

لە پاش‌دا ژەنەڕاڵ توریز بەڵێنی‌دا بە لیشن کەوا هەندێ چەك و تەقەمەنی ئەداتێ .

ئینجا لە سەر باسەکەی ئەڕواو ئەڵێ :

« شەوێ چووم بۆ پشکنینی هێزەکانی دەوروپشتی لاباز وە لەوێ هەموو نارەزاییان پیشان‌دا دژی ئەم سەرپێچیە ، وە چاوم کەوت بە سوپا سالار (کولونێل ئۆسکار) کە پیلان‌گێڕەکان لە دواییدا کردیان بە سەرکردەی گشتی هێزە ئاسمانیەکان ، ئینجا سەرکردەی هێزی ئاسمانیم دی‌و دڵنیای کردم کە « هێزە ئاسمانیەکان هەر لەگەڵت ئەمێننەوە تا دوایی » وە لە نیوەی شەودا گەڕامەوە کوشك دیم وەزیرەکان چاوەنواریان ئەکرد. وە لەگەڵ هەڵاتنی ڕۆژی سیهەمدا زانیم کە فرۆکەوانەکان ئوڕوڕۆیان بۆ مبۆردومان نەکردوە .

وە چوار پشیان هەڵاتوون بۆ کوشابامبا . وە هەندێ لە ئەفسەرەکان ووتیان کە دڵنیان لەوەی سوپا سالار نیازی وایە بە زۆر وازم پێ بهێنێ ، ئیتر خێرا دوای کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی کرد بۆ ئەوەی « خۆ ئامادە کردنی گەڵ » ڕاگەیەنین . بەڵام لە نیوەڕۆدا ژەنەڕاڵ ڕێك بەچەند ئەفسەرێکەوە هاتنە لام بۆ بارەگاکەم ، وە ڕیك لە لای ڕاستمەوە دانیشت و دەستی کرد بە قسەکرد : « هەموو شتێك لەکیس چوو ، تکات لێ ئەکەم وازبێنە و با بەیەکەوە دانیشین . وە من ژیانت ئەپارێزم . »

پێم ووت : هەرگیز واز ناهێنم ، ئەگەر چی بە ناچاریش کۆشك بە جێ بهێڵم .

ڕیك ووتی : « تکات لێ ئەکەم ، جەنابی سەرۆك ، کە بزانی هیچ بە دەستەوە نەماوە » .

ئینجا من پێم ووت : « ئەی بیرت چوە کە من گەلم لە پشتە ؟ »

ڕیک : « خوان ، بە ناوی هاوڕێ‌یەتیمانەوە و بە ناوی منالەکانتەوە تکات لێ ئەکەم ژیانی خۆت ڕزگارکە . »

وەلامم دایەوە : « بەسە (ڕیك) . دە بشرۆ تا کات بەسەر نەچوە . »

دوای ئەوەی ڕیك چوە دەرێ ، هەندێ لە ئەفسەرەکان داوایان کرد کە بێگرم ، بەلام من نەم کرد ووتم ئەبێ بە دەستی خۆی پەتەکە بکاتە ملی خۆی . ئینجا بانگەوازی خۆ ئامادەکردنی گەلم نووسی «ئەی گەلی شۆڕشگێری پۆلیڤیا یارمەتی کرێکارانو قوتابیان و سەربازو جوتیاران بدەن کەوا دلێرانە تێ ئەکۆشن دژی پیلان‌گێرە خیانەتکارە فاشیستەکان .. » وە ئیتر بەیەکادرا .. وە کوتوپڕ کۆلۆنیل ئوتووز لە سەر تەلەفۆن دوای کردم ، ئەوەی دۆێنێ پێی ئەووتم کە دلسۆزمە پێی ووتم : « من هێشتا هەر لەگەلتم بەلام ناتوانم جلەوی هێزەکانی ژێر دەستم بگرم » ، وە ئێوارە تانك ئۆردوگاکانی بەجێ هێشت و بەرەوکۆشك کشانو فرۆکەش دەستی‌کرد بە بۆ بۆردومان کردنی ئەو خەلکەی بە شەقامەکانەوە بەرگریان ئەکرد ، وە ماوەی ٢٥ دەقیقە بۆردومانیان کرد . دوای ئەوە کۆمەلە کرێکارانی سەنجەکان گەیشتنە لاباز بەلام لەبەر ئەوەی چەکیان پێ نەبو هیچیان بۆ نەکرا ، وە تانکەکان بە بەر دەمی خەلکەکەدا ئەرۆیشتن لە من وابوو ئەچن بۆ پاراستنی کۆشك ، کەچی دوای ماوەیەك وای لێهات کۆشك بەرگری لێ نەئەکرا ، وە ئیتر لە ژێر زەبری شالاوی تانکەکاندا بریارمدا کە لاباز بەجێ بهێلم وبچم بۆ (سوکەر) . »

کە ژەنەڕاڵ توریز هاتە دەرێ خەلکەکە هاواریان ئەکرد : چەکمان ئەوێ ! چەکمان ئەوێ ! » ئەویش وەلامی دانەوە ووتی:« وائەچین بۆ ئۆردوگای سوکەر بزانین ئەگەر چەکی لێ بێ » .

ئینجا چوە ناو ئۆتۆمبێلێکەوە و کەوتە ڕێ لە دووری دە مەترەوە لەو تانکانەی بەرەو گەمارۆدانی کۆشك ئەکشان لەو کاتەشدا قوتابیان تا دوا هەناسە بەر گریان ئەکرد بە دەستی بەستی بەتاڵ!

پاشماوەی : ئۆکتۆبەرا مەزن

ئێکاتیا سوڤیێتی هاتە دانان شەنگستێ ڕێجیما سوشیەلیستی ، ئیستعمار گەلەکا عاجز و قەهری یە یا بترسە ژ پاشە ڕوژێ ، دێ ئەف (ڕێجیمە) بسەر کەڤیت ، **یێت باوەر پێدکەن ڕوژ بروژێ زێدە دبن ، ئەوە** هەلدگریت بەیداغا دوژمناهی‌یێ دگەل کومونیستا لباژێرێت ڕوژ هەلاتێ دوژمناهیەکا براستا یا بەردەوام دژی چینا (طبقە) بنی یا نزم ، بەلێ دبێژن **ئەم دوژمنێت کومونیستێت** جهی نە ، نە دوژمنێت کومونیستیت دەرڤەی نە ئانکو نە ئەم دوژمنێت وێ بیر و باوەرێ ینە ، ئیستعمار تەپ و مست و شەقا لهەردو (لا) د دەت الایێ چەپێ و یێ ڕاستێ بو خاترا کو هەر ئەو بمینیت، دگەل وێ چەندێ ژی هەردەم گازی دکەن کو ئەم دوستێن دگەل باژێرێت سوشیەلیستی و یێت کومونیستی ، دویرنینە

ڕوژەکا نێزیك بهێت کو باژێرێ شورەشا ئوکتوبەرێ لێب سەرکەفتی نە هێلیت ئیستعمار شەرێ (تا) پارتێد کومونیست و **سوشیەلیستا بکەت لجهێت دەرڤە . هەر** بجرسکیت ستێرا ئوکتوبەرێ بو هەمی مللەتێد بن دەست دا خەباتەکا گەرم بکەن بو ڕێکا رزگاری‌یێ ژ بن دەستێ زورداری .

پاشماوەی : فەرهەنگی سیاسی

ژێر دەستی ئیمپریالیزمی ئەمریکا بو سوود لێوەرگرتنی لەکاتی پێویستدا .

لە سالی ١٩٥١ کۆنگرێسی ئەمریکا بریاری لەسەر پرۆژەیەکی تردا ئەویش (یاسای ئاسایشی ئالوگۆر) بو و لە شوێنی پرۆژەی مارشال دانرا ئەویش بۆ مەبەستی زیاتر فراوان بوونی (وجود)ی سوپای ئیمپریالیانەی ئەمریکا .

پاشماوەی : یادی «٢٣» ساڵەی کۆچی دوایی « دڵدار » ....

لاوی ئێمەش هەر لەدەورەی ئەی ئەکەن غیرەتکەشی

بەم جۆرە ئیش‌کردن ئەکا بە مەرهەمی برینو ئەیکا بە ڕۆژی تیشك‌بەخش‌و ڕووناك کەرەوەی بیری گەنجان ..

دڵدار لە هۆنراوەی (ئیش) دا نەفرەت لەو ڕابوردەی ئەکات کە تیایا بێ‌ئاگا بوو لە **سوودو کاریگەری ئیش کردنەوە** ئەو کاتە کە دڵ بە شوێن ئەفسانەو خەیالی پروپووچ کەوتبوو و وای ئەزانی کە هەموو شتێ لە خۆیەوە ئەبێو « ئیشی دونیا ڕەنجی پێ‌ناوێ » .. چۆنکە ڕەنج بدەی‌و نەدەی ئەو هەر کۆتا ئەبێت :

دڵ بەدووی ئەفسانە کەوتوو وای ئەزانی وا ئەبێ

ئیشی دونیا ڕەنجی پێ‌ناوێ بە خۆی کۆتا ئەبێ

لە شوێنێکی‌ترا ئەوەندە باوەڕ بە ئیش‌کردن لە خوێنا ئەتاوێتەوە کە سووی لەو ڕابووردووەش ئەبێتەوە کە خوێنی خۆی نەکردووە بە پەین بۆ درەختی ئومێد لێرەدا دڵدار بەئارەقەی ڕەش‌و شین ناوەستێ کە ئەیکا بە جۆگەو جویبارو درەختی ئومێدی پێ‌ئاوئەدا بەڵکو ئەوەشی بۆ ڕوون‌ئەبێتەوە کە سەرەڕای ئەم بە ئارەق ئاودانە ئەگەر بە خوێن پەین بکرێ ئینجا بەرهەمی ڕاستەقینە بە خەست‌و پڕی ئەدات :

نەی دەزانی ئەو بە ئارەق داری ئومێد ئاو بدا

گەر بە خوێن پەینی بکا ئەوجا سەمەر پەیدا ئەبێ

« دڵدار » کە ئەڕوانێتە مرۆڤ‌و لێی وورد ئەبێتەوە نە هەموو سێلێکی لەشیا گڕێکی ئیش‌کردن ئەبیسێ ! هەر بەو هۆیەشەوە مرۆڤ ئەکا بە خاوەن توانایەکی بێ‌هاوتا کە هەرچی بیەوێ پێی ئەکرێ .. مرۆڤ ئەگەر (ویست - ئیرادە)ی بە هێزبێت‌و ئاواتێکی ڕۆشن‌و دیاری لەبەرچاو بێت قۆڵی خەباتی ڕاستەقینەشی لێ هەڵمالی هەڵبەت بە هەموو شتێ ئەگات‌و ئەگەر لەم کولانکەو ڕوانگەوەش بڕوانینە تواناو لێهاتن‌و دەست ڕۆیشتنی ئادەمزادەوە ووشەی (نابێ) بە تەواوی لە فەرهەنگی کردارو ئاواتا ئەسڕێتەوە .. هەر بۆیەشە دڵدار ڕوو لە من‌و تۆ ئەکات‌و ئەڵێ :

لفظی (نابێ) نابێ بیزانی کە لاوی کوردی تۆ

هەر بە کۆشش دێتە بەر باغی ئەمەل ئیجا ئەبێ

خۆ ئەو نەتەوەی بازووی لاوانی لەڕەنجا نەبێ ژیانیشی نابێ ! دەی ! هەر بە هۆی تێکۆشان‌و ئیش‌کردنی خۆنە - ویستی نی‌یە کە خەڵکی لەسەر مانگ پیاسەئەکەن‌و ئێمەش بێ‌شیو سەرئەنێینەوە ؟

پاکۆدانی داگیرکەران ، ئاوەدان کردنەوەی وولات ، پێش‌خستنی ئابووری‌و ڕۆشن - بیرێ .. هتد . بەندەبەرەنج‌و تێکۆشانی ڕۆڵەکانی گەلەوە .

مردنە ژینت بە بێ‌کاری لە سستی لابدە

هەر بە ڕەنجی لاوی وەك تۆ نیشتمان ئاوا ئەبێ

پاشان دێتە سەر ئەوە کە حەقیقەتی پێویستی وەتەن بە بازوو و شانی لاوان ڕوون ئەکاتەوەو ئەڵێ :

ماوەیتی

Institut kurde de Paris

کۆنگرەی حیزبی کاری ئەلبانی

لە سەرەتای ئەم مانگەدا، حیزبی کاری ئەلبانی کۆنگرەی شەشەمی خۆی بەست، کە زیاتر لە ٨٠٠ نوێنەری تیا بەشدار بوو، وە نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە مارکسیست - لینینستەکانی جیهان ئامادەی بوون. کۆنگرەکە ڕۆژی ٧ی تشرینی دوەم تەواو بوو بە هەڵبژاردنی کۆمیتەیەکی مەرکەزی نوێ بەسەرکردایەتی ئەنوەر خواجە.

حیزبی کاری ئەلبانی پێش ٣٠ ساڵ، لە یەکگرتنی چەند ڕێکخراوو دەستەیەکی مارکسی - لینینی پێک هات. ئەوساکە لە هەموو ئەلبانیادا چەند شانەیەکی شیوعی هەبوون کە ژمارەی ئەندامانی هەمووی لە ٢٠٠ زیاتر نەبوو.

حیزبی کاری ئەلبانیا لە کورەی ئاگری شەڕی سەختی دوژمن بە فاشیزمدا دروست بوو، وە توانی بە ماوەیەکی کەم زوربەی زۆری گەلی ئەلبانیا کۆبکاتەوە و ڕێکی بخا لە جەنگی گەلدا، وە دەوری پێشڕەوێتی خۆی ببینێ لە ڕزگاری وڵاتا.

حیزبی کاری ئەلبانیا، بەسەرکردایەتی ئەنوەر خواجە وە بەگرتنەبەری ڕێگەی ڕاستی پشت بەخۆبەستن، وە پەیوەندی بەتینی بەکرێکاران و جوتیارانی ئەلبانیاوە، وە لە ڕێی خەباتی چەکدارەوە، توانی سەرکەوتنی بەدەست بهێنێ وە سەرانسەری ئەلبانیا ڕزگار بکات لە فاشیستە ئیتالیەکان و نازیەت.

حیزبی کاری ئەلبانیا، هەمیشە بەوەفا بوە بۆبیروباوەڕی مارکسیزم - لینینیزم، وە مەبدەئی ئومەمیەتی پرۆلیتاری وە دوژمنێکی سەرسەختی تەحریفی یەکان و خائینەکانی ناو بزوتنەوەی کۆمۆنیست بووە، وە هەرگیز سەربەخۆیی خۆی پاراستوە وە نەبۆتە کلکی کەس، وە لە ڕاستیدا بەوە نمونەیەکی شۆڕشگێڕانەیە بۆ شۆڕش و بینای سوشیالیزم وە دۆست و هاوڕێی خەباتی هەموو بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکانی جیهانی ئەمڕۆیە.

تەواوبوونی کۆنگرەی شەشەمی حیزبی کاری ئەلبانی بەو سەرکەوتوییە، هەنگاوێکی گەورەی تری گەلی ئەلبانیای دۆستە بۆ پێشەوە، وە شکانێکی ئیمپریالیزم و لەڕێ لادەرانە، وە سەرکەوتنێکە بۆ هەموو گەلانی ژێر دەستە و زۆرلێکراو، وە بۆ حیزب و بزوتنەوە شۆڕشگێڕەکانی جیهان.

چاپخانەی ژمارە پێنج لە پەکین

نووسینی : شەفیق

هەر لە گەڵ دەست پێکردنی شۆڕشی ڕۆشنبیری پرۆلیتاری مەزن لە چین، دوژمنانی هێڵی ڕاستەقینەی ماوتسی تۆنگ چەندها پروپاگەندەو درۆودەلەسەیان دەست پێکرد بە ئامانجی سووک کردنی ناوبانگو ناوەڕۆکی ئەو شۆڕشە وەهەروەها بۆ هێنانەوەی بیانو بۆ بەردەوام بون لەسەر هێڵی ریڤیژینستی..

یەکێ لەو پروپاگەندانە ئەوە بوو کە گوایە لە چینی میللیدا تەنها کتێبەکانی ماو ئەخوێندرێ لە ناو حیزب و کۆمەڵانی خەڵکدا وە بەهیچ جۆرێک باسی مارکس و ئەنگلز و لینین نەماوەو پشت گوێ خراون !!

بێ گومان ئەو کەسانە ئەگەر نەختێک ئۆیان هیلاک بکەن وە بەدوای ڕاستیدا بگەڕێن، درۆو دەلەسەی ئەو پروپاگەندانەیان بۆ دەرئەکەوێ بێجگە لەوەی کە لە هەموو کتێبەکانی ماوتسی تۆنگ وە سەرکردەکانی تری چین وە ڕۆژنامەو گۆڤارو ووتارو هەموو بوارو موناسەبەیەکدا بیروباوەڕو هێڵی مارکسیزم - لینینیزم ئاشکراو ڕوونە وە هەمیشە ئیشارەت ئەدرێ بەووتەکانی ئەو پێشەوایانە

سەرەڕای ئەمانە کتێبەکانیان بەژمارەیەکی زۆر چاپ ئەکرێن وە بڵاوئەکرێنەوە وە ئەخوێندرێن. چاپ خانەی ژمارە پێنج لە پەکین یەکێکە لەو دەزگا چاپەمەنیانەی کە بە ئەرکێکی گەورە هەڵئەسێ بۆ ئەو مەبەستە.

لە ماوەی نۆ مانگی ئەمساڵدا (٢٣) بیست و سێ ملیۆن دانە لە کتێبە گرنگەکانی مارکس و ئەنگلزو ستالین چاپ کراوە، ئەم ژمارەیە گەلێک زیاترە لە ژمارەی ئەو کتێبانەی کە لە ماوەی (١٧) حەڤدە ساڵی پێش شۆڕشی ڕۆشنبیری پرۆلیتاری چاپ کراوە.

لە مانەش هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە ئە کتێبە بەنرخەکانی ستالین (کە پێشەوایەکی مەزنی مارکسیست - لینینیست و سەرکردەیەکی

پولاین و ئازاو دڵسۆزی گەلی سۆڤیەتی بۆ ماوەی دەیان ساڵ) پشت گوێ خراون وە تەنانەت قەدەغەشن لە زۆر لەو ووڵاتانەی بنکەی سەرەکی ئەو پروپاگەندانەن.

دەربارەی کتێبخانەی گشتی سلێمانی

لە سلێمانی یەوە کاک (حەمە رەئوف م. سعید) ئەم سکالایەی بۆ ناردووین دەربارەی کتێبخانەی گشتی سلێمانی .. «هاوکاری»

بێ گومان کتێبخانە دەورێکی گرنگی هەیە لە بەرزکردنەوەی رادەی خوێندەواری و سەقافی کۆمەڵانی خەڵک .. ئەم گرنگێتی یە وا ئەکات کە هەمیشە هەوڵ بدرێت بۆ نەهێشتنی ئەو کەم و کوڕتیانەی لە کتێبخانەکان دا پەیدا ئەبێت .. بەڵام بە داخەوە .. ئەم کەم و کوڕتیانە لە کتێبخانەی گشتی سلێمانی دا نەک هەر چارەسەر ناکرێن .. بەڵکو بۆ جاری چەندەهەم جار دووبارە ئەکرێنەوە بە بێ ئەوەی فەرمان بەرەکان گوێ بدەنە خەڵکی .. ئەمانەی خوارەوە چەند خاڵێکن لەم بابەتە :

١ - فەرمان بەرانی کتێبخانە لە ژوورەکەی خۆیانەوە کە نزیکەی (٦ مەتر) لە هۆڵی (موتالەعە) دوورە .. بە دەنگێکی بەرز خەریکی قسە کردن ئەبن لە نێوان خۆیانا یا لە گەڵ میوانەکانیانا وە یا بە تەلەفۆن وە یا - ئەمەیان لە هەمووی خۆشترە - لە باتی ئە زەنگی بەر دەمیان بدەن بە دەنگێکی بەرز بانگی فەڕاشەکان ئەکەن ..

٢ - مەسەلەی کات .. کە زوو بە زوو ئەگۆڕێ .. بە تایبەتی ئێستا کە ڕەمەزانە .. دەوامی کتێبخانە لە کورتی داوە.

٣ - گوێ پێ نەدان بە پاک و خاوێنی لە هۆڵی (موتالەعەدا) لە بەر تۆزی سەر کەرسی و مێزەکان کە دەستی سڕینەوەیان ناگاتێ.

٤ - هێنانی چەند منداڵێک لە لایەن فەرمانبەرەکانەوە .. کە ئەمەش ئەبێتە هۆی دەنگە دەنگ و هاوار پەیدا کردن لە سالۆن و هۆڵەکاندا.

سلێمانی
حەمە رەئوف م. سعید

گرەوی هاوکاری

بە بۆنەی تێپەڕبوونی دووساڵەوە بەسەر دەرچوونی ڕۆژنامەکەماندا .. گرەوێکی ئەدەبی ڕێکئەخرێ بۆ هەڵبژاردنی چیرۆکنووس و شاعیرو نووسەری ساڵی (١٩٧١).

ئەنجامی گرەوەکە لە ژمارەی تایبەتی ساڵی نوێدا بڵاوئەکرێتەوە ..

تکا لە نووسەران ئەکەین بەرهەمەکانیان بە زوویی بنێرن بۆ ئەوەی لەکاتی خۆیدا تەماشا بکرێت و ئەنجامیش بڵاوبکرێتەوە.

ژمارەی تایبەتی هاوکاری

بەبۆنەی تێپەڕبوونی دووساڵەوە بەسەر دەرچوونی ڕۆژنامەی - هاوکاری - دا لە ڕۆژی ١-١-١٩٧٢دا ژمارەیەکی تایبەتی لە شێوەی گۆڤارێکدا دەرئەکەین.

جا .. بەو بۆنەیەوە داوا لە هەموو نووسەرو شاعیرو چیرۆک نووسو هونەرمەندێک ئەکەین هەر لە ئێستاوە بەرهەمی خۆیان بنێرن بۆ بەشداربوون لە دەرکردنی ئەو ژمارە تایبەتی یەدا.

روونکردنەوەیەک لە ئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆوە.

مامۆستای بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی کشتوکاڵی - بەکرەجۆ -، وەڵامی نامەکەی - حەمەزیزی داوەتەوە کە لە ژمارەی (٤٠)ی هاوکاری دا بڵاومان کردبووەوە، لە وەڵامەکەیدا چەند حەقیقەتێکی خستۆتە بەردەم خوێنەرانی هاوکاری، ئێمە لەکاتێکا سوپاسی مامۆستای بەڕێوەبەر ئەکەین، هیوادارین هەموو ئەو لێپرسراوانەی کە ڕەخنەیان لێ ئەگیرێ وە یاخود کەموکوڕی دەزگاکەیان ئەخرێتە بەرچاو، بەسینگێکی فراوان و بەگیانی هەست کردن بە وەربگرن، جارێکی کە سوپاس بۆ مامۆستای بەڕێوەبەر کەوا مەسئولیەتەوە ئەو ڕەخنانە تەواوی نامەکەی بڵاوئەکەینەوە:

لە ژمارەی (٤٠)ی ڕۆژنامەکەتان دا. ڕۆژی ٦ی تشرینی دووهەم ی ساڵی ١٩٧١ سکالایەکتان بڵاوکردبووەوە بە ناوی (حەمە زیز)ەوە کە ڕەخنەی لە کاربەدەستانی قوتابخانەی کشتوکاڵ - بکرە جۆ - گرتبوو، هیوادارین ئەم روون کردنەوەیەمان دەربارەی مەسەلەکە بڵاوبکەنەوە .. سوپاس.

(حەمە زیز) لە سکالاکەیدا ئەڵێت :

(لەم قوتابخانەیەدا شێوەی خوێندن و فێرکردن و پەروەردە کردنی قوتابیان زۆر جیاوازە لە شێوەی شوێنەکانی تر).

جا ئێمە نازانین ئەم جیاوازیە چی یە ئەگەر لە بارەی خوێندن و فێرکردن و پەروەردەکردنەوە بێت کە ئێمە بەکاری ئەهێنین لە قوتابخانەکەمان وە کە جیاوازە لە گەڵ قوتابخانەکانی تر، ئەبێ ئەوە بزانین کە قوتابخانەی ئێمە قوتابخانەیێکی پیشەیی یە، قوتابیەکانی سەرەڕای خوێندنەوەی دەرسی تیوری، پراکتیکیش ئەکەن، کە ئەمەیان برێتی یە لە هەڵسان بە هەموو جۆرە کارێکی جوتیارانە. خۆ ئەگەر مەسەلەکە چۆنیەتی هەڵسوڕاندنی کاروباری قوتابخانەکە بێ، ئەوە ئێمە بە پێی ئەو پەیڕەوەی کە لە لایەن وەزارەتی پەروەردە دانراوە ڕەفتار ئەکەین، هەروەها ئەو مەنهەج و وانانەی ئەخوێنرێت وەک قوتابخانەکانی تری کشتوکاڵی لە وەزارەتەوە دانراوە، وە سەرەڕای کەمی ژمارەی مامۆستاکان بەڵام لە گەڵ ئەوەشا نەمان هێشتوە وانەکان بە بێ مامۆستا بمێننەوە هەروەها - حەمە زیز - لە سکالاکەیا ئەڵێت قوتابیەکان خەم و پەژارە دایگرتوون ناڕەزایی خۆیان دەرئەبڕن بەرامبەر بەو باری خوێندنەی کە بۆیان ئامادە کراوە لە لایەن لێ پرسراوەکانی قوتابخانەکەوە .. جا ئێمە ئەڵێین باری خوێندن لە قوتابخانەکەماندا بە هیچ جۆرێک جیاوازی نیە لە گەڵ باری خوێندنی قوتابخانەکانی تر، وە مامۆستاکان بە بێ کەم و کوڕی هەڵئەستن بە دەرس گوتنەوە بە قوتابیان وە بەگوێرەی ئەو مەنهەجەی کە بۆی دانراوە وەک قوتابخانەکانی کشتوکاڵی لە عیراقدا.

هەروەها لەو گیروگرفتانەی حەمە زیز باسی کردوە موشکیلەی دوو (دەوامی)یە. لەوەدا بۆمان دەرئەکەوێت کە ئەم حەمە زیزە ئاگاداری قوتابخانەی نیە، وە ئەشێت یەکێک بێ لەو قوتابیانەی حەز بە دەوام کردن ناکەن، چونکە با بزانێ کە توانیمان بەڕێوەبەرایەتی فێرکردنی کشتوکاڵی وەزارەتی پەروەردە کردن وا لێبکەین کە قوتابخانەکەمان بکات بە یەک دەوام. بە گوێرەی ئەو نووسراوەی کە ئێمە ناردبوومان بۆ وەزارەت (١٢٢٠ لە ١٠-١٠-١٩٧١) داوە بە پێی نووسراوە وەڵامی یەکەی وەزارەت (٤٧٥٩٣ لە ٢١-١٠-١٩٧١) دا.

وە لە بارەی گیروگرفتی بەشی (داخلی) کە حەمە زیز ئاواتە خوازە بە نەمانی ئێمە لێرەدا مەبەستی حەمە زیز نازانین چی یە؟ ئایا داوای داخرانی ئەکات؟ ئەی نازانێ چارەنووسی ئەم قوتابیە هەژارانە چۆن ئەبێ لەم (٣) ساڵەدا ئەگەر لە سەر مەسرەفی خۆیان بن. وە ئەگەر مەبەستی لەوەیە کە پارە وەرگرن لە جیاتی نان خواردنەکەیان. کە ئەوەش بە دەست ئێمەدا نیە بەڵکو بە دەستی (مەجلیسی تەربیە)یە لە وەزارەتی پەروەردە کردن.

وە لەو کاتەوە کە بەڕێوەبەرایەتی ئەم قوتابخانەیەمان وەرگرتوە، توانراوە بەشی داخلی ئەمانەی خوارەوەی تێدا بکرێت :-

١ - شورەکردنی بەشی داخلی ٢ - بۆیە کردنی ٣ - چاکردنەوەی هەموو دۆڵابەکان ٤ - چاکردنەوەی هەموو قەرەوێڵەکان ٥ - چاکردنەوەی هەموو پەنجەرەکان ٦ - ئەم چاکردنەوانە لە لایەن قوتابیان خۆیانەوە کراوە وە قوتابخانەش مەسرەفی کردوە. ٧ - چاکردنی ئاودەستەکان و زێرابەکانی ٨ - کرینی کۆمباری نوێ بۆ داخلی ٩ - کرینی (٣٠) صوبا ١٠ - ئێستاش خەریکی گۆڕینی (طباخ)ی نەوتین بە غاز.

بەڵام لە بارەی نان خواردنی بەیانیان و نیوەڕۆیان کە بە جۆرێک ئامادە ئەکرێت دەرخواردی قوتابیان ئەدرێت. پێویست بە باس کردنی ناکات.

جارێ .. نازانین - حەمە زیز - بۆ باسی نان خواردنی ئێوارە ناکات کە وەک نانی

بروانە ل ٥

چەند ووشەیەک

چەند ساڵێک لەموبەر نوێنەرێکی دامەزراوی کولبنکیان ڕێی کەوتە شاری هەڵمەت و قوربانی - سلێمانی - و پەیوەندی بە لێپرسراوانەوە کردو داوای ئەوەی لێ کردن کە لەسەر حیسابی خۆیان شانۆیەکی نوێ لە سلێمانی بکەنەوەو خزمەتێک بە گەلی کوردی دواکەوتوو کوێلەی ژێر باری مێردەزمەی نەزانین و نەخۆشی و زۆرداری بکەن .. بەڵام سەرۆکی شارەوانی ئەودەمە خۆی گەیاندو کاری .... !! ڕاستەو خۆ ووتی : ئێمە شانۆمان ناوێت ..؟

کابرا ووتی : بۆ؟ ووتی : چونکە زێرابمان نیەو ئەمانەوێ پارەی ئەو شانۆیە بدەن بە خۆمان بۆ ئەوەی زێرابی پێ دروست کەین؟

کابرا ووتی : ئاخر باوکم ئێمە دامەزراوێکین هیچ پەیوەندیمان بە زێرابەوە نیە؟!

شارەوانی لە وەڵاما ووتی: کەوابێ خوا حافیزتان بێ ولە ڕێگەی دەربەندیخانیشەوە بگەڕێنەوە چونکە نزیکترە ..

● ئەوەندە ئەڵێین کە هەموو کارو هەڵویستێک چاک و خراپ تا هەتایە لە سەر خاوەنەکەی تۆمار ئەکرێ.

«ئازاد»

لە هەڵبەستەکانی شێخ محمودي نەمر

فەرهادی کێوی کوردم و هاواری کورد ئەکەم

●

دوژمن بە پیکی کاوە، وەکو شیشە ورد ئەکەم

«پروپاگەندە» بەڵام بەجۆریکی تایبەتی

ئەم ئافرەتە جوانە، لە کارگەیەکی دروست کردنی دەرمانی لێو سوورکردنا ئیش ئەکات، کارگەکە ئەم وێنەیەی بۆ پروپاگەندەی بەرهەمەکەی بڵاو کردۆتەوە، هەر ڕەنگێ کارگەکە دروستی ئەکات «بۆلێوی ئافرەت» لە خەتەکانی لەشی ئەم ئافرەتەدا بەکار هێنراوە ... خەڵکی ... شێتە ... یان ... دنیا .. خراپی بەسەر هاتوە !!؟..

ئەو پیاوەی کە «٢٦٠» کیلۆ لە قورسایی کەم بووەوە

«ولیام کوب» کە خەڵکی شاری «ئۆگستاد»ە پێنج ساڵ لەمەوبەر (٣٦٥) کیلۆی ئەکێشا و خۆی بە ناموەرانترین و گرانترین پیاو دائەنا لە نێوان هەموو زۆرانبازەکانی جیهاندا.

ئەمڕۆش پاش ئەوەی توانی خواردنی خۆی زۆر کەم بکاتەوە قورسایی یەکەی تەنها (١٠٥) کیلۆی لێ ماوەتەوە. ئەم کابرایە دوو لەسەر سێی قورسایی کەم کردەوە بۆ ئەوەی لە مردن ڕزگاری بێت چونکە ئەوش بێ هێزی بووبوو لە دڵیا.

«کوب» لەکاتی قەڵەوی یدا هەرکە دە هەنگاو بڕۆیشتایە ئەبوو پشوویەکی بدایە بۆ پشوودانیش ئەسکەمیلێکی تایبەتی ی هەبوو کە سێ زەلام بە ئاسانی لەسەری دائەنیشتن لەکاتی خواردنیشا بۆ ئەوەی تێر بێت ئەبوو (١٥) مریشک و سێ گالۆن ئاوی بخواردایە ئەمەش بووبووە هۆی زۆر چەرمەسەری بۆی تا بڕیاری دا خۆی لەم بارە ڕزگاربکات، بۆ ئەمەش چووە نەخۆشخانەیەکی تایبەتی یەوە پاش چوار مانگ تەنها بە قورسایی (١٠٥ کیلۆ گرامەوە هاتە دەرەوە ئێستا کۆگایەکی پێڵاو فرۆشتنی هەیەو خۆی ئەیبا بەڕێوە.

فاضل جاف ناردوویەتی

هونەرمەندی لاو ئاوات چالاک

- لاوێک سەرەتای تەمەنی لە وەرزی جوانی و خوێن گەرمیدایە .. بە گیانی دڵسۆزێکی لە خۆ بووردووەوە، دەربارەی ژیان، هونەر، ئامانج .. ئەدوێ و ئەڵێ :

● - هەردەم قوتابی ژیانم .. و پەیڕەوی شیرینترین و خۆشە ویسترین ئاوازی ئەکەم.

● تەمەنم شانزە ساڵە، وناوم ئاواتە .. و ئاواتی سەرفرازی و پاشەڕۆژێکی ڕۆشن و پڕ لە بەختیاری بۆ هوونەرو هۆزەکەم ئەخوازم.

● ئارەزووم .. گۆرانی و ژەندنە، ونزیکەی پێنج ساڵە لە باخی پڕ ئاوازی پاراوی ڕەنگ و ڕەنگی هونەری نەتەوەکەمانا ئەژیم و بوومەتە قوتابیەکی ئەو مەیدانە مەزنە ..

● .. ئەوەی خزمەتی نەتەوەی کوردو مرۆڤایەتی بکا .. لە هەر ڕێگەیەکەوە بێت .. خۆشم ئەوێ.

- چی تر ..؟

● تواندنەوەی بەفری سنور ..

لەم گۆشەیەوە

لەم ژمارەی ٣٩ی ڕۆژنامەی هاوکاریدا کاک فەهمی قەرەداخی ڕەخنەی لە ناوەڕۆکی ئەو نووسینە گرتبوو کە لە ژمارە «٣٨»ی هاوکاریدا لەم گۆشەیەدا نووسیبووم. کاک فەهمی وا لە خوێنەر دەگەیەنێت کە من مرۆڤ لەناو پرسیاری «کێ زۆرداراو کێ زۆر لێکراو؟» دا ون دەکەم !! ئەوەش لەوە دەچێت کە کاک فەهمی بەشێوەیەکی جیاواز لە مەبەستەکەی من گەیشتبێ ...

چونکە هەرگیز من ئەو مەسەلەیەم وەک کێشەیەکی چینایەتی نەخستۆتە بەرچاو، بەڵکو لە گۆشەیەکی ژیانەوە تەماشایەکی وەختی گۆشەیەکی ژیانم کردووە کە چۆن «بەیناو بەین شت دەگۆڕێت و زۆر جار ئەو شتانە ئاوەژوو دەبنەوە !!». چونکە من هەمیشە لە گەڵ ئەو «مرۆڤە ڕاست و هوشیارو خاوەن بیرکردنەوە واقعیەدام» کە کاک فەهمی بۆی دەگەڕێت هەتاوەکو تەماشای ئەو مەسەلەیەی بۆ بکات و (چاو ساوەو چەوسێنەری) بۆ جیا بکاتەوە کە ئەمەیان پێویستی بە بەڵگەو ئەو هۆش و بیرە قوڵەش نییە، وە مەسەلەی ئەمەیان ئەوەندە روونە کە سەگی دز پێویستی «بە دار هەڵبرین» نامێنێت هەتاکو دەرکەوێت، چونکە خۆی مۆری بە ناوچەوانیدا نراوە !!

بۆ ئەوەی کاک فەهمی زیاتر لە مەبەستەکەم تێبگات ڕووداوێکی مێژووی گەورەی دەخەمەوە یاد، هەرچەندە ئەو ڕووداوە لە واقیعی ئەمڕۆی خۆمان جیاوازە .. «ئەو مەقسەلەیەی لە شۆڕشی فەرەنسادا بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ دروێنەی سەری دەکرد، خۆ ئەو سەرانەی پەڕاندیانن هەمووی سەری خێزانی شاو دەرەبەگە چەوسێنەوەکان نەبوون! بەڵکو زۆریش لەسەری دڵسۆزانی ئەو شۆڕشە کەوتنە بن دەمی تینو بە خوێنی ئەو ئالەتە خوێن ڕێژەوە» ئێستا دوورنییە کاک فەهمی لە مەبەستەکەم گەیشتبێت ... لەوانەیە لەگەڵمابێت لەوەدا کە پرسیارە قیرسچمەکە هەر خۆی دەجوێتەوە بۆ وەرام دانەوە، کاکی قەرەداغی ئەبێ ئەوەش بخەیتە بەرچاو کە من لە سەرووی ڕووداوەوە تەماشام نەکردووەو بەڵکو لەژێر زەبروو قورسی ڕووداوەکەدا ئەو پرسیارەم بەبیردا هاتووە کە بەلای منەوە زۆر واقیعیشە ..

نوری حەیران

جەژنتان پیرۆزبێت

بنەماڵەی ڕۆژنامەی هاوكاری بە بۆنەی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزەوە ، پیرۆزبایی لە نەتەوەی كوردو گشت گەلانی ئیسلام ئەكات ، وئاواتە خوازە هەموو ڕۆژێك جەژنبێت بۆ ژیانی برایەتیو خۆشەویستی .

هاوكاری
التضامن

ڕۆژنامەیەكی هەفتانەی گشتی‌یە لە « دار الجماهیر »ەوە دەر ئەچێت

پیرۆزبایی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز بۆ سەرۆك بەكر

بەڕێز قازی‌ی بەغدا ئەم بروسکە پیرۆزبایە‌یی ئاراستەی سەرۆك بەكر كردوە .

بەناوی خوای گەورەو بەخشندەوە . بەڕێز سەرۆك كۆماری سەركردە موهیب احمد حسن البكر .

بەبۆنەی داهاتنی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزی ساڵی ١٣٩١ی كۆچیەوە پێ‌خۆشماڵم گەرم ترین پیرۆزباتیان لێ‌بكەم ، لەخوایی گەورە ئەخوازم سەركەوتوبن بۆ ئەوەی ئەم نەتەوەیە تواناو ڕێزی كۆبكاتەوەو بگاتە هێزی بەرپەچدانەوەی بەراستی مەبەستی خۆفراوان كردنی سەهیونیەكانەوە لەپێناوی بەردەوامی بنیات نانو بەهێزكردنی بنەرەتی عدلو ئاسایشو خۆشی .

عبدالقادر ابراهیم
قازی‌ی یەكەمی بەغدا

ژمارە (٤٢) ١٩ی تشرینی دووەم ١٩٧١ ساڵی دووەم نرخی ٢٠ فلسە تلفون : ـ ٦٩٧٢١

پەیمانی نیشتمانی دووبارە ئۆتۆنۆمی بۆ كوردستان ئەسەلمێنێ
بەرەی یەكگرتووئاواتی كۆمەڵانی خەڵكی عێراقە
سەركەوتوبێت خەباتی هێزە نیشتمانی‌یەكان لە پێناوی بەرەیەكی یەكگرتوودا

سەرۆك لە كۆنگرە ڕۆژنامەگەری‌یەكەیدا دەربارەی كارو بارە گرنگەكانی وڵات ئەدوێ

سەرۆك كۆمار كاك أحمد حسن البكر لە ئێوارەی چوارشەممەی ڕابوردوودا ، كونگرە یەكی ڕۆژنامەگەری فراوانی بەست ، نوێنەرانی ڕۆژنامەو ئاژانسەكانی بێگانەو عەرەبی‌و ناوخۆی تێدا ئامادە بوون . سەرۆك وەڵامی ئەو پرسیارانەی دایەوە كە پەیوەندیان بە پەیمانی كاری نیشتمانی‌و سیاسەتی حكومەتی شۆڕش بەرامبەر كاروباری ناوخۆو عەرەبیەوە هەیە .

لەم كونگرەیەدا بەڕێزان مرتضی سعید عبدالباقی ئەندامی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕشو وەزیری دەرەوە ، وە شفیق كەمالی وەزیری ڕاگەیاندنی ئامادە بوون .

سەرۆك لەپێشەوە سوپاسی هاتنی نوێنەرەكانی ڕۆژنامەو ئاژانسەكانی بۆ عیراق كرد ، وە ووتی : هاتنتان جێگای سوپاسە تا خۆتان سەرنجی ئەم وولاتە بدەنو خۆتان هەست بكەن چی تیا روو ئەدات ، تا لەبەر چاوی خۆتان ئەو پروپاگەندە نارەوایانە بەدرو بكەوێتەوە دەزگاكانی ڕاگەیاندنی دژ بە عیراقو ڕێ ڕەوەكەی بلاوی ئەكەنەوە . لە دوای ئەمە سەرۆك بەكر كەوتە وەڵام دانەوەی پرسیاری ڕۆژنامە نووسەكان :

لە وەڵامی پرسیارێكی ڕۆژنامەی ـ الجمهوریە ـی بەغایی‌دا سەبارەت بەسیاسەتی نەوت سەرۆك ووتی : سیاسەتمان لەم بارەیەوە مەبەستی بەرگری كردنە لە سەربەخۆی وولاتەكەمانو پاراستنی سامانە بنەرەتیەكانی

لە وەڵامی پرسیارێكی تری (ئا . د . ع)و گوڤاری ـ الحوادث ـ لوبنانی‌دا دەربارەی مەسەلەی كوردو حوكمی زاتی بۆ گەلی كورد سەرۆك ووتی :

مەرجە پیویستەكانی جێبەجێ كردنی حوكمی زاتی ، جێبەجێ كردنی بەیاننامەی (١١)ی ئاذارە ڕاماڵ كردنی هەموو بارێكی نارێكی پاشماوەی شەری برا كوژی رابوردوو وە چوار چێوەی سروشتی ممارەسەی حوكمی زاتی وەك پەیمان دیاری كردوە بەم جۆرەیە : یەكیتی سیاسەتی نیشتمانی‌و یەكیتی خاك و یەكیتی ڕژێمی سیاسی لە كۆماری عیراقداو ألتزامی تەواوی بەپەیمانی كاری نیشتمانیەوە ، حیزبی بەعسی عەرەبی سوشیالستو پارتی دیمكراتی كوردستانیش لەسەر ئەوە ڕێكەوتبون كە جێبەجێ كردنی حوكمی زاتی لەماوەی چوارساڵ دابێت یان لە كاتی دامەزراندنی یەكیتی عەرەبی لەنیوان عیراقو هەر وولاتێكی تری عەرەبی‌دا .

هەروەها سەرۆك لەوەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەكانی (التاخی)و (بەگداد ئوبزرفر)و گۆڤاری (راصد)و (وعی العمال)و (النداء)ی بیروتی‌و چەند ئاژانسێكی بێگانەدا سەبارەت بە پەیمانی كاری نیشتمانی ووتی :

بەرپابوونی شورشی ١٧ی تەموزی ١٩٦٨ سەرەتای ڕۆژگارێكی نوێی سەربەستی‌و ماوە فراوان كردن بوو بەلای گەلی عیراقەوە و بەرە سیاسیەكانی دیسان ووتی : سەركردایەتی شۆڕش هەنگاوی بەردەوامی ناوە بۆ خولقاندنی بارێكی گونجاوی وا هاو پەیمانی نیشتمانی بەهیزی تیا بێتە دی ، ئەویش لەماوەی كۆ بونەوەی سیاسی لەمستەوای ڕێكخراوە پیشەیەكانو لەماوەی بەیاننامەی (١١)ی ئاذارەوە كە بنەڕەتی بەرەیەكی دامەزراند شایەنی فراوان بونە ، چونكە دۆستایەتی هەر دوو پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالستو دیمكراتی كوردستانی هەروەك پەیمانەكە دیاری كردوە ئەتوانرێ بكرێتە بنەڕەتی بەرەو بەردی بناغەی كۆبونەوەی نیشتمانی بێت . سەرۆك روونی كردەوە كە گەیشتن بە كۆبونەوەیەكی فراوانی بەینی هیزە نیشتمان پەروەرە پێشكەوتن خوازەكان لە عیراقدا سەلماندنی بڕیارەكانی كونگرەكانی نەتەوەی هەریمایەتی پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالستە .

دیسان سەرۆك لەوەلامی پرسیاری ڕۆژنامە نوسەكاندا باسی ئەوەی كرد كە بۆ بەدی هێنانی بەرەیەكی یەكگرتوی نیشتمانی پەیمانەكە بنەڕەتی بەهێزی داناوە ، هەروەها ووتی : راویژو گفتو گوكردن لە كۆڕێكی دیمەكراتی و هەست كردن بە لێپرسینەوە زامنە بۆ ئەوەی پەیمانەكە بگەبنێتە پلەی جێبەجێ كردن .

ڕۆژنامە نووسەكان لەبارەی چەند كاروبارێكی ترەوە پرسیاریان لە سەرۆك كرد ، لەمانە : مەسەلەی دورخستنەوەی عماشو عبدالكریم شێخلی ، سەرۆك ووتی مەسەلەی دورخستنەوەی عماشو شێخلی لەكاتی خۆی دا بلاو كرایەوە و هەردووكیان هاوڕێمانن‌و پەیوەندی حیزبیان هەرماوە .

دەربارەی سەربەستی ڕۆژنامەگەری سەرۆك ووتی سەربەستی ڕۆژنامە گەری یاسا ڕێكی ئەخاتو سەربەستیش لە دەرەوەی سوودی شۆڕشو جەماوەرەكەیا نیە ، لەوەڵامی پرسیارێكی تردا دەربارەی سەربەستی ئابوری سەرۆك ووتی : مەبەستمان لە سەربەستی

بروانە ل ٣

هەفتەی رابوردوو كاك احمد حسن بكر ئەمینداری نهێنی هەرێمو سەرۆك كۆمار پەیمانی كاری نیشتمانی لە ئیستگەو تەلەفزیونی بەغداوە خوێندەوە .

پەیمانەكەش سەركردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست ئامادەی كردوەو بریتی‌یە لە پێشكەكی‌یەكو چەند بەشێكی جیاجیاو سەبارەت بە رژیمی سیاسی‌و خۆ ئامادە ـ كردنی میللی‌و سوپاو هێزی چەكدارو مەسەلەی كوردو سیاسەتی عەرەبی‌و جیهانی‌و ئامانجی كۆمەڵایەتی‌و ڕەوشنبیری‌و هونەرو تەكنیكو ڕاگەیاندن .

پەیمانەكە لە پێشەكی‌كەیدا پێویستی هاوپەیمانی‌و یەكبونی هەمو هێزە نشتمانی‌و نەتەوایەتی‌و پێشكەوتن خوازەكانی ڕاگەیاندوەو وتویە :

هۆی هەرە گرنگی سەركەوتنی هێزەكان شۆڕشی عەرەب دەرك بردنە بە دەوری كارو چالاكی هاوبەشو هاوپەیمانی نیوانیانو هۆی تێكشكانیشیان زال كردنی ناكۆكی ناوەنجی‌یە بەسەر ناكۆكی سەرەكی‌دا لەنێوان خۆیانو نێوان هێزەكانی دوژمن‌دا .

پەیمانە وتویە : پێویستە هێزە نشتمانی‌و پێشكەوتن خوازەكانی عەرەب لە نشتمانی عەرەبدا ڕێگای هاریكاری ڕەچاو بكەن بۆ دامەزراندنی پتەوترین هێزی پێشڕەو بۆ سەركردایەتی كردنی جەماهیر لە جەنگ‌دا .

حزب مەسەلەی هاوپەیمانی نێوان هێزە نشتمانی، پێشكەوتن خوازەكان وەكو مەبدەئیكی ستراتیژی ڕەچاو ئەكات .

ئەو بەرە نشتمانی‌یەی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالست داوای ئەكات زەمینەو بنكەیەكی فراوانی رژێیمی دیموكراتی‌میللی یەكێتی‌یە كە شورش بە سەركردایەتی حزب دایمەزراندوە .

ئەركی سوپاو هێزی چەكداریش بەرگری كردنە لە سەربەخۆیی‌و یەكێتی وڵاتو بەشداربوون لە خەباتی نەتەواێتی‌و بنیات نانی كۆمەڵێكی شورشگێڕی نوێ بەگوێرەی دروشمەكەی حزب كە بریتی‌یە لە : سوپا بۆ جەنگو ئاوەدان كردنەوە .

دیسان پەیمانەكە مافی نەتەوایەتی ڕەوای نەتەوەی كوردی سەلماندۆتەوە بە حوكمی زاتیەوە لە كوردستانی عیراقداو لە چوارچێوەی كۆماری عیراقدا و ممارسەی جەماهیری كورد لە مافی نەتەوایەتی خوێدا لە قەوارەی چوارچێوەی سروشتی‌دا ئەبێت كە بریتی‌یە لە یەكێتی دەسەڵاتو سەربەخۆیی‌و خاكی نشتمانی‌و رژێمی سیاسی وڵات . وە لە سەر بنچینەی ئەو راستیە ئەبێ كە عیراق بەشێكە لە نشتمانی عەرەبو خەباتی نەتەوەی عەرەب لەپێناو رزگاری‌دا لەژێر دەسەڵاتی ئیمپریائیزمو سەهیونزم وە جێبەجێ كردنی یەكێتی‌و سوشیالستی زامنەكی مێژووی ڕەوایە بۆ سەربەستی نەتەوەی كەمایەتی‌و مافەكانیان .

دەربارەی سیاسەتی عەرەبیش بەرنامەكە وتویە سروشتو سیاسەتی شۆڕش لەوەدا دەرئەكەوێ كە پێشكەوتن‌خوازو یەكێتی‌و دیموكراتی میللی‌یانەیەو بڕواشی بە سوشیالستیەت هەیە .

دەربارەی سیاسەتی دەرەوەش ، سەلماندوێتی كە شۆڕش تێ‌ئەكۆشێ دژی ئیمپریالیزمی جیهانو لایەنگیری گەلو نەتەوەكان ئەكات لە دانانی مافی چارەنوسی‌یانو پێویستی پیەو كردنی پەیوەندی دوستایەتی لەگەڵ گەلانی ئوردوگای سوشیالستو پشتگرتنی بزوتنەوە رزگاری ـ خوازە نشتمانی‌و نەتەوایێتی‌یەكانی هەر سێ كیشوەرو هەمو بزوتنەوە ئازادیخوازەكانی جیهان .

ئا . د . ع

ئافرەتی چین بەشێکی گەورەی هێزی ئیشکەرن

ڕۆژنامەنووسی ئەمریکایی (ئەدگار سنۆ) ناسراوە بەوەی دۆستایەتیەکی گەرمی هەیە لەگەڵ ماوتسی تۆنگ ، حەوت جار چوە بۆ چین ، یەکەم جار لە سالآنی (١٩٣٠) یەوە کە لەگەڵ پاڵەوانانی مەسیرەی هەرە مەزندا بوە ، وە دوا جاریش هاوینی ١٩٧٠ چوە لەگەڵ ژنەکەیدا (لویز سنۆ) ٠

لویز سنۆ دوای گەڕانەوەی لەم سەردانەی بۆ چین ، دەربارەی ئەوی دیبوی لە ئافرەتی چیندا نووسی ، وە ئەلێ ٠

« ئاهەنگەکانی یەکی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٧٠ مان دی لەگەڵ سەرۆك ماو و شوئین لای و پیاوە گەورەکانی تردا ، وە بۆم ڕێکەوت ژنەکانیان بناسم کە ئەوانیش تێکۆشەرانی کۆڵنەدەرن هەر لەکۆنەوە ٠ بەڵام من ئەم ویست جگە لەمان ئافرەتی ئاسایی یان لێ بناسم ، وە لەو سەردانەدا کە چەند مانگێکی پێ چوو بە زۆریان گەیشتم ، یەکێ لەوانە ناوی (شین شنگ جۆی) بوو کە ئافرەتێکی جوان بوو ، تەمەنی نزیکەی چل ساڵێك ئەبوو ، وە کادر بوو لە کارگەیەکی بچوکی ڕستندا ٠

شین شنگ باسی ئەو دەسکەوتە کۆمەڵایەتیانەی کرد کە ئافرەتی کرێکارەکان لەو کارگەیەدا وەریان گرتوە وئەڵێ :

« ماوەی ئیش کردن لە ڕۆژێکدا هەشت سەعاتە ، وە دەرمان و تیمار کردن لە نەخوش خانەکاندا بە خۆڕاییە ، شوێنی تایبەتی هەیە بۆ منالە تازە لە دایك بوەکان و ساواکان وە هەروەها (٥٦) ڕۆژ پشوو ئەدرێ بەو ژنەی کە منالی ئەبێت ، وە داوودەرمانی خۆراییش ئەدرێ بۆ منال نەبوون » ٠

پێم وت : ئافرەتانی ڕۆژاوا هێشتا نەگەیشتون بەم پایەیەی ئێوە ٠

وتی : « ئەوە ئەزانم ، ئیمەش بۆئەوە تێ ئەکۆشین کە ئافرەتان لە سەرانسەری جیهاندا بگەن بەو کامەرانیەو بەو مافانەی ئێمە هەمانە ٠ »

خاتو سنۆ ئەلێ « ئەم ئیمانە پتەوە تێکەڵ بە هیواو ئاواتە بەرزانەی زۆر سەرسامی کردم » ٠

وە ئەلێ : « مەسەلەی یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو کە شتێکی نوێ بوو بەلای چینیەکانەوە ، دوای ساڵی ١٩٤٩ کە کۆماری گەلی چینی تیا دامەزرا ڕێ و شوێنی خۆی بە ئاسانی گرت لە ناویاندا ، وە بە هەنگاوی گەورە بەرەو پێش ڕۆیشتن ، وە لە سایەی ئایدیۆلوژی سوشیالیزمەوە ، ئەو زەمانەیە بەسەرچوو کە ئافرەتی تیا پێوەند کرابوو ، وە ئەوە نەما کە منال هەر لەسەر بێشکەوە لەیەکتری مارە ئەکران ، وە یان ئافرەت بەو پیاوە بدرێ کە پارەی زۆرتری پێ ئەدات ٠

ئافرەتە کریکارو جووتیارەکان لەوپەڕی ئەشکەنجەو دەردی سەریدا بوون ، سك پڕبونیان مانای لەکیس چونی ئیشەکەیان بوو ، لەبەر ئەوە زۆریان ناوقەدی خۆیان ئەجەراند بۆ ئەوەی سکەکەیان بشارنەوە ، ئەمەش تەندروستی دایکەکەو منالەکەشی ئەخستە مەترسیەوە جگە لەوەش نەبوونی چاودێری تەندروستی ئەبوە هۆی مردنی دایکەکەو منالەکەش ٠

بەڵام ئافرەتانی چین لە مەسیرەی مەزندا شان بەشانی پیاو ئەجەنگان (١٩٣٤ — ١٩٣٥) ، وە لەگەڵ سەرکەوتندا ئەمانیش هەموو مافێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیان وەرگرت وە هەلی ئیش کردنیان هەروەك پیاو درایەو مووچەی وەك پیاویان بۆ برایەوە وە پێ بەپێی پیاوان ئەمانیش زەویان بەسەرا دابەش کراو بەشی خۆیان مافیان لە هەرەوەزەکاندا وەرگرت ، وە هەروەها لە ئەنجەمەکانی بەڕێوەبەرایەتیشدا بەشدار کران جگە لەوەش ئیتر هەموو دایکێك ئەتوانێ کە منالەکەی بخاتە شوێنی تایبەتی بەخێوکردنەوە وهەر لەو کارگەیەشدا کە خۆی ئیشی تیا ئەکات ، وە ئەمەش مانگی دۆلارێك ئەکەوێ لەسەری ، وە منالەکان لەژێر چاودێری پسپۆڕدا خواردنیان ئەدرێتێ ٠

ئافرەتان لەسەرانسەری چیندا هەست بەوپەڕی دڵنیایی و شانازی و ڕێز ئەکەن دوای ئەو گۆڕینە بنەڕەتیانەی بەسەر ژیانیاندا هات ٠ »

وە خاتوو سنۆ ئەڵێ : جاران خێزانەکان هەوڵیان ئەدا

لە گەورەترین ژمارە منالیان ببێ بە تایبەتی کور ، بۆ ئەوەی گەورەیان کەن و بیانخەنە بەر ئیش ، بەڵام ئیستا خیزانەکان ٢—٣ منالیان هەیە بە گشتی ٠ »

ئینجا لویز سنۆ باسی هەرزەکارەکانی چین ئەکات و ئەڵێ : « بوونی سەربەستی پاڵی بە هەرزەکارەکانەوە نەناوە کە بەرەڵا بو و خوو بەنە خراپە کردن » وەك لە وڵاتانی ڕۆژاوادا ئەیبینین هەموو خەریکی ئیش کردنن ، وە لە کۆمەڵدا شتێکی وانیە کە ئارەزوی جنسیان بورووژێنی و هەموو شتێکی تریان بیر بەرێتەوە ، پروپاگاندە ئەکرێ بۆ هاندانی کچان کە با پێش ٢٦ ساڵی شوو نەکەن ، وە داوا لە کورانیش ئەکات کە پەلە نەکەن لە ژن هێنان پێش ٢٨ ساڵی ٠ جگە لەوەش هیچ فلیمێ یان کتێب و گۆڤارێکی وا نیە کە خووی خراپ و بەرەڵایی دروست کات بە پێچەوانەی ئەوەی لە وڵاتانی ڕۆژاوادا ئەکرێ ٠ هەروەها نە تلیاك کێشان وە نە ئافرەتی خراپ و نەخۆشی جنسی ماوە

بڕوانە ل ٣

گۆشەیەك لە خەباتی گەلی عەرەب

ئامادەکردنی : شنۆیی

ماوەیەکی زورە گەلی عەرەب لە روخەکانی دەریای عمان و شوێنەکانی تر بۆ وەدەرنانی ئیستعماری ئینگلیز و ئازادی خۆی ڕاپەڕیوەو خەبات دەکا ٠ ئەو خەباتە لە هێندی شوێن شکڵی چەکداری بە خۆوە گرتوەو گەیوەتە توندترین پلەی خەباتی سیاسی ٠

یەکێك لەو ناوچانەی عەرەبی کە ئەورۆ لە دژی ئیستعماری پیری ئینگلیز چەکی دەست داوەتێ بەشی خوارووی ڕۆژئاوای عمانە کە پێی دەڵێن (ظفار) ٠

ماوەیەك لەمەوپێش هەواڵنووسی روژنامەی پراودا ئورگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کومونیستی یەکیەتی دەداو ڕیپورتاژیکی جیگای سەرنج لەمەر وەحشیەتی سەربازانی ئینگلیزو خەباتی گەلی ظفارو وەزعی ناوچە سۆویتی سەرلەو ناوچەیە ئازادکراوەکان بلاو دەکاتەوە ٠ واسیلیف هەواڵدەری رۆژنامەی ناوبراو دەنووسێ : ئەو بۆمبا فوسفوریانە ئەو شوێنە سووتاو ووێران کراوانەی کەمن لە وێتنام لە لاوس و لە روخەکانی چەمی ئەردەن دیومە ئیستا لە عمان دەیانبینم ٠ لە هەر جێگایەك کە ئیمپریالیزم قازانجی خۆی لە مەترسیدا دیت ئاگرو ئاسنی بەسەردا دەبارینی ٠

ظفار ناوچەیەکی بچووکە، لە عمان کە نیزیکەی (٢٥٠) هەزار کەس خەڵکی هەیە ٠ حەوت ساڵە لە دژی کۆیلەیی وزوڵم و زۆری وە بۆ وەدەرنانی ئیستعماری ئینگلیز چەکی دەست داوەتێ و شەڕدەکا ٠ ئەو خەباتە لەلایەن بەرەی گەلی نیشتمانی رزگاری خوازی خلیجی عەرەبی داگیرکراو ، وە رابەرایەتی دەکرێ ٠ دەزگای تەبلیغاتی دەوڵەتی ئینگلستان راپەرین و خەباتی خەڵکی ظفار لە بیرورای گشتی دنیا دەشارنەوە ٠

هەواڵدەری رۆژنامەی پراودا کە سەری لەو هەرێمە داوە دەنووسێ : لەماوەی حەوتویەکدا کە لەو ناوچەیە دەگەریاین تەنانەت تاقە گوندێکمان نەدی کە زیانی پی نەگەییشتبی ٠ محمد احمد الحسنی رابەری بەرەی گەلی رزگاری سیایی ناوی دیهاتی سووتاوی بە من نیشاندا کە ناوی دەها ئاوایی تێدابوو٠ ئیستعمارگەرەکانی ئینگلیزی لەو چیاو کەژە لەو چۆڵ و بیابانە لەو خەڵکی هەژارو رەش و روتە چیان دەوێ ؟٠

واسیلیف هەواڵدەری پراودا وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوەو دەڵی : « لە عمان ساڵێ ١٦ میلیون و نیو تۆن نەوت بەرهەم دێ ٠ ئینگلیزەکان تەنیا لە ساڵی رابردوودا ٤٠ میلیون لیرەی استیرلینگیان قازانج لە نەوتی عمان دەست کەوتوە ٠ ڕاپەڕین لە چیاکانی **ژەنراڵێکی ئینگلیزیە ، بە ناوی**

ظفار کومپانیەکانی نەوتی و حکوومەتی ئینگلیزی لەوە خستوتەمەترسیەوە کە شورشگێرەکان تەئسیر دەکەنە سەر عمان و تەواوی ناوچەکانی عەربستان کەدەریاچەی نەوتیان لەژێر دایە ٠ لە ساڵێك لەمەوبەر روون بوتەوە کە ئەو ترسە بە خورایی نیە ٠ لە چیاکانی (جبل الاخضر) خەباتی چەکدارانە دەست پێ کراوەتەوە ٠ ئەمجارە رێکخراوی شورشگێری بەرەی گەلی رزگاری عمان و ناوچە داگیرکراوەکانی خلیج ئەو شەڕە رابەرایەتی دەکا ٠

دەزگای تەبلیغاتی ئینگلستان ئیدعا دەکا کە گۆیا شورش سەرکوت کراوە ٠ گۆیا شورش سەرکوت کراوە ٠ گویا نۆکەرەکانی ئیمپراتوری تەواوی ئەندامی ئەو ریکخراوەیان گرتوە ٠ بەڵام راستیەکەی ئەوەیە کە تەکانی ژیر زەمینی شەری گەلی لە دژی ئیستعمار گەرەکان عمان دەلەرزینیتەوە ٠ مەکۆی گرینگی ئەو شەرە لە ظفارە ٠

چەند ساڵی دوورودرێژ سوڵتان ابن تیمور لە ناو کۆمەڵێك راویژکەرو ئەفسەری ئینگلیزی‌دا لە عمان حووکمڕەوایی دەکرد ٠ ئەو کابرایە کویلەداری پەرەپی دەدا ٠ دانانی مەدرەسەو گوێ گرتن لە رادیو سەفەر بە فرۆکەو هەڵکردنی چرای ئەلەتریکی قەدەخەکردبوو ٠

ئینگلیزەکان تێگەیشتن کە گەوجایەتی سوڵتان یەکێك لە هۆیەکانی سازبوونی شۆڕشە لە ژوئیەی ساڵی رابردوودا کودیتایەکیان سازکردو (قابوس)ی کوڕی سوڵتانی کە مەدرەسەی نیزامی ئینگلیزی تەواوکردبوو لە جێی باوکی کردیانە سوڵتان ٠ قابوس بۆ ساردکردنەوەی شۆڕش هێندی شتی کە باوکی قەدەخەی کردبوون ئازادی کردن ٠ ئینگلیزەکان تەواوی دەستەڵاتی حکوومەتی و بەتایبەتی کۆنترۆڵی هێزە چەکدارە-کانیان لەدەستی خۆیاندا هێشتەوە ٠

گەورەترین پیاوی عمان وەزیری شەر (هیر ئولدمان) ژەنراڵی ئینگلیزیە ٠ سەرکردەی هێزە چەکدارەکانی عمان ژەنراڵێکی ئینگلیزیە بە ناوی (جون گیرهیم) کە دەڵی «ئیمە عمانین» ٠

ئەو ژەنراڵانە چەند سەد ئەفسەریان لە ژیر فەرماندایە کە لە یەمەنی جنوبی لە دژی بەرەی نیشتمانی ولە یەمەنی شمالی لەگەڵ شاپەرستەکان شەڕیان کردوە ٠ هێندێك لەوانە بەهۆی کۆمپانی

بڕوانە ل ٣

فەرهەنگی سیاسی

سیاسەت

POLITIC

سیاسەت کۆمەڵە ئامانج و مەبەستێکە کە چینە کۆمەڵایتی-یەکان هەوڵی بۆ ئەدەن و ئەو ڕێگایەیە کە بەهۆیەوە ئەو مەبەست و بەرژەوەندیە دێتەدی و ئەپارێزرێ ٠ بەشدار بون لە کاروباری دەوڵەت و دیاری کردنی فۆرم و ڕێڕەوی هەروەها ئەرك و چالاکیەکانی دەوڵەت بەشێکی گرنگی سیاسەتن ٠

هەروەکو سیاسەت خۆی لە خەباتی نێوان چینە جۆر بەجۆرەکاندا ئەنوێنێ ئەوا لەدوا شی کردنەوەشدا لەلایەن باری ئابوری ئەو چینانەوە دەست نیشان ئەکرێت، یاخود سیاسەت تەعبیرێکی ڕاست و ڕەوانی ئابورییە ٠ بەپێی گۆڕان و پەرەسەندنی ڕژێمی ئابوری کۆمەڵ دام و دەزگا سیاسی و شێوەکانی پەرە ئەسێنێ و ئەگۆڕێ ٠

بیروباوەڕی سیاسی و دام و دەزگاسیاسی یەکان لەئابوری یەوە بەرپا ئەبن بەڵام سیاسەتیش دەورێکی گرنگی هەیە لەکار کردنە سەر پەرەسەندنی ئابوری ٠

لە ئەنجامی هاتنە سەر حوکمی حزبە سوشیالست و شۆڕشگێرەکان و چەسپاندنی سیاسەتەکەیان لە پێش خستن و گەشە پێ کردنی کۆمەڵدا ئەو وڵاتانە توانیویانە پەرە بەباری ئابوری یان بدەن و لە بارێکی کشت و کاڵی دواکەوتووەوە بەرەو بارێکی پیشەسازی و کشت و-کاڵی پێشکەوتوو هەنگاوی سەرکەوتوانە بنێن ٠

پەیوەندی نیوان چین و نەتەوەکان بەشێکە لەسیاسەتی ناوخۆو پەیوەندی نێوان وڵاتان و نەتەوەکانیش لەجیهاندا بەشێکە لە سیاسەتی دەرەوەو بەردە-وامی و تەواو کەری سیاسەتی ناوخۆیە ٠ سیاسەتی حزبە سوشیالست و شۆڕشگێرەکان بەند نی یە بە خواستی گیانی تاکە کەسان بەڵکو وەستاوە لە سەر بنچینەی پێویستی یە مادی یەکانی کۆمەڵ و زانینی یاساکانی پەرەسەندنی کۆمەڵ و (تسخیر) کردنی لەپێناو خێرو خۆش ئادەمیزادو کۆمەڵدا ٠

وەرگێر : ح ٠ ع

دەوڵەتی تێکڕاگەل

ناوەرۆکی تیۆرەکانی مارکسیزم — لینینیزم بریتیە لە شۆڕشی پرۆلیتاریا، دیکتاتۆریەتەکەی و مەسەلەی شۆڕش بردنە سەر یا واز لێ هێنانی ، بەردەوام بوون لەسەر دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا یا واز لێ هێنانی کۆڕی گیرمەو کێشەی گەرم کردوە لەم سەردەمەدا لە نێوان مارکسیست — لینینیستەکان و ریڤیژنیستەکان چونکە شۆڕشی پرۆلیتاریا لەو کاتەوە دەست پێ ئەکات کە دەسەڵاتی سیاسی ئەگرێتە دەست بە پێچەوانەی بورژوازیەکان شۆڕش کۆتایی پێ دێت لەو کاتەی دەسەڵاتی سیاسی ئەگرێتە دەست ، بێ گومان دەوڵەت مەفهومێکی چینایەتی‌یە ، گورزی خەباتی چینایەتی‌یە چینێك چینێکی تری پێ ئەچەوسێنێتەوە دیکتاتۆریەتی چینێکی تایبەتیە هەرگیز جیاناکرێتەوە لە چینایەتی نە لە سەرووی چینایەتیەوەیە بە بەشێکیشە لە (تێکڕا گەل) و هەر بورژوازیەکان ئەم ڕاستیە لە خەڵك ئەشارنەوە ، وە پەیتا پەیتا ئەڵێن (دەوڵەت هی تێکڕای گەلە !) و ئەڵێن دیکتاتوریەتی پرولیتاریا لە دیموکراسیەوە دوورەو هەر (دەوڵەتی تێکڕای گەلە !) دیموکراسی تیادا هەیە ٠ ریڤیژنیستەکان هەمان باوەڕە لێ ئەدەن و کرێکارانی جیهانی پێ هەڵ ئەخەڵەتێنن ٠

مارکسیزم — لینینیزم باش روونی کردۆتەوە کە دیموکراسی شێوەیەکی دەوڵەتە وە هەر وەك دیکتاتۆریەت مەفهومێکی چینایەتی هەیە هەروەها دیموکراسیش دیموکراسی چینێکە نەك هی تێکڕایی گەل ، جا لە هەر شوێنێکدا دیموکراتی بورژوازی هەبێ دیموکراتی پرۆلیتاریا نیە یا ئەگەر دیموکراسی پرۆلیتاری هەبێ دیموکراتی بورژوازی نیە ٠٠ بوونی یەکێکیان ئەوی تریان ئەسڕێتەوە ٠

پرۆلیتاریا بە ئاشکراو بێ سڵەمینەوە ئامانجی خۆی روون ئەکاتەوە کە داماڵینی چینایەتی و جیاوازیەکانیتی و ئەرکەکانی خۆی بەجێ دێنێ تا ئەگاتە قۆناغی کۆمۆنیزم و دەوڵەت بەرە بەرە بەرەو نەمان ئەبات ٠ بەڵام لە قۆناغی سوشیالیزمدا چینایەتی و خەباتەکانی هەر ئەمێنێ و دیکتاتۆریەتی دروست ئەبێ لە ئەنجامی خەباتی چینایەتیدا ٠ ڕژێمی سوشیالیزم بەرهەمی ڕژێمی سەرمایەداریەو لە ناو جەرگی کۆمەڵی کۆنەوە چەکەرەی دەرکردوە ، بۆیە هەتا ماوەیەکی دوورو درێژ ئەم ڕژێمە شوێنەوارەکانی کۆمەڵی کۆن هەڵئەگرێ وەك ماکی مافەکانی بورژوازیەت — جیاوازی لە نێوان کرێکارو جوتیار ٠

لە نێوان شارو لادێ ، لە نێوان خاوەن بەرهەمی شانوو بازووو خاوەن بەرهەمی مێشکو بیر کردنەوە ٠٠٠ هتد ٠ ئەم جیاوازیانە هەر ئەمێنن وە بە یەك جار ڕەگو ریشەی دەرنایەت چونکە هەتا بازاری ئاڵۆ گۆڕو دابەش کردن هەبێ بەپێی (ڕەنج دان) نەك بەپێی (پێویستی) چەوساندنەوەو جیاوازی چینایەتی هەر ئەمێنن ٠

هەتا جیاوازی بمێنێ لە نێوان خاوەندارایەتی هەموو گەل و خاوەندارایەتی هەرەوەزی جوتیاران کە ئەمە ڕێگا خۆش ئەکات بۆ پێ گەیاندنی جوتیاری دەوڵەمەند ٠

مارکس ئەڵێ : (پاش نەمانی ئەم جیاوازیان و ڕاماڵینی مافە بورژوازیەکان ئەتوانین بەتەواوی بڵێین کۆمەڵی کۆمۆ-نیزمی تەواو چەسپاو کە سەرەتایەکەی (لە هەر یەکە بەپێی توانا بۆ هەر یەکە بەپێی پێویستی یە) بورژوازیە-کان و کۆنەپەرستەکان پاش هێنانە خوارەوەیان لە فەرمانداری بۆ ماوەیەکی زۆر هێزەکانی خۆیان ئەپارێزن و کۆی ئەکەنەوە بۆ ڕۆژی خۆی و لە گەڵێ ڕووەوە توانایان ئەمێنێ چونکە هەزارو یەك پەیوەندیان ماوەو نەپچڕاوە لەگەڵ بورژوازیەتی جیهانی و بەئاسانی ووره بەر نادەن و ئەکەونە تاقی کردنەوەی هێزەکانیان لەگەڵ هێزی پرۆلیتاریادا بە هەموو شێوەیەکی ئاشکراو نهێنی تەقەلا ئەدەن بۆ گێڕاندنەوەی بەهەشتی لەدەست چوویان و لەبەرگی سوشیالیزمیدا خۆیان ئەگەیەننە ناو دەزگا میریەکان و ڕێکخراوەکان ، دەزگا ئابووریەکان و زانستیەکان و

بڕوانە ل ٣

کتێبی هاوکاری

سەرەتایەك لە فەلسەفەو ڕێبازەکانی

دانای یۆنان لەو باوەڕەدایە کە ژیان بەبێ چەرمەسەری و کۆشش و ماندوبون و لێکۆلینەوەو سەرنجدان شایانی ئەوە نیە کە ئادەمیزاد بژیا[١] !! خۆ ئەفەیلەسوفەکانی پێش سوقرات هەر خەریکی لێکدانەوەی گەردون و یاساکانی و چۆنێتی دروست بوونی بوبن ، ئەوا سوقرات فەلسەفەی لە ئاسمانەوە هێنایە خوارەوە بەوەی دەستی بۆ ئادەمیزاد درێژکرد کە ببێتە سەرمەشق لە هەموو باسێکدا یەکەم هەنگاویش ڕەچاو کردنی دروشمەکەی پەرستگای - دیلفی - یە کە ئەڵێ (خۆت بناسە) کاتێ مرۆڤ خۆی ناسی ئەوا ئەتوانی جڵەوی ویست و ئارەزو نەفسی خۆی لەبەر دەستدابێ ٠ چاکەو — فضیلە — و ڕەوشت باشیش لە زانین و تێ گەیشتنەوە هاتوە! خراپەو — رذیلە — ش لە نەزانینەوە[٢] هاتوە — کەواتا زانا دانایە — زانینیش شتێکی گران نیە بەڵکو هەموو کەسێ ئەتوانێ وەدەستی بێنێ وە کاسێك نیە کارێکی ناڕەوا بکات بەمەرجێ زاناو تێ گەیشتو بێ[٣] ٠ خەڵکی تەنها پێویستیان بە زانین و شارەزایی هەیە بۆ ئەوەی باش بن کەواتا (فضائل) و چاکی لە زانینەوە دێت ٠٠٠ وە لەمەوە ئەگەینە دوو ئەنجام :

● **مرۆڤ کاری خێرو چاکە ناکات تاوەکو نەزانێ چاکەو خێر چی‌یە وە هەر ئیشێك کە یەکێك بی کات و نەزانێ خێر چی‌یە ئەو کارە چاك نابێت کەواتا زانین سەرچاوەی هەموو خێرو چاکەو خۆشی‌یەکە ٠**

● **هەموو خراپەو کارێکی ناڕەوا لە ئەنجامی نەزانینەوە هاتوە ، خۆ کە زانیمان خراپە چی‌یە ئەوا لێ دوور ئەکەوینەوە زانینی خێرو چاکەش وامان لێ ئەکات کە بەردەوام بی کەین !!**

ڕێبازی فەلسەفەی سوقرات لەسەر شێوەی دەمە تەقێ و گفتوگۆ بوەو سێ هەنگاوی تێدا بەدی ئەکرێت :—

● خۆناسین کە ئەڵێ (خۆت بناسە)[٤] ، ئەبێ مرۆڤ لە نەفس ودەروون و بونی ناوەوەی خۆیی و مەبەستی دەوران و ئامانجی گەردون بکۆلێتەوە ئەمەش هەروەکو هیگل ئەڵێ هەنگاوێکی ئازایانەیەو ئەیسەلمێنێ کە مرۆڤ لە (ذاتیە)تی بیرەوە ئەگاتە (موضوع)یەت ٠

● گاڵتە پێ کردن و بەدی هێنان و دۆزینەوە : گاڵتە پێ کردنیش سەرەتاکەی بە پرسیارکردن و خۆ بە نەزان و نا شارەزا نیشاندان دەستی پی کردوە[٥] ٠ دانای یۆنان لەگەڵ ئەو کەسانەی ئەکەوتە قسەکردن پرسیاری لێ ئەکردن رایان دەربارەی ئو مەسەلەیە چی‌یە وە واشی خۆ نیشان ئەدا کە خۆی هیچ لەو مەسەلەیە نازانی (سوقرات لەو باوەڕە-دابوە کە نەزانین یەکەم هەنگاوە بۆ زانین واتە کە شتێك نازانین هەوڵ ئەدەین و ئەو نەزانینە پاڵمان پێوە ئەنێ کە هەوڵی زانینی بدەین وەخۆشی تەواو بڕوای وابوە کە تەنها شتێك ئەزانێ ئەویش ئەوەیە کە — هیچ نازانێ —) کاتی وەڵامی قسە کەرەکەی بیستوە کەوتۆتە لێکۆڵینەوەی و سەلماندویەتی کە وانیەو لەدواییشدا وای لە خاوەن وەڵامەکە کردوە قەناعەتی هێناوە بەهەڵە لەو شتە تێ گەیشتوەو نەزانە !! ئەمجار مەسەلەکەی روون ئەکردەوەو ئەنجامەکەی ئەدایە دەست ئەمەش بەدی هێنان و دۆزینەوە ٠ بەم جۆرە سوقرات هەوڵی داوە بەهۆی ڕواڵەتی گۆڕاو (جزئیات) مەبادئێ کە نەگۆڕێ (کلیات) دەست نیشان بکات و بیسەلمێنێ کە ناگۆڕێ — بەمەش ئەوتری ئیندەکشن — ٠

● زگماکی زانین[٦] : سوقرات لەوبڕوایە دایە کە گیان بەر لەوەی بێتە بەر لاشەی ئادەمیزادەوە لە جیهانێکی کەدا ژیاوەو لەوێ هەموو شتێکی زانیوە ، بەڵام بەهۆی تاوان کردن و فرێدانە دەرەوەی لەو جیهانەدا بۆ جیهانی ئادەمیزاد هەموو شتێکی لەبیر چۆتەوەو مندال هەر لەکاتی هاتنەدنیایەوە توانای زانین و فێربوونی هەموو شتێکی هەیە بەڵام پێویستی بە یارمەتی‌دان و پەروەردەو گەورە بون هەیە بۆ ئەوەی بەهۆی ڕواڵەت و (جزئیاتە) وە ئەو شتانەی بێتەوە یاد کەواتا زانین وەبیر هاتنەوەیە !

١ — افلاطون : الجمهوريـة — المقدمة — ترجمة حنا خباز ٠
٢ — الدكتور ابراهيم بيومي مدكـور : دروس في تأريخ الفلسفة ص ٤٨ ٠
٣ — برتراند رسل : تأريخ الفسلفة الغربية ج١ ص١٥٧ ٠
٤ — امام عبدالفتاح امام : المنهج الجدلي عند هيجل ص٦٤
٥ — المعرفة : الدكتور محمد فتحي الشنيطي ص ٧٢ ٠
٦ — امام عبدالفتاح امام : هەمان سەرچاوە ل ٦٦ ٠

ماویەتی

هاوکاری (٣)

پاشماوەی : کونگرە رۆژنامەگەریەکەی سەرۆك ......

ئابوری نیشتمانی رزگار کردنیەتی لە هەموو کۆتوبەندێکی بێگانەو هەوڵدان بۆ گەیشتنە بنکەیەکی ئابوریو زەمینەیەکی سەخت پارێزگاری سەربەخۆی سیاسیش بکات .

لەوەڵامی پرسیارێکی رۆژنامەی ـ التاخی ـ دا دەربارەی ئەوەی پەیمانی کاری نیشتمانی دیاری کردوە کە سەرکردایەتی سوپا تەنیا پەیوەندی بە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە ئەبێت سەرۆك ووتی :

بەرپرسیاری سەرکردایەتی سوپاو ئاراستەکردنی سیاسی ، بەدەست ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە ئەبێت بەتەنیا ، وە لەسوپاو هێزی چەکدارا شێوەی بەرەی یەکگرتو یان هیچ ڕێکخراوێکی حیزبی نیە ڕێکخراوی حیزبی بەعسی عەرەبی سوشیالست نەبێت ، لەوانەیە کەسانی وا هەبن ، سەر بە بزوتنەوەیەکی سیاسی بێت ، لەسوپادا وەك کەسێکی سەربازی وەرئەگیرێ نەك بە سیفەتی حیزبی یان سیاسی و ڕێگا بە هیچ ڕێکخراویك نادرێ حیزبی بەعسی عەرەبی سوشیالست نەبێت ، ڕێکخراو یان جوڵانەوەی سیاسی لە سوپادا هەبێت .

هەروەها سەرۆك دەربارەی مەسەلەی فەلەستینو کەناری عەرەبی دواوەو هەڵوێستی نەتەوەیو بیروباوەڕی عیراقی بەرامبەریان دیاری کردو ووتی :

گورانەکانی ئەم دواییە راستی تەقدیراتی ئێمەی سەلماند کە رەفز کردنەوەی چارە سەری بەئاشتی جێگای خۆیەتی چونکە ڕێگایەکی داخراوە و گرتنی ئەو ڕێگایە زیانێکی گەورە یە لە سەر حسابی ڕێزو مافو سوودی گەلی فەلەستین .

لە دواییدا سەرۆك لەوەڵامی پرسیارێکا دەربارەی باری تەندروستی خۆی لەبەر رووناکی ئەو پروپاگەندانەی لەم دواییەدا بڵاو بوە وە ووتی :

هەرووەك ئەم بینن ، نەخۆش ئەکەوم وەك چۆن نەخۆش ئەکەون ، چاکیش ئەبمەوە ، وەك چاك ئەبنەوە هەردوو دەستم ساغن ، هەرچی لەم بارەیەوە ووتراوە درۆ بوە ، من لەناو براکانما ، گەلی عیراق ، هەڵ ئەسورێم لەگەڵ هاروێ کانما ئیش ئەکەم بۆ سوودی گەلو بەختیار کردنی .

ئینجا سەرۆك سوپاسی رۆژنامە نووسەکان و نوێنەرانی ئاژانسەکانی کردو کونگرەکەش دوو سەعاتی خایاند .

ئ.د.ع

پاشماوەی : دەوڵەتی تیکرا گەل

پەروەردەکان .. هتد .

بەرە بەرە لە سایەو رکێفی عەناسیرە بیروکراسیە تازە پێگەیشتوەکانی کرێکاران دەست ئەگرن بەسەر ئەو دەزگایانەدا وە دەست ئەکەن بە کنە کردن لە ناو رژێمی سوشیالیزمو هەرەس پێهێنانیو هێنانەوەی سەرمایەداری ە بەهەموو شێوەیەك خووڕەوشتی بورژوازیەکان بۆ کرێکاران ئەڕازێننەوەو هەڵوێستی بورژوازیەکان بۆ جیهان ئەخەنە جێگەی هەڵوێستی پرۆلیتاریا .

لە قۆناغی سوشیالیستدا هەمیشە مەترسی بوژاندنەوەی گەرای رژێمی کۆن هەیە بۆیە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی سوشیالستی ئەبێ خەبات هەر بەردەوام بێ بە دوو لادا و لەیەك کاتدا : یەکەمیان دژی بورژوازیەکانی ناوخۆ ، دوەمیان دژی ئیمپریالیزمی جیهانی لە جیهانی دەرەوەو لە هەموو لایەکی سیاسیو ئابوریو ئایدیۆلۆژیو زانستیو فێر کردنو هونەرو ئەدەبدا کە شۆڕشی راستەقینە لێرەوە بەرپا ئەبێت وە لینین پێی ئەڵێت (هەمیشە شۆڕش) . هەر ئەم جۆرە خەباتەیە چارەنووسی کۆمەڵی سوشیالیستی پێوە بەستراوەو هەر ئەم مەسەلەیە مارکسیست ـ لینینیستەکان جیائەکاتەوە لەرێلادەرەکان و هەڵگەڕاوەکان .

لینین ئەڵێ : « دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاری کۆتایی نایە بە خەباتی چینایەتی ، بەڵکو درێژە پێدانە بەشێوەیەکی تر . دژی بورژوازیە لێکەوتووە نەفەوتاوەکان کەوازیان نەهێناوەو هەر سوورن لە بەربەرەکانی » .

رزگاریسەرتاپای پرۆلیتاریای بەستوە بەرزگاری سەرجەم ئادەمیزاد جا بۆیە ئەرکەکانی ئادەمیزاد ، جا بۆیە ئەرکەکانی هاتووە :

یەکەمیان خەباتی ناوخۆ ..
دوەمیان خەباتی دەرەوە .
یەکەمیان .. بریتیە لە نەهێشتنی چینە چەوسێنەرەوەکانو بەو پەڕی گەشەدان بە ئابووری سوشیالیست بەرز کردنەوەی ئاستی هوشیاری کۆمنیستو رامالینی جیاوازیەکانی نێوان خاوەندارایەتی هەموو گەلو خاوەندارایەتی هەرەوەزی ، وە هەروەها لەنێوان کرێکارو جوتیاراندا وە رامالینی مافەکانی بورژوازیەت وە لە یەکدانی رەنجی شانووبازوو لە گەڵ رەنجی مێشكو بیرکردنەوەو ڕێگا خۆش کردن و فراوان کردنی بواری مەرجەکانی کۆمەڵی کۆمۆنیستو سوور بوون لەسەر دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دژی چینە چەوسێنەرەوەکانو کۆنە پەرستەکان . دووەمیان :

بەربەست کردنی پیرانو هێرشە چەکدارەکانی ئیمپریالیزمی جیهانی بۆ سەر وولاتە سوشیالستەکانو سەربەخۆکانو دەستی یارمەتی درێژکردن بۆ شۆڕشی گەلان .

ئیتر لەپێش جێبەجێ کردنی ئەم دوو ئەرکەو پێش چوونە ناو قۆناغی کۆمۆنیستەوە نابێ دەست لە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاو دەوڵەتی پرۆلیتاریا هەڵبگیرێو بکرێت بە (دەوڵەتی تێکرا گەل !) وە ئێستا پرۆلیتاریا لە هەموو وولاتە سوشیالستەکاندا (بەبێ جیاوازی) هێشتا دوورە لە جێبەجێ کردنی ئەو دوو ئەرکەدا بۆیە (دەوڵەتی تێکرا گەل !) وەك ریڤیژنیزمیستەکان ئەیانەوێ لەڕاستیدا دەوڵەتی بورژوازیەت دروستبکەن و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا سەرنگووم کەن بەو ڕێگا خۆشکردنە بۆ گەڕاندنەوەی سەرمایەداریو بۆیە ئیمپریالیستەکانو کۆنەپەرستەکان زیاتر هانی ئەو لەڕێلادەرانە ئەدەنو دەهۆڵیان بۆلێ ئەدەن .

نووسینی : کومانجی

پاشماوەی : ژمارەی پێشوو

پاشماوەی : یادی ٣٣ ساڵەی کۆچی «دڵدار»

وەتەن باخی جینانە
موحتاجی بازوو و شاز ،
هەر کەسێ کۆشش کەرێ
لەم باغە باغەواز ،

خۆ ئەو منالە پەڕگرو خاوێنەی کە گەنجی دوازۆژەو نیشتمان چاوەڕێی بەری رەنجیەتی هەر وای تەڵقین ئەدات کە خۆی نۆ بکاتەوەو بچێتە کۆڕی جەنگی سەختتا لە پێناوی ژیاندا ، ژیانێکی ئازادو سەربەخۆ ، لەمەوەش هەر هیچ نەبێ چاو ببڕێتە هەنگو پەندو عیبرەتی تێکۆشانی بێووچان لەو وەربگرێ :

تێکۆشە دایم هەروەکو هەنگ بە
لە مەیدانی ژین ئامادەی جەنگ بە

زۆر جار روو ئەدات کە پیاو لەگەڵ گۆڕی هەڵمەتی یەکەمیا دەستی لە قولغی ئاواتەکەی گیرنابێو ئەکەوێتە خوارەوە ، بەڵام ئایا ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ کە کابرا دەستەپاچە دابنیشێو لە قاوغەی گۆشەگیریو خنۆکیو خۆبەدەستەوەدان کورژە بکات؟ کێوی ورەی بتاوێتەوەو بەدەم لێشاوی ژێرکەوتنا شۆڕبێتەوە؟ بێ گومان نەء !

بەڵکو بە پێچەوانەوە پیاو نابێ ئەبێ ورەی پۆلاینترو باوەڕو متمانەی بەخۆیی زیاتر بێت ، هەر چەندە لە کاروانی تێکۆشانا بکەوێ ئەبێ سووکتر هەڵسێتەوەو تۆزی کەوتن لە خۆیەوە داوەشێنێو بە گوڕتر سنگ بنێو هەڵمەت ببا :

لە ڕێی سەرکەوتن ئەبێ پێشکەوی
هەتا بکەوی زیاتر سەر کەوی

ئیتر هەزارەها سڵاو بۆ گیانی پاکی دڵداری خەباتکەرو تێکۆشەر کە تەمەنی کورتی هیچ نەدیوی خۆی لە پێناو نەتەوەو وولاتەکەیدا تواندەوەو بوو بە چرای ڕۆشنکەرەوەو سەرمەشقی لاسایی کردنەوەی هەزارەها لاوی تێگەیشتووی دوێنێو ئەمڕۆمان ..

عەزیز گەردی

پاشماوەی : گۆشەیەك لە خەباتی ..

ووچگارد ـ ئینتەرنایشناڵ لیتمید » وە بەڕێ گیراون . ئەم کۆمپانیانە ئۆیا کری بازرگانی هەیە . بەڵام لەراستیدا ئیدارەیەکە (سەرهەنگ ستیرلینگ) جاسووسی ئینگلیزی سازی کردووەو بۆشەری دژی پارتیزانی خەڵك بەکرێ دەگرێ بۆ وڵاتەکانی ئاسیاو ئەفریقایان دەنێرێ .

لە دژی شۆرشگێرەکانی (ظفارو جبل الاخضر) قشونێکی بەکرێگیراوکار دەکا کە زۆربەی ئەفرادی ئەوبلوجن . موخاریجی ساڵانەی ئەو قشونە لە ٢٠ ملیۆن لیرەی استیرلینگ تێدەپەڕێ . هەر سەربازەی مانگی ٤٥ لیرەو هەر ئەفسەرەی مانگی ٢٠٠ لیرەو بەڵکوو زیاتریشی دەدرێتێ . زوربەی ئەفسەرەکان ئینگلیزین .

عمان لەباری مەوداو خەڵکەوە گەورەترین تحت الحمایەی ئینگلستانە لە هەرێمی عەرەبستاندا .

سیاسەتی ئینگلیز لەم ناوچەیە لە کۆنەوە لەسەر بنچینەی بوونی هێزی نیزامیو یەکیەتی دەگەڵ دەرەبەگەکانی ناوچە دامەزراوە .

لە دوورگەی مسیرە پیگەی نیزامی گەورە ساز دەکەنو دەبێتە گەورەترین پێگەی نیزامی ئینگلیز لە رۆژهەڵاتی سوئیز . کار لەو پێگەیە ئەوەندە نهێنیە کە تەنانەت سەرەك وەزیری ئەو سوڵتان نوشینەش کە گویا « هەقی ـ حاکمیەتی هەیە » ئیجازەی نیە بچێتە ئەوێ . ئەمریکاییەکانیش لەکاری ئەو پیگەیەدا بەشداری دەکەن وخەریکن تەعمیرگای ژێر دەریایی ئامادە بکەن . لە دوورگەی مسیرەوە فرۆکەکان دەتوانن رێگای هاتنەدەر لە خلیج چاوەدێری بکەن کە لەوێوە نەوت کێشەکان ساڵی پتر لە ٥٠٠ میلیون تۆن نەوت دەبەنە دەرێ . بەڵام ئێستا گرینگترین کاری فرۆکەکانی ئینگلیزی بومبارانی (ظفارە) .

هەواڵنووسی رۆژنامەی پراودا پاشان دێتە سەرباسی شەڕەکانی ظفارو دەنووسێ :

« لە (مەبروف) دەرکەوتین بەرەو سەروو بۆ لای سەحرا کەوتینە رێ . هەوا زۆر گەرم بوو . دەتگوت بەسەر پڵاوانا دەرۆین . بە ئێمەیان کوت قشوونی رزگاری خوازی نیشتمانی تەواوی (ظفار)ی تەنیوەتەوە ولە هەموو شوێنێك خۆی حاشار داوە . چەند رۆژ بە چیاکاندا گەڕاین بەڵام تەنیا تووشی کاروانی ووشتر دەهاتین کە بارەکانیان برینجو چەكو قۆرخانە بوو . کەوایە ئەم قشونو پارتیزانانە لە کوێن ؟ .

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا احمد الحسنی بزەیەکی هاتی دەستی بەلێوەوە گرت وەك هەڵێ چریکاندی . ئەوجا لە پشت گاشەبەردێك دەنگی چەخماخی تفەنگان هات . پەنجا میتر دوورتر سەروۆزی پارتیزانێك دەرکەوت . وا دیار بوو هێلانەی شێستتیرە .

لە چیاکانی ظفار هوردووگای ئینگلیزەکان نەماوە . مەجبووریان کردوون بچنە روخەکانی دەریا . دەوروبەری شاری سلالە کە مەرکەزی ظفارە . تێلی دڕکداریان بە دەوری سلالەدا کیشاوە . پۆلەکانی قشونی رزگاری بە خومپارەهاویژ نەك هەر لە فرۆکەخانەی ئینگلیزەکان بەڵکو لە کۆشکی سوڵتانیش تەقەی دەکەن .

پارتیزانەکان پێوەندی زەمینی (مسقط) بە تەختی عمانیان لەگەڵ شوێنەکانی تر بڕیوە ، ئینگلیزەکان توانیویانە لە سەرووی کویستانەکان هوردوگایەکی نیزامی بۆخۆیان بپارێزن کە بە هێلیکوپتەر هاتووچوی دەکەن . ئینگلیزەکان هیچ کاتێك لەگەڵ تاقمو دەستەی پچووکی پارتیزانی بێ چەك رووبەروو نابن . هەمیشە بەرەنگاری قشونی ڕێكوپێکی چەکداری گەل دەبن کە لە شەڕدا قاڵ بوونو تۆپو خومپارە هاوێژو چەکی باشیان هەیە . تەنانەت چاپەمەنی ئینگلستانیش ئێستا ناچار بوون ئیعتراف بکەن کە قشونی گەل ڕێگای چیاکانی ظفاری بڕیوە . رۆژبەرۆژ ناوچەی ژێر دەستەڵاتی خۆی هەراوتر دەکا .

پاشان هەواڵدەری پراودا دەنووسی : لە رابەری ٣٦ ساڵەی بەرەی رزگاریم پرسی : « بۆچی لە هەندەران کەم لە جوڵانەوەی ئێوە ئاگادارن ؟ » . لە وەڵامدا گوتی « ئێمە دەبێ لە پێشدا بە خەباتی خۆمان نرخو هێزی خۆمان ئیسپات بکەین خۆمان بە هێزبکەین دەستەڵاتی خۆمان لەوڵاتدا پەرەپێبدەین ئەوکاتە پێ بنێینە مەیدانی جیهانیەوە . ئەم قسانە نیشانەی خۆ بەکەم گرتنو شێلگیری رابەرەکانی بەرەی گەلیان نیشاندەدا کە ئێستا نەك هەر هێزێکی شایانی نیزامیان هەیە بەڵکوو هێزی سیاسیشن .

رابەرایەتی بەرەی نیشتمانی لەناوچە ئازاد کراوەکان قودرەتی خۆی پەرە پێدەدا . لەقشونی رزگاریخوازیدا سەرکردەی نیزامیو کومیسەری سیاسی هەن . ظفار لەباری نیزامی سیاسیەوە بەچوار ناوچە بەشکراوە . ناوچەی رۆژئاوا ، ناوچەی هۆشیمین ، ناوچەی ناوەندی یاخەتیسوور ، ناوچەی رۆژهەڵات .

لە هەریەك لەو ناوچانە کۆمیتەیەك لەسەرکردەکانی نیزامیو کۆمیسەری سیاسیو سەرۆکی پۆلەکانی داوتەڵەبو رابەری جووڵانەوەی ئافرەتان پێکهاتوە . ئەم کۆمیتانە بەمەسەلەکانی سیاسیو ئابوری رادەگەن .

کێشەو ناکۆکی نێوان عەشیرەتو تایفەکان چارەدەکەن لەنێوان خەڵكو قشوونیدا پێوەند رادەگرن .

لە ناوچە ئازادکراوەکان خەڵك بەتوندی حەز لەفێربوونی مارکسیزم ـ لینینیزم دەکەن . هەواڵدەری پراودا دەنووسێ : « من گەلێك جار دەمدی کە پارتیزانەکان نووسراوەکانی لینین بەزمانی عەرەبی دەخوێننەوە .

ئەو کارە لەهەلو مەرجی سیستەمی قەبیلەییو قەومی یائە کۆمەڵی نیوەکۆیلەیی روخی دەریادا چۆن سەری گرتوە . ؟ »

لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا دەنووسێ : « گەشەی خێرای سەنعەتی نەوت لە خلیج بۆتە هۆی پەیدابوونی بنیاتی گەورەی سەرمایەداری . لەکاتێکدا هێشتا نیزامی دەرەبەگایەتی هەیە . جەرەیانی سەرمایەی گەورە هێزێکی گەورەی کرێکاری پێك هێناوە . توێژی سەرووی کارمەندان ، ئەوروپاییو ئەمریکایین . توێژی ناونجی لەخوێندەوارەکانی لوبنانیو ولاتە عەرەبیەکانی تر پێکهاتوە . هێزی خوارەوەو ژێر دەستی کرێکاریش کە نەخوێندەوارو هەژارن خەڵکی ئێرانو یەمەنو عمانو ظفارن » .

لەناو خەڵکی بێبەشو هەژارو زوڵم لێکراو ئەو فیکرە ریشە هاژوی کردوە کە دەبێ نیزامی دەرەبەگایەتی کۆنو ئیستعماری لەناوبەرن . لەسەر بنچینەی ئەم فیکرە هێندێ ڕێکخراوە پێکهاتوون کە خۆیان بەفیکرەکانی مارکسیستی ـ لینینیستی ئامادە دەکەن . خزمەتی ئەوانە لەوەدایە کە لە قسەی شۆڕشگێریەوە گەیشتوونە پێکهێنانی ڕێکخراوی شۆڕشگێر ، لەڕێکخراوی شورشگێرەوە دەستیان کردوە بەکارو خەباتی چەکداریان دەست پێ کردوە . لەهەوەڵەوە ڕێکخراوەکەیان ناوی « بەرەی رزگاریخوازی ظفار بوو » . ساڵی (١٩٦٨) لەهەوەڵین کونفەراسدا ناوەکەیان گۆڕیو کردیانە (بەرەی گەلی رزگاری ناوچە داگیرکراوەکانی خلیجی عەرەبی) . تا بەم جۆرە ئامانجی خۆیان کەبریتییە لەوەدەرنانی ئیستعمار ـ رابگەیێنن .

بەرەی گەلی توانیویەتی نەك هەر لەظفار بەڵکوو لە ناوچە عەرەبیەکانی تری ژێر دەستی ئینگلیزەکانیشدا دەستەڵاتی خۆیان پەرە پێبدەن . بەرەی گەلی لە ناوچە ئازادکراوەکان بە چەشنێکی داهێنەرو خەلاق کاردەکا خەبەری دانانی هەوەڵین مەدرەسە لەناوچە ئازادکراوەکان وەك ئەفسانە دەماو دەم دەگێرنەوە .

منداڵی کۆیلەکان لە(سلالە) منداڵی شەرکەرەکانی قشونی رزگاری شوانەکانو ماسیگرەکان ، بەئاواتن بچنە ئەو مەدرەسەیە . ئەوە هەوەڵین مەدرەسەیە کەناوی نراوە مەدرەسەی لینین .

الحسنی رابەری بەرەی گەلی ، بەمنی گوت ئێمە هێشتا بۆخەڵکەکەی خۆمان کارێکی زۆر کەممان کردوە .

ئێمە خەباتێکی دورو درێژمان لەپێشە لەدژی دوژمنێکی زۆردارو بەهێز .

هەواڵنووسی رۆژنامەی پراودا ریپورتاژەکەی خۆی بەم شانە دەبڕێتەوە : لای ئێمە ماڵ ئاوایی یان کرد ، شەڕکەرەکان کولەقورسەکانیان داداو بۆلای رۆژهەڵات دەچوون ، بۆلای سلالە لەوێ شەڕبوو .

ئامادەکردنی : شنۆیی

پاشماوەی : چیرۆکی ژمارە

ساڵەدا کەبەزۆر فرێ دراونەتە ژیانەوە .. بێ ئەوەی پرس بەخوم بکری کە ئەبێ هەبم یا نەء ..؟ بێ ئەوەی خۆیشم بزانم .. وەکو هەموو ئافرەتێك پشیلەیەك ، پیرێك ، سەگێك .. کە بۆچی ئەبێ هەبم یان چون ..!؟ رەنگە بای سەرزەمینم فرە هەڵمژیبێ یان بەکلاشە چەکە شڕەکانمەوە فرە هەنگاوم نابێ بەشوێن تولەکەو پێشوکو پارویەك نانی جۆدا ..! باوکم نەی ئەزانی کە ئەو کردەوانە قەدەغەیە نابێ بکرێ بەگوێرەی یاسا .. جا ئەبەر ئەوە پیاوەکانی یاسا کاری خویانو یاسایان بەجێ هینا کەباوکمیان پێش خویان داو بردیان ..

ـ کپ بن .. ئەگینا سەدو پەنجا فلسیەك بەقوربانی هەر یەکیکتان ئەکەم ..! دەفتەرە کۆنەکانم .. پەڕەپەڕە هەڵدایەوە .. راپورتەکان .. نوسراوەکان شتی خوشیان تیابو ..

١ ـ برۆن .. ئێمەش بەدڵو گیان لەگەڵتانین ..

٢ ـ چینی رەنجدەرو کرێکار ئەبێ پێشرەوبن ...

٣ ـ گوڵە سیسەکان فرێ دەن .. گوڵی تازەی گەشو سور بخەنە ئینجانەکانەوە ..

٤ ـ نان .. ئاو .. فیشەك .. رانکوچۆغە .. هەموی ئەگات .. کەمتر تەقە بکەن .. چیاکان .. دوڵەکان .. هەموو بگرن فرۆکە هیچ ناکات ..

لاپەڕەیەکی تر .. نوسراوێکی زۆر نایابی تیابو .. « پیاوی یاساو هەژار بەیەکەوە نایان کری .. درك بچێنری لەگەڵ سیانە دەرخواردی بێمیشکەکانی بدەن .. دەفتەر .. پەرتوك .. بسوتێنری ئاگرێکی باش ئەکاتەوەو دوکەڵەکەی مێشوالەکان دوور ئەخاتەوە .. شمشاڵ قەدەغەیە چونکو سەری پاشا ئەهێنیتە ئیش .. » ئەو نوسراوە ئیمزای کابرایەکی سەر زلی پێوەبو .. ئیمزاکەش وەکو جاڵجاڵوکەبو .. بەدزیەوە نامەیەکی باوکمهینرا بۆمان .. .. لەسەر کاغەزیکی زەرد بەخەتیکی سوور نوسیبوی .. « زەلامەکان کەئەو شەوە هینامیان .. هەڵئەپەڕن . گۆرانی ئەڵێن .. بەدەنگێکی ناساز هاوار ئەکەن : تاگۆڕستان زۆر بیت دنیا ئاسودە تر ئەبیت .. کوتەکی زل زل درووست کەن رۆڵەکانم .. هەژارەکانی تریش ئاگادارکەن بائەوانیش مەشکەکانیان پڕکەن .. خۆڵو بەرد بخۆن .. بەڵام .. باخەنجەرەکانیان تیژ تربکەن .. منیش لێرە درکی ناو وورەکە کە تیا بەندم هەر رۆژی چەن وانەیەکی فرێ ئەدەمە دەرەوە .. تاپێی یاساوڵو جەردەکانی پی بتەوزیتەوە » .. خەڵکی دێکەمان کە نوسراوەکەم بۆخوێندنەوە سەریان بۆ لەقاندمو .. بڕیاریاندا .. دەستپی بکەن بەگورانیە بە سۆزو ئاوازە ئاگرینەکانەوە بەرەو پیری بەندیخانەکەی باوکم برون .. دەری بینن و هەموو بەیەکەوە .. بچنەپیری میوانەبەرێزەکەوە ..

ولاتان بناسە

چی ئەزانی دەربارەی خەباتی گەلی

ئەریتریا

پاشماوەی : ژمارە پێشوو

لە گۆڕینی : غازی رەسول

ئەفسەرێکی ئیسرائیلی بەپلەی کولونێل سەرپەرشتی کولیەکە ئەکات مەشق کردنیش لەژێر چاودێری ئەفسەریکی تردا ئەکرێت ماوەی دەورەکەش (٩) نۆ مانگە . تا ئیستا شەش دەورە کراوەتەوە وە (١٥) هەزار سەربازی تیا بەشدار بوە لەمانەش لە ٩٥٪یان حەبەشین کە قەراڵێ بەکری گیراو هیوایەکی زۆری پیانە بۆ پاراستنی حوکمە شلوقەکەی لەبەر دەم بزوتنەوەی چەکدارانەی میللی حەبەشەو ئەرتیریاو سۆمالو سۆماڵی روژئاواو جگە لەدەست درێژی کردنە سەر کۆماری سودانو سۆمال وەپیلان گێران لە خواروی سوداندا .

سەهیونیەکان زۆر بەباشی ئەمانەیان فێری هەموو جۆرە هۆیەکی ئازاردانی جەماهیریان کردون . لەلایەکی تریشەوە هیزەکانی کوماندۆز لەژێر چاوودێری پسپۆرانی ئیسرائیلدا وەبە شێوەیەکی دور لە مرۆڤایەتیەوە دیهاتەکانی ئەو ناوچەیە ئەسوتینن خەڵکی بەکۆمەڵ سەر ئەبرن ، تا ئیستاش چەند جارێك رژێمی فەرمانرەوایی حەبەشەی بەکری گیراو چەند کەسێکی لەهێزی پولیسی ئەریتیریا ناردوتە تەل ئەبیب بۆ مەشق کردن ، وەبەسەروکایەتی بەریوەبەرایەتی (مخابراتی) ئیسرائیل چەند پسپورێك هاتوون بۆ ئەریتیریاو بە هەموو ناوچەکانیدا گەراون وەبەشیوەیەکی نهێنی ، دەوڵەتۆکەی ئیسرائیل مەشقی بە (٢) هەزار ئەفسەرو سەربازی پەرەشوتی حەبەشە کردوەو زانکویەکی سوپایشیان لەشاری (دقی محری) لەنزیك ئەسمەرەوە کردوتەوە بۆ مەشق پێ کردنی جیاواز خوازەکان لە خواروی سودانی برادا وەبو بڵاو کردنەوەی رقەو کینە دژی گەلی عەرەب وە تا ئیستا حەبەشە (١٠) هەزار تفەنگی ئوتوماتیکی لە ئیسرائیلەوە وەرگرتوە وەلەناوچەی (هەرەرە) دابەشی کردوتە سەر سەربازەکانی حەبەشە ئەویش بۆ هێرش بردنە سەر کۆماری سۆمال وە بەرەنگاری کردنی شۆڕشی سۆماڵ لە سۆماڵی روژئاوادا کە ئاڵای شۆڕشەکەی لەلایەن بەرەی رزگاری خوازی سۆماڵی روژئاوا هەڵگیرساوە . ئەو بەرەیەش خەباتی ناوکۆیی خۆی لەگەڵ خەباتی بەرەی رزگاری خوازی (سۆماڵی) ساحیلیو بەرەی رزگاری خوازی ئەریتیریا و بەرەی رزگاری (تشاد) وە موزەمبیقەو ئەنگولا ، یەك ئەخات . حکومەتی حەبەشەی بەکری گیراو رێگای داوە کە ئیسرائیل بنکەی سوپایی لەبەشی رۆژئاوایی ئەرتیریا وەلەنزیك سنوری ئەرتیریاو سودان بکاتەوە دوبارەچەتە ئیسرائیلەکان لەشاری ئەسمرادا مەلبەندێکی سیخوڕیان کردۆتەوە بۆ ئەوەی جاسوسی لەسەر وولاتانی عەرەب بکەن لەم دوایانەشدا تۆڕێکی جاسوسی ئیسرائیل لەکۆماری عەرەبی میسر دوزرایەوە جاسوسەکانیش دانیان بەوە نابو کە راستەوخۆ پەیوەندیان بەمەڵبەندی سیخوڕی شاری ئەسمراوە هەیە ، حکومەتی سودانیش لە ساڵی ١٩٦٣دا تۆڕێکی جاسوسی ئیسرائیلی دوزیەوە کە ئەندامەکانی لەمەڵبەندی سیخوڕی ئیسرائیل لە ئەسمرادا مەشقی تەکنیکی سیخوڕایەتی فێر کراون وەلە مانگی ئابی ١٩٦٧دا پیشمەرگەکانی بەرەی رزگاری خوازی ئەرتیریا سەرۆکی تۆڕێکی جاسوسی ئیسرائیلیان گولەباران کرد دوای ئەوەی لە شاری (مصوع) فراندویانەو چەند ناوێکی ئەندامانی ئەم تۆڕە جاسوسەی ئیسرائیلی پێ بوە وەئەوەی شایانی باس بێ کەشتییە سیخوڕیەکەی ئەمریکاش (لیبرتی) لەپێش جەنگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧ بەرەو قەراغەکانی ئەرتیریا کەوتە جولە جول وەگەورەترین بنکەکانی ئەمریکاش لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا لە ئەرتیریان وەهەموو پێویستێکیان هەیە وەکو ئورگانی بێتەڵو تەلدار وەمانگی دەست کرد . کانی خوشیقەراڵ (هێلاسیلاسی) لەساڵی ١٩٥٣دا پەیمانی دروست کردنی بنکە ئەمریکایەکانی مۆر کرد لەرۆژ هەلاتی ناوەراستی ئەرتیریا وەهەر خوشی داوای کرد کە بنکە ئاسمانیو دەریایەکانی ئەمریکا لەقەراغ ئەرتیریاوە دابمەزرین دوای ئەوەی لە بنکە (ویلس لە لیبیا دەرکران وەبەقسەی خوشی حەبەشەکرا بەمۆڵگایەکی گەورەترین مەلبەندی سیخوڕی ئیمپریالیزمی رۆژ ئاوا مخابراتی ئیسرائیلی وەلەو کیشوەرەدا کەدەورێکی گرنگی گێڕا لە جەنگی حوزەیرانی ١٩٦٧ دا (هێلاسیلاسی) پەیمانی دا بە ئەمریکایەکان کەرەگو ریشەی بیرو باوەری گەلانی ناوچەکە بەزۆری هێزو کینە لەئەسیوپیاو ئەریتیریاو سۆمال لەناو بەرێت .

ـ ماویەتی ـ

پاشماوەی : ئافرەتی چین

بە هیچ جۆرێك .

وە لویز سنۆ ئەڵێ کەوا نەك هەر داوودەرمان ئەدرێ بۆ منال نەبوون ، بەڵکو ئەوانەی دانراون بۆ ریکخستنی مەسەلەی منال نەبوون یارمەتی ئەوژنە وەجاخکوێرەش ئەدەن کە حەز ئەکات منالی ببێ وە ئەڵێ : « چوم بۆ نەخۆشخانەیەکی تایبەتی بۆ چارکردنی سەرەتان ، زۆر بە ترسەوە چوومە ژورەوە ، بەڵام بە هیوایەکی پتەوەوە هاتمە دەرەوە . » وە ئەڵێ ئەوا زوربەی پزیشکەکان لە نەخۆشخانەکاندا ئافرەتنو هەموویان دڵنیان لە چاك بوونەوەی هەموو نەخۆشێك .

ئینجا لویز سنۆی ئەمریکایی بەم جۆرە نوسینەکە کۆتایی پێ دێنی : « ئافرەتانی چین بەشێکی گرنگی هێزی ئیشکەرن ، ئەمەش سەرکەوتویی ئەو شورشە ئەسەلمێنێ کە رزگار کردنی ئافرەت لە کۆتو پێوەندەکانی کرد بە یەکێ لە ئامانجە بەرزەکانی ، بۆ ئەوەی ببنە توانایەکی گەورە بۆ بەرهەم هێنانو بیانخەنە مەیدانی ئیشەوە بە دڵو گیانیانەوە ، بۆ بەشدار بوونیان لە گەشەپێکردنی کۆمەڵدا .

Institut kurde de Paris

هونەرمەند محمد عارف وپێشانگایەکی هونەری

.. لەم ڕۆژانەداهونەرمەندێك بەعەزمی ئەوەی کە تەرمی بارووتو خۆڵەمێشی دەیان ساڵی ژێردەستیو دواکەوتوویی ژێر باری نەخۆشی ونەزانین لەسەر ڕووی ڕەنگو ڕوخساری ژاکاوی سروشتو مرۆڤی نیشتمانەکەی لادات .. بۆ یەکەم جار لە شاری بەغدادا پێشانگایەکی تایبەتی بێ هاوتای نیگارکێشی ئەکاتەوەو دەیان تابلوی پڕناسۆر ویادگاریی نەتەوەیەکی ئاوارەو نیشتمان لێزەوتکراوو بێ بەش لە ساکارترین مافی مرۆڤایەتی، ئەخاتە پێش چاوی بیری جەماهیری پایتەخت .. بەهیوای ئەوەی لێی بگەنو بزانن مرۆڤی ـ کوردیش « مرۆڤە » (!) نەك ـ دێوو درنج ـ :

● قووڵی هەستی تابلوەکانی .. بەتەنها لە فکری خۆیەوە هەڵنەقوڵاون، بەڵکو سەرچاوەکەی جیهانێکی فراوانەو پەیوەندیدارە بەژیانی گەلەکەی مرۆڤایەتیەوە ..

● پیشمەرگەیەك .. ماڵئاوایی .. ئاوارەیەك .. شەهیدێك .. وهتد، ئەمانە بابەتی ناونیشانی تابلوەکانیەتی .. وزیاتر لەوناوانەن کە بینەر بۆ ئەو حەقیقەتە دینامیکییە ئەبەن .. کە نیگارکێش، ئازارێکی تاساوی لە دەروندا جۆش ئەخوات .. ولەهێڵو ڕەنگ زیاتر هیچ کەرەسەو زمانێکی تری بەدەستەوە نەبووە پەنای بباتەبەر، وداوای دەروونی کەیلی پێ دەربڕێت، کە زمانەکەشی بە جیهانی ترین زمانی شارستانیەتی مرۆڤایەتی ئەژمێرێت .. جا بەپێی پێویست ووتو ێژێکمان لەگەل خاوەنی ئەو پیشانگایە کرد .. و چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد .. لەوانە :

● هونەر ئەبێ بۆ زۆربەی زۆری کۆمەڵانی زەحمەت کێش بێت، وپچێتە قووڵایی ناخیانەوەو لێیان تێبگاتو لێی تێبگەن ـ واتە پەیوەندیەکی بەتین لە نێوان تێگەیشتن « مفهوم »ی هونەرو ئەوانا دروست بکات .. نازانین ئێوە پەیڕەوی ڕێبازی ئەم تێگەیشتنە ئەکەن .. تکایە ڕوونی کەنەوە ؟

ـ کاکی برا .. من لە هونەردا پەیڕەوی قوتابخانەی ڕیالیزمی نوێ ئەکەم وجۆرە ئیلتزامێکم بەرامبەر بە بە جەماهیر هەیە، چونکە ئەوان ماموستا و سەرچاوەی بەرهەمی هونەرمەندن .. ولەهەمان کاتدا .. هونەر پێویستی بە « خەلفیە »تێکی ڕۆشنبیری گونجاوی هونەرمەندو کۆمەڵانی خەڵکی هەیە بۆ ئەوەی لە یەك بگەن. وەبەکورتیو بەکوردی لە گەل ئەو تێگەیشتنە ڕێبازەدام کە پرسیتان، چونکە من ئەو کاتە خۆم بە بەختیار ئەزانم کە پەیڕەوی ئەوە بکەم.

● وەکو سەرنجماندا .. تابلوەکانی پیشانگاکەتان .. بەرهەمی چەند قۆناغێکی جیاوازن .. هۆی چیە ؟

ـ بەڵێ ڕاستە بەرهەمەکانم بەرهەمی چەند قۆناغێکی جیاوازن .. هۆکەشی بۆ کزی باری ئابووریم ئەگەڕێتەوە

● بەڕای ئێمە قوتابخانەی فارسی نیگارکێشان کارێکی زۆری کردۆتە سەر بەرهەمەکانتان .. نازانین خۆتان ئەڵێن چی ؟

ـ ڕاستە هونەری نیگارکێشانی فارسی کارێکی زۆری کردۆتە سەر بەرهەمەکانم ئەوەش لەبەر ئەوەی چونکە گەلی ئێران زۆر لەژیانی ڕۆژانەی کوردەواریمانەوە نزیکن، وەهۆکەشی بۆکارتێکردنی زرووفی جوگرافیو مێژوویی ئەگەڕێتەوە .

● ڕاو هەڵوێستتان چیە بەرامبەر بزووتنەوەی ئەم دوایەی هونەر وکردنەوەی زانستگایەکی هونەرە جوانەکان لە کوردستانا ؟

ـ یەکەمیان ئاشکرایە کە بزوتنەوەی هونەریی کوردیمان لەبەر گەلێك هۆی مەوزوعی ـ ئەگەر لە گەڵ هونەری بێگانە بەراورد بکرێت ـ بزوتنەوەیەکی نوێیە .. ودڵخۆشکەر ئەوەیە کە بزوتنەوەیەکی هونەریمان هەیە، ئەگەر لە لایەن لێپرسراوانو دڵسۆزانەوە چاودێری بکرێ، وهونەرمەندەکانیشمان باش لەو دەورە مێژوویەی خۆیان بگەن وڕێزی ئەو ڕێگا هونەرییە دوورو درێژە بگرن کە لەبەریانە .. وهیوانش بۆ ئەوە زۆرە چونکە گەلی کوردمان گەلێکی هونەرمەندو خاوێنەو لەفولکلۆرا ئاشکراو دیارە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا،



پێشکەوتن وبەردەوامی تازەکردنەوە کارێکی پێویستە. دووهەمیشیان .. کردنەوەی دانشگای هونەرەجوانەکان لە کوردستانا لەجێگای خۆیدایەو ئامانجێکی گەورەی ڕۆشنبیرانو دڵسۆزانی کوردە، هەرچەندە ئیستا کەوادری هونەریی ئەوتۆشمان نیە بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا پرۆژەیەکی پێویستو پیرۆزە ئەگەر لایەنگیری بکرێ .. وسوود لەو هونەرمەندانە وەربگیرێت کە لە ناوەوە و دەرەوەی عیراقدا ئەژین، ولە هەمان کاتدا جێگای خۆیەتی ئەگەر سوود لە پسپۆڕو شارەزایانی بێگانە وەرگیرێت، وەئەوەش کاری هەموو هەنگاونانێکی سەرەتایی میللەتانە .. ئەوەندە ئەڵێم ئەگەر تێبینی ئەو شتانە بکرێ بەڕای من، ئەتوانین زانستگای هونەرەجوانەکان نە کوردستانا بکەینەوە. جوانی سروشتو مروڤی نەتەوەکەمان دەورێکی باڵای سەرکەوتنی ئەو کارە مەزنە ئەبینێت .. جگە لەوەی کە سوودێکی زۆر لەو شوێنەوارە مێژوویی‌و هونەرییانەی باو باپیرانمان ئەکرێ بۆ نیگار وپەیکەرو لێکۆڵینەوەی هونەرمەندانو زانایانی فۆلکلۆر .. وە ئەبێتە بناغەیەك لەو بناغانەی هونەری نوێی، لەسەر بنیات ئەنرێ.

● ئەم هونەرمەندە :

لە ساڵی ١٩٣٧دا نە شاری ڕەواندزی کوردستانی عیراق، لە دایك بووە، ولە ١٩٥٦دا قوتابخانەی هونەرە جوانەکانی بەغدای تەواو کردووەو لە ساڵی ١٩٦٧دا پاشی شەش ساڵ خویندن پلەی ماجستێری لە کولیجی هونەرە جوانەکانی مۆسکو وەرگرتووەو ئێستا لە زانستگای هونەرە جوانەکانی بەغدا ماموستایە .

ئامادە کردنی : جمال رشید

لەدوگەی خەوی پڕکاوی شاعیرێك

شێرکۆ بێکەس



١ ـ پەستی

پەستم ..
پەستم وەك کێڵگەیەك، هەور :
زیاد لە جارێ
بەسەر سەریا تێبپەڕێ
تێبپەڕێتو نەبارێ .
پەستم ..
پەستم وەك ئەو قوومەئاوەی لە سەنگەرا
ڕژاو .. نەگەیشتە دەمی،
پێشمەرگەیەك .. شەهید کرا .
پەستم وەکوو سەرچاوەیەك : لیخن کرێ
وەك مەچەکی هۆنراوەیەك،
زنجیر کرێ .
پەستم وەك ئەو پێکەنینەی
کە داگیرکەرم ئەیگرێ
پەستم .. پەستم
وەك سەعات پێنجی ئێوارەی،
بیستو نۆی مانگی نۆ پەستم .

٢ ـ مانگ

دوای گەشتەکەی ئەرمسترونگیش
مانگ هەر یارو دڵخوازمە
ئەمجارەیان : یارێ نییە،
گێلۆکە بێو نەخوێندەوار
ئەمجارە ان : شۆخو شەنگو ڕۆشنبیرە
مانگی نازدار .

٣ ـ لەیەك کاتا

خۆم تینمو خۆشم بریین
دەردم وەك چۆن دەرمانیشم
پێکەنینم .. هەروش .. گریین .

٤ ـ دەنگم

دەنگم : ئەسپێکی گلاوی گردی ڕەشە
پێی لە ئاوزەنگی هاواری،
خۆی جەراوە .
دەنگم گۆمێکی گیراوە
پردی کرێ .. سەدەی ڕەنگ کێشی،
بیستەمی تیا خنکاوە !

٥ ـ چارەنوسم

چارەنووسم : ئەو دۆزەخەی خوێنەدایە
لەو بڵێسەی شەوەدایە :
زیاتر ڕەنگی بوونی ئێستام بسوتێنێ
زیاتر پێستی ئەپڵی ڕۆی
دەهۆڵژەنی پرسەی ئارام بسوتێنێ
چارەنووسم .. چاوەڕوانی، نێزەیەکە :
سەری نووسینم هەڵگرێ
چاوەڕوانی، لافاوێکە
باڵەخانەی سەر شەقامی شاری مردووم
لەگەڵ هاژەی خۆیدا بەرێ

٦ ـ کەلەشێرە بێ پۆپنەکان

لەسەر دیواری بێدەرگای شاری نووستووی،
نیوەڕوانا ..
لە ووڵاتی .. دەمی مێشك، ڕۆژوانا
لە مەزاتخانەی دەسو چاو فرۆشانا
لە پایتەختی .. مردووانا :
کە لەشێرە بێ پۆپنەکان .. ئەقوقێنن
بەسەر پارەی کرکەوتووا ئەقوقێنن
بەسەر چاڵی جەرگی هەزار،
پیرەمێردو پیرێژنا ئەقوقێنن
بەسەر قژی درەختی سەر،
شەقامی پرسەی، ڕنراوا ئەقوقینن
لەبەر ئاوێنەی بێ پشتی،
جیوە مردووی، کرینراوا ئەقوقێنن
بەسەر ـ گارییەنی ـ ئێمەدا
ئەقوقێنن ..

١٩٧١

بێدەنگی تەنها لەسکی دایکا هەیە



دەنگە دەنگ یەکێکە لەونەخۆشی یە ترسناکانەی لەم سەردەمەدا بڵاوبۆتەوە، دنیا ئەوەندە پڕ دەنگەدەنگ بووە، مرۆڤ ئاواتە خوازی ئەوەیە کە بتوانێت چەند سەعاتێك دوور لە دەنگەدەنگ پشوویەك بدات .. بەڵام ئەو ئارامو بێدەنگی یە لەدنیایەکی وەك ئەم دنیا قەرەباڵغو پردەنگەدا! ئەبێ لە کوێدا دەست بکەوێت؟ پسپۆڕو زانا دەروونیێکان ئەڵێن : « ئەوەی بەدوای دنیایەکی بێدەنگدا بگەڕێت دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ناو سکی دایکی !! » ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تەنیا هەر لە سکی دایکدا ئارامو بێدەنگی ماوە .

بۆ چارەسەری ئەم مەسەلەیە فەرەنساویەکان ژوورێکی خریان لە وێنەی توپدا دروست کردوە کە ئەم سەروو ئەو سەرەکەی (٦) پێیە، ئەو ژوورە جێگای (٣) کەسی تیادا دەبێتەوە ئەو کەلوپەلەی لەو ژوورەدایە بریتییە لە سێ کورسیو مێزیكو تەلەفوونێكو کاتێ درگاکەی داخرێت ژوورەکە دەبێتە پارچەیەك لە دیکۆری ناو ماڵەکە .. جێگای تایبەتی ئەو ژوورە لە گۆشەی هۆڵی ناو ماڵدایە نرخی یەکێك لەو ژوورانە ٦٠٠ دۆلارە .

چەند وشەیەك

● ئەوەوە پێشکەوتووی شارستانیەتی مرۆڤایەتی بە زیندووی ڕێز لە هونەرمەندو شاعیرو ئەدیبیان ئەگرن .. بەڵام بە داخەوە لە لای ئێمەی نەتەوەی کورد هەتا ئیستاش بەلامانەوە نەنگیە ئەگەر پاداشتێکی مادی یامەعنەوی .. بەهونەرمەندێك یاشاعیرێك بدرێت .. کەچی کەمردن .. ئەسپی خەیاڵ نە دەوری مەیدانی پەیکەری ئەو زاتانەدا تاو ئەدەین .. وهەزاران ووتەو وشەی بۆن خۆشو بریقەدار بە دەوریانا ئەکەینە تەپو تۆزی ڕۆژی « حەشر » و دەسڕی پەشیمانیو لە دەست چونی مەزنێك ئەگرین بەچاوەوە وکاڵەك بەئەژنۆ ئەشکێنین .. نازانین بۆو هەتاکەی وایین ؟!

● هونەرمەند محمد عارف پیشانگایەکی هونەری خۆی لە بەغدا کردەوەو زۆر هیوادار بو کە کوردەکانی بەغدا، وەبەتایبەتی ڕۆشن بیرو خاوەن هەستەکان، سەرێك لە پیشانگاکەی بدەن، پاش ئەوەی کە دەعوەتی زۆربەشیانی کردبوو .. بەڵام گەلێکیان هەر ئەوەشیان بە بیرا نەهاتبو .. ئەوەندە ئەڵێین کە ئەگەر کەلەشێریش نەبێت ڕۆژ هەر ئەبێتەوە، وهەموو هونەرمەند و ڕۆشن بیرێکی نەتەوەکەمان ئەگەنە ڕادەی ئەوەی کە دەوری خۆیان ببینن‌و هەرچی بەوجۆرە بڕوانیتە ئەدەبو هونەر .. بخرێتە چوار چێوەی مۆزگەخانەی مێژووە وە .

« **ئازاد** »

منداڵو داهێنانی پیشەسازی

ماوەیەك لەمەوبەر لە «ناوچەی داهێنانی پیشەسازی» لە پاریسدا پێشانگایەکی هونەری تازە بۆمنداڵان کرایەوە .. لەو پێشانگایەدا بە پێچەوانەی پێشانگا کۆنەکانەوە شتی وای تێدا پێشاندراوە کە زیاتر لەگەڵ واقیعیەتی منداڵاندا بگونجێت .. لیژنەیەکی دەولی ئەو شتانەیان هەڵبژاردووە کە لەو پیشانگایەدا نیشاندراوە .. لەو شتانەی زۆر دیار بوون ئەو فەرشانەی لەتەختە دروست کرابوون بە بێ ئەوەی بزمارو برغووی تیادا بکار هێنرابێت لەگەڵ کتێبی بەوێنە، کە گەورە ترین وێنەگر وێنەکانیان دروستکردووە، لەگەڵ جێگای کتێب دانانا کە بە پێی پێویستی بەرزو نزم دەکرێتەوە ئەم وێنەیەش بریتییە لە کارتۆنێك بە برغووی پلاستیك بەیەکەوە بەندکراوە .

باران .. یاروویەك فان گۆرانی یەکیش

ئەمجەد شاکەلی

... یەکێك لە زەلامەکان بەدەنگیکی گڕ قیڕاندی .. باوکت لە کوێیە ؟.. کوا پیشانماندە ... بێ ئەوەی هەست بەوە بکەم کە لەگەڵ منێتی سەیرێکی کاتژمێرەکەمم کردوو تۆزێك دەستم بەچاوما هینا .. لە خەونێکی زۆر خۆشدا بوم .. هەموو چاوەڕوانی بارانمان ئەکرد بۆ خەڵەو گیاو .. دومەڵان .. سێ لاشەی ترکەوتبون .. داپۆشرابون .. لەدەریای وونبونابون... چاوم بەتەواوی کردەوە .. خڕەی فیشەكو زرمەی پێی زەلامەکان دڵی بێدەنگیو کپی شەویان هەڵئەدڕی ... سەرێك .. دوچاو .. دودەست ..!.. یاساوڵە دەنگ بڵحەکە دەستی توند گرتم.. هەمەوی تێکدا ..! بە سەگیکی هار ئەچو .. میلی تفەنگ کەوتەوە خڕەخڕ .. بەدوو دەستەوە فیشەکێك هێنرایە بەرکار ..! یەك، دوو حەوت، سیانزە، هەژدە، .. بەڵام بێ چاو.. هەموو کوێربون .. مۆمیاکراو بوون .. کاتژمێر بۆ یەك دەی ئەوێست ..

روبوتەکان زوربون .. لەوە دیوی دیوارەکەیشەوە چەند کوێرێکی تریش وەستابون .. سەردیاربو .. کابرای ناقولا بەدەنگە ناسازەکەیەوە زۆرقایم هاواری کرد .. مناڵەکە هەستاو بێ ئەوەی وورتەیەکی لێوەبێت خۆی کردەوە ژێر لێفەکەیاو توند سەری داپۆشی ..

ـ زوو هەستەو باوکت بانگکە ..

ـ ئەوەیە باوکم .. بەپەنجە ئیشارەتم بۆکرد .. لەوێدا نوستوە ..! وەکو بۆسەر لاك یان ئاخوڕی جۆ تاوبدەن .. هەموو رویان کردە جێگەکەی باوکم ... لەدورەوە دەنگی بژی .. و .. بڕۆخیو .. چەپڵە ڕێزان ئەهات .. ئاهەنگبو .. یاریبو .. بەڵام هێشتا دەهۆڵمان دروست نەکردبو .. گۆشتی گیسك ئەخۆین .. بەخوێنی دڵی مەڕی چارو پەر تیماری دەردەکانمان ئەکەین .. کراس تازە پیرۆزبیت ..!.. لیو سورکردن بۆچی خراپە ؟ پەرداخێك ویسکی .. پەرداخیك ڤودگا..

پەرداخێك دۆ .. ئەینمە سەرەوەو چوڕی نێ ئەبڕم ودەسەکانی توند ئەگرم .. پشتێنەکەی ئەکرێتەوە .. لە درزی .... مەمکەقیتەکان دەرئەکەویت .. زۆر شت دەرئەکەوی .. دەموو چاوو.. هەمویان بەزور بەرەو لای خۆیان بەکیش ئەکەن .. دیارە لەگەڵ هەژارا هەموو کاتی هەر ئەبێ بەچەك قسە بکرێ .. لەباتی کولێرەو دوو توراخ .. گولەو نەخوشو داخ .. بخۆن .. رەنگە ئەمەش بەشێك بیت

لە یاساکان .. ئاسمانی پان زەمینی .. بەڵام دەنگی زەنگی بانگ کردنو ئاهەنگی دانانی یاساکان نەگەیشنونەتە گوێ هیچ هەژارێك لەشاردا .. چونکو کەڕ کراون بەشەقازلەو چەپوکی دانەرانی یاساکان .. زەلامەکانیش .. دارەکان .. بنجکەکان .. بتەکان .. هەر ئەیانەوی ئەو شتە بەخەڵکی بسەلمینن .. ئەیانەویت بڵێن.. ئێمە کاری خۆمان ئەکەین ئێوەش چیتان لەدەس یەت درێغی مەکەن .. رەنگە ئەم قسەیەش هەر بوترێنەوەو سەد بارە بکرێتەوە .. باوکیشم ئەوانەی چاك ئەزانی ..

ـ رەنگە لەماوەی ئەم چل

بروانە ل ٣

ئاگاداری یەك لەتیپی نواندنی سلێمانی یەوە

لە پێناوی گەشەکردنو پێشخستنی هونەری کوردەواریدا وە لەبەر ئەوەی کە ئافرەت نیوەی کۆمەڵەو بێ هاوبەشی ئافرەت ناتوانرێت لەم کۆڕەدا هەنگاوی ڕاستەقینە بنرێت . جا لەبەر ئەوەی کە پێویستمان بە خوشکێکی دڵسۆزە بۆ هاوبەشی کردن لەکۆڕی تەمسیل کردنا داوا لەو خوشکانە ئەکەین کە بەخۆیانا رائەپەرموون پەیوەندی بە تیپی نواندنی سلێمانی یەوە بکەن . وە بۆ ئەم مەبەستەش هەموو مانگێك لە (٧٫٥٠٠) تا (١٠٫ـــ) دینار مانگانەی ئەدرێتێ بە پێی توانا، ئەمە جگە لەوەی کە هەموو بەرهەمێکی تیپ بەشێك لەقازانجی بەرهەم وەر ئەگرێت .

وە بەم مەرجانەی خوارەوە :

١ ـ خوێندەوار بێت .

٢ ـ بەڵێن بدات کە لەبەرهەمەکانی تیادا بە ڕێكوپێکی هاوبەشی بکات

٣ ـ بە نامەیەك داوابکات وە ناوی تەواو و ناونیشانی تیا روون بکاتەوە .